کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٥٧)

# مێژووی زمانی کوردی

نووسینی: زبیر بلال اسماعیل
وەرگێڕانی: یوسف رؤوف علی

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆژشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (١٠٤)

# مێژووی زمانی کوردی

نووسینی: زبیر بلال اسماعیل
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە
یوسف رؤوف علي

بەغدا ―――――――――― ١٩٨٤

ئەم کتێبەی کـــە لەبەر دەست دایـە ، دەربارەی مێژووی زمانی کوردی دەدوێت و هەوڵمان داوە کە بتوانین پێوەندی مێژوویی ئەم زمانە ، بە زمانە ئێرانیەکانی دیکەوە کـە سەر بـە خێزانی هیندۆ ـ ئەوروپایین ، تیا دا نیشان بدەین • جگە لەوەی کە هەولێ ئەوەشمان داوە ، ئەو قۆناغە مێژووییانە دەست نیشان بکەین کە ئەم زمانە و زمانە ئێرانیەکانی دیکە ی پێدا تێپەڕیون •

بە ئەنجام گەیاندنی ئـەم کارە لـــە پێناوی ئەوەدایە کـــە خوێنەرانی خۆشەویست ، هەندێ زانیاری پەیدا بکەن دەربارەی ئەو گەلە هیندۆ ـ ئەوروپاییانەی کە بۆیان لواوە ، ڕۆلێ سیاسیو شارستانی لەو پەڕی ڕۆژ هەڵاتی ( میسۆپۆتامیا ) دا بە گشتی و لە کوردستان دا بـە تایبەتی ببینن • مەبەست لەم گـەلانەش ، میتانی و حووری و حیشی و ماد و پارس و ئەخمینی یە • *

---

* وشەی پارس پارت ، پارسوا ، هـەر سێکیان مانای کـــەنار دەگرێتەوە ، پارتیش ، رەنگە بەو هۆزانە گوترا بێت ، کـە بەشێوەکانی خوارووی رۆژئاوا قسەیان کردبێت : بروانە برهان قانع ـ میدیا ـ چاپی یەکەم ١٩٧٨ ل ١٠٩ وەرگێر

هەموو ئەم گەلانەش ، وەك نەتەوەی کـــورد ، هیندۆ ـ ئەوروپایین و لە ڕووداوە کۆنەکاندا ، دەستی بالآیان هەبووە لە ڕەگەزو زمان دا ، سەر بە خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپایین •

ڕیشەی ئەم گەلانەش ، لە ڕووی ئایینەوە ، هـەر بۆ یـەك ڕەگەز دەگەڕێتەوە • بـۆ نموونە : ئاینی زەردەشتی ، کـە لـە میدیاوە ، بەرەو ئێرانی ڕۆژهەلاتی و هـەندێك جێی دی بـلاو بووەوە ، لە ئاینی کۆنی موزدی ئاری‌یەوە دروست بووە • ئەم ئاینەش لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ئاینی حووری و کاشی‌دا یـەك دەگرنەوە • ئەم نەتەوانەش ، هەر هەمان خوایان پەرستووە ، کە هیندیەکان و شوێن کەوتووانی ئاینی موزدی پەرستوویانە ، ئەو ئاینەی کە لە ئاینی زەردەشتی دا دەنگی دایەوە بـە ئاینی بـاو باپیرانی کورد واتە مادەکان ـ دەژمێردرێت •

بەهۆی ئەم زانیاریانەوە ، دەتوانین لەو مەڵبەندە مێژوویی و شارستانێتی یە بگەین کە کوردو گەلانی دیکـەی تێدا ژیاوە • هەڵبەت ئەویش لەڕووی هاو ڕەگەزی و هاو زمانی و چۆنێتی گـوزەران کردنیانە لەگـەڵ یەکتریدا و لـە تەنیـا ناوچەیەکی جوگرافیایدایە •

گەر هاتوو ئێمە لـە ڕووی ڕێزمانەوە لـە زمانی‌کـوردی بکۆڵینەوە و بەدوا پێوەندی مێژوویی نێوان ئـەم زمانە و ئـەو زمانی ئاڤێستایە دا کـە هەندێك بـە زمانی مادەکانی دا دەنێن ،

بگەڕێین ، ئەمە کارێکە لە باسەکەمان دوور دەخاتەوە • خۆ ئەگەر گتێبی پیرۆزی زەردەشتیش کــە مێژووەکەی ، بـۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە ، بکەین بــە بناغەیەك بـۆ نووسینەوەی بنچینە گشتیە کانی زمانی کوردی ، بەو پێیەی کە ئاڤێستا ، کۆنترین نموونەی نووسراوی زمانە ئێرانیەکانی سەر بەهیندۆ ـ ئەوروپایی بێت و زمالی ( ئەدەبی ) لێ دروســت بکەین ، دیسانەوە هەر لە باسەکە دوور دەکەوینەوە • کەوا بێت بۆ پێك هێنان ودامەزراندنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد ، پێویستە لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی زمــانی کــوردی بکرێت و بەدوای کۆنترین و دوورترین ڕەگەزیدا ، بە خۆی و هەموو لق و شێوە زیندوو ، مــردووەکانیەوە بگەڕێین ، جگە لــەوەی کە دەبێت بەراوردێك لە نێوان زمانی دایك و شێوە زیندووەکانیدا بکرێت ، لە پێناوی زانینی بناغە گشتی و تایبەتیە دیارەکانی ئەم زمانە کە لە یەك چوار چێوەدا کۆیان دەکاتەوە و بە (زمانێکی)سەر بەخۆی نــاو دەبەین • ســەرەڕای لێکۆلینەوەش لــە تایبەتیە ڕێزمانیەکانی ئــەم زمانە کــە بــە کارێکی گــرنگ دادەنرێتو شوێنێکی تایبەتی بۆ زمانەکە دیــاری دەکات ، لــە نێوان ئــەو زمانانەی سەر بە هیندۆ ـ ئەوروپایین و دەبێتە مایەی پاراستن و فراوان بوونی زمانەکە ، هەر وەکو هەموو زمانەکانی دیکە •[١]

(١) بڕوانە گۆڤاری کــۆڕی زانیاری کــورد ، ژمــارە ( ١) سالی ١٩٧٣ ، ل ٢٠٥ ـ ٢٠٧

ئێمە لەم باسە بچووکەدا نامانەوێت بەرەنگاری ئەو ئەرکە دژوارە ببینەوە ، کە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی یەلە دەنگ و دەستور و ئەلف و بێی کۆنی • هەروەها سەرەتاش بۆ پێك هێنانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد و دانانی زمانی ئاڤێستا بە بناغەیەك بۆ ئەم زمانە ، هەڵبەت ئەمە تەنیا کاری زمانناسە کوردەکانە • چونکە ئەم باسە تەنیا هەوڵدانێکە بۆ زانینی هەندێك بار و دۆخی مێژوویی کورد و لێکۆڵینەوەی گرنگترین نووسراوی دەسکەوتووە تا ئێستا • کە پێوەندی بە زمانی کوردی یان یەکێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنیەوە هەیە •

واتە کە ئێمە ئاڤێستا مان بە بناغەیەك بۆ زمانی ( ئەدەبی ) دانا ، بەپێو یستمان زانی کە لە ئاینی زەردەشتی بدوێین کۆنیدا ، لە زانینی بنچینەی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کۆنیدا ، یارمەتی دەرمان بێت •

رۆڵەی لە بواری هەر بەرهەمێك ئەدەبی •• زانستی ••• تد بە خۆمان - بە یەکەم هەنگاو دەزانین ، دەشێت بێتە پێشەکیەك

بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تر لە زمانی کوردی لە پێناوی دامەزراندن و پێك هێنانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد دا •

زبیر بلال اسماعیل

له ڕاستیدا ، وەرگێڕان ، بە جۆرێك لە هونەرەكانی نووسین دەژمێردرێتو ، ئەگەرچی بەرهەمێكی گوازراوەیە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی دی ، بەڵام تام و بۆی تایبەتی خۆیی هەیە و ئەو ڕۆڵەی لەبواری خزمەت كردندا دەیبینێت ، فەرامۆش ناكریت

وەرگێڕانی هەر بەرهەمێك ئەدەبی .. زانستی ... تد بە كارێكی كەمێك سەختو دژوار دەژمێردرێت و بە ئاسانی بۆ وەرگێڕ نایەتە بەرهەم ، چونكە وەك هەر جۆرە نووسینێكی دی هەل و مەرجی تایبەتی خۆیی هەیە و پێویستی بە وردی و شارەزایی زمان ناسیدەكات ، هەتا ئەو بەرهەمە بەپێی خواست و ئارەزووی چ نووسەر و چ خوێندەواران بە ئەنجام بگەیەنرێت . هەرچەندە ئەو بابەتەی كە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی دی وەردەگێڕێت ، وەك كەرەسەیەك لە بەردەست دایە و مەودای دەستكاری كردنی بابەتە ئەسڵیەكە بۆ وەرگێڕ نیە ، بەڵام ئەركێكی دی بۆ وەرگێڕ دێتە پێشی كە تا ڕادەیەك سەبارەت بە زمانی دووهەم گرنگترە ، هەڵبەت ئەویش داڕشتنی هەمان بیر و ناوەڕۆكی زمانی یەكەمە ( واتە زمانی نووسینی بابەتە ئەسڵیەكە ) لە زمانی دووهەم دا كە دەبێت

ئاگاداری(تایبەت وبنچینە و لایەنە وردەکان و چۆنێتی بەکارهێنانی ووشە و زاراو موفرەداتی ) زمانە کە بکرێت لـە پێناوی بـەدی هێنانی ئەنجامی مەبەست داو بۆ گواستنەوەی ئەو ئەمانەتە بـە شێوەیەکی راست و دروست • لێرەدا مەبەست لە تایبەتی زمانێکی دیاری کراویش ( وەك زمانی کوردی ) دیارە تایبەتی فۆنەتیکی و ڕێزمانی و هەموو ئەو لایەنانەیە کە سەر بە زمانەکەن •

بەکورتی دەڵێین ، مەرامی ئێمە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا تەنیا پتر کردنی سەرچاوەیەکی کوردی یە بۆ مێژووی زمانەکەمان و خزمەتێکی بچووکە بۆ ئەم زمانە ، کە تازە پێی ناوەتە قۆناغی گەشە کردنیەوە و بەرە و پێشەوە هەنگاو هەڵدێنیت •

دەمـەوێت ئـەوە بڵێم کـە بەرهەمی نووسـەر ، ناسنامە و پێناسەی ئاستی خاوەنەکەی نیشان دەدات وئەو خاوەن بەرهەمەش، لە توانای خۆیدا نیە کە حوکمی و خراپی بە سەر کارەکەیـدا بدات ، بەڵکو ئەو مافـە بەرە و ڕووی خوێندەواران دەکاتەوە و لە سەنگی مەحەکی رەخنەی ڕاستەقینە دا ، لایەنی چاکـە و زیان و ڕادەی کەڵك بەخشین یان ناتەواوی بەدەرە ، نەء چونکـە سەرتای هەموو کارێك هەر بەم جۆرە دەست پێدەکات و لـە ئەنجامی بەردەوام بوون و قاڵ بوون دا ، ئەو جا نووسەر ووردە وردە خۆی لە هەڵە و ناتەواوی رزگار دەکات •

زۆر جار دێتە سەر وەرگێڕان ، یەکسەر ووتە بە نرخەکەی ــ

ماموٚستا ڕەسولی حەمزەتۆف ـ دێتەوە یادم کە دەڵێت : ( شتی ترجمـە کراو وەك گولی ئـەو دیوی فەرش وایـە ) • ڕەنگـە ماموستای ناوبراو لێرەدا ڕایەکی گشتی مەبەست بێت ، بەرامبەر بە هەموو جۆرە وەرگێراوێك و لە هەموو بوار و دەرفەتێك دا نەك تەنیا مەبەستی لە سەرەتا و یەکەم هەوڵ و هەنگاوی هەموو نووسەرێك بێت کە تازە دەستیان خامەی گرتبێت • بۆیە مرۆڤ لەم کاتانەدا خۆی بە ڕەنج بە خەسار دانانێت ئەگەر کارەکەی هەندێك ناتەواوی تێدا هەبێت •

لـە ڕاستیدا ئـەم کتێبە کـەلکی تایبەتی خۆیی هـەیە و کەلێنێکی بچووك لە زمانەکـــەمان دا پڕدەکاتەوە وا نموونـەی هەوڵ و ڕەنجی ماموٚستا ( زبیر )ەو وەك کەرەسەیەکی سەرەکیش بەڵام دەبوایە ماموٚستای دانەر هەندێك لایەن و وشەی ئاڵۆزی تێدا کـــە هێشتا تـەم و مژی هەر بەسەرەوە ماوە و تا ئێستاش لـە ڕووی مێژووییەوە هـەر مایەی گفت و گـۆ و وت و وێـژی زماناس و ڕۆژهەڵات ناسانە •

هەرچەندە ئەم کتێبە بـە بەرهەمێکی بایەخـدار دەژمێردرێت ، بەڵام دەبوایە ماموٚستای دانەر هەندێك لایەن و وشەی ئاڵۆزی تێدا ڕوون بکردایەوە کە لە کتێبەکەدا هەن و سەر چاوەیەکی ئەوتۆش لە بەردەست دا نەبوو ـ کە جێی داخە ـ تا ئەو ئەرکە بگرمـە

ئەستۆ ، کە ڕەنگە ئەمە بووبێتە مایەی لاوازی ئەو لایەنانە و تێنەگەیشتنی .

لە کۆتاییدا ، ئومێدەوارم کە ئەم ڕەنج و کۆششەمان بە فیڕۆ نەچووبێت و چ دانانی کتێبەکە و چ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی بە خزمەتێکی بچووکی زمانەکەمان دابنرێت لە پێناوی گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونیدا .

وەرگێڕ .

١٩٧٨/٣/١٨

## خێزانە زمانەکان

زماناسـان ، زمانەکانی جیهانیان بە سـەر چـەند خێزانە زمانێکەوە دابەش کـردووە • ئەم زمانانەش چـەند سیفەتێکی هاوبەشی وەك ڕەگەز و بنچینە ، ڕێزمان ، ڕێبازی پێشکەوتن بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە •

گرنگترین ئەم خێزانە زمانانەش ئەمانەن :

یەکەم

### خێزانی هیندۆ ـ ئەوروپایی •

ئەم خێزانە لە کۆمەڵێکی گەورە پێك دێت لەو زمانانەی لە ڕەگـەزو بنچینەدا نزیکن و ئـەو گەلانەی کـە بـەم زمانانە دەدوێن ، دەکـەونە ناوەڕاستی ئاسیا هـەتا ئەوپەڕی کـەناری ڕۆژئاوای ئەوروپاوە •

ئەم خێزانەش دەبێت بە دوو کۆمەڵی گەورەوە :

١ ـ کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ، کە بە هیندۆ ـ ئاری ناسراوە و زمانی میتانی و سانسکریتی و ماد و ئەخمینی ( فارسی کۆن ) دەگرێتەوە • لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵە ، پێوەندی ڕاستە و خۆی بە زمانی کوردی یەوە هەیە ، بە پێویستی دەزانین کە لە دواییدا بە درێژی لە سەری بدوێین •

٢ ـ کۆمەڵی ڕۆژ ئاوایی : هەندێ جاریش ئەم کۆمەڵە بە زمانانی ( کانتۆم ) نـاو دەبرێت و زمانەکانی تـری نەتەوەکانی ئاسیا دەگرێتەوە کە سەر بە خێزانە زمانانی هیندۆ ـ ئەوروپایین• جگە لەمەش ، ئەم کۆمەڵە ، زمانە ئەوروپاییەکان جگەلە فنلندی و مجری و باسکی ، دەگرێتەوە •

أ ـ زمانە جەرمەنیەکان [ ئەڵەمانی ـ ئینگلیزی ـ داایمارکی ـ فلیمـەنکی ( زمـانی بەلجیکـا ) هۆلـەندی ، زمـانە ئەسکەندنافیەکان

ب ـ زمانە سلاڤیەکان [ رووسی ، پۆلەندی ، چیکی ، سلۆڤاکی- یۆگۆسلاڤی •• ] •

ج ـ زمانە لا تینیەکان یان ڕۆمانیەکان [ ئیتالی ، فەرەنسی ئیسپانی ـ پۆرتوگالی ] •

د ـ زمانی یۆنانی :

ئەمیش وەك زمانی ئەرمەنی و ئەلبانی ، شێوەیەکی سـەر بەخۆیە لە زمانە هیندۆ ـ ئەوروپاییەکان •(٢)

هـ ـ زماانی کەڵتی ، گرنگترینیان زمانی ئێرلەندییە •

دووهـەم

---

(٢) دەفتەری کوردەواری ، ژمارە ٣ ، ساڵی ١٩٧٠ وتـاری د • پاکیزە رفیق حلمی لە ل ١٠٤ بەدواوە •

دووهەم

## خێزانی سـامی

ئەم خێزانە ، زمانی ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە کە لە وڵاتی میسۆپۆتامیا و دوورگـەی عـەرەبی و ژووررووی ئەفەریقـادا دانیشتوون • زانایان ، زاراوی ( سامی )یان لە ناوی ( سـام کوڕی نوح ) ـ ەوە وەرگرتووە ، کەلە ( تەورات ) یش‌دا هەر ئەو نەتەوانە دراونەتە پاڵ ئەم ناوە کە بەم زمانە دواون • ئـەم زاراوی ( سامی ) یـەش تەنیا لایـەنی زماننناسی و ڕۆشنبیری دەگرێتـەوە و مانای سـیفەتە مـرۆڤایەتی و ڕەگـەزایەتیەکان نابەخشێت •

ئەم خێزانەش لەم کۆمەڵ و زمانانە پێك دێت •

١ ـ کۆمەڵە باشووریەکان : گرنگترینیان : عەرەبی کۆنی خوارووی و شێوە دێرینە لە ێوچووەکانیەتی وەك ( سبأی ، حمیری ، قتبانی ، ثمودی ) ، عەرەبی نوێی باکوور و هەروەها زمانی حبشی •

(٢) ـ کۆمەڵە باکووریەکان : بریتی یـە لـە ئارامی کـۆن و سریانی وزمانی ( صابئە ) •

٣ ـ کۆمەڵێ ڕۆژئاوایی یان ( کنعانی ) کە بریتی‌یە لـــە فینیقی و عیبری •

٤ ـ کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی : بریتی‌یە لە ئەکەدی ، بابلی ، ئاشووری •

سێهەم

خێزانی ئۆراڵی کە لە دوو کۆمەڵ پێك دێت •

١ ـ ئۆراڵی : کە زمانی فنلندی و ئەستۆنی و مەجەڕی دەگرێتەوە •

٢ ـ ئەڵتیکی : کە زمانی تورکی ، مەگۆلی ، تەنوکوسی و مەنانشۆ دەگرێتەوە •

چوارهەم

خێزانی چینی تیبتی •

ئەمیش زمانی چینی و تایلەندی و بورمایی و تیبتی دەگرێتەوە •

دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین ، کە چەند زمانێکی دیکەهەن و گەلە دوا کەوتووەکانی ئەفەریقا و ئوسترالیا پێیان دەدوێن کە تائێستا ، نە بەتەواوی لێیان کۆڵراوەتەوە و نە دابەشیش کراون(٣) •

---

(٣) ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٣٦ سالی ١٩٧٤ ، وتاری د پاکیزە رفیق حلمی [ کوردەکانی ئەمرۆکێن ؟ ] •

دێینەوە سەر باسی (کۆمەڵێ ڕۆژ هەڵاتی لە خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپایی ، کـە زمانی نوێی کـوردی ، سەر بـەم خێزانەیە ئەم کۆمەڵەش بە زمانە ئێرانیەکان ناو دەبرێت کـە لـە ( ئاریان ) یا ( ئاری یەکان ) ەوە هاتووە ، ئەمانەش لە ( بان )ە(*)

ئێرانیەکان و ڕۆژ هەڵاتی هیندستانەوە تا دەگاتە وڵاتی میسۆپۆتامیا دانیشتەجێ بوون •

وە بەپێی ئەوەی لە ـ ئاڤێستا ـ کتێبی پیرۆزی زەردەشتی دا باس کراوە ، دانیشتوانی ئەم ناوچانە ، ناوی خـۆیان بەسەر شوێنی نیشتەجێ بوونیاندا ، دابڕیوە و بووە بە ( ئاریانافیجا ) . یان بە ( ئاریا ڤارتا ) وەك لە ( رەك ڤیدا )ی کتێبی پیرۆزی هیندەئاری یەکان دا هاتووە • هەڵبەت ئەم وشەی ( ئێران )ە تازەیەش هەر لەم زاراوەوە پەیدا بووە •

ئەم زمانە ئێرانیانەش لە دوو کۆمەڵ پێك دێن •

١ ـ کۆمەڵی هیندی : کە لە زمانی (بنجابی ، کۆجراتی ، بەهاری ، بەنگالی ، هیندی رۆژ ئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ، باراکراتی و راجاسانی ) پێك دێت •

٢ ـ کۆمەڵێ ئێرانی : کە لە زمانی ( فارسی کۆن و نوێ ، کوردی ئەفغانی ، بلووجی ، شێوەکانی ناوچەی پامیر ، ئۆزەتی

---

* بان = هضبه ـ وەرگێڕ

osseti له ناوچەی قەفقاسی ڕۆژئاوا و هەندێکی دی ...)
پێك دێت .[٤] .

له لایەکی دیکەوه ، دەتوانین ئەو زمانه ئێرانیانەی کە دانیشتووانی بانە ئێرانیەکان پێی دواون ، بکەین بە دوو بەشەوە :

١ ـ کۆمەڵی ژووروی ڕۆژئاوا : کۆنترین وێنەی ئەم کۆمەڵە ، زمانی یان ماد یان زمانی کتێبی پیرۆزی زەردەشتی ( ئاڤێستا )یه . وه زمانی نوێی کوردیش بە زیندووترین وێنەی دەژمێردرێت .

٢ ـ کۆمەڵی خوارووی ڕۆژئاوا :

ئەو نووسینە بزماریانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هەخامەنشیەکان لە هەرێمی فارس دا کۆنترین نموونە دەژمێردێت کە تا ئێستا بە دەستمان گەیشتبێت[٥] .)

---

(٤) دەفتەری کوردەواری ، ژمارە ٣ ، ل ١٠٥

(٥) ڕۆژشنبیری نوێ ، ژمارە ٣٦ ، ل ١٧ .

# زمانی کوردی

هەر وەك بۆمان روون بووەوە ، زمانی کوردی ، یەکێکە لە زمانە ئێرانیەکان و سەر بە لقی ژووروری ڕۆژئاوایە ، هەرچەندە ئەم زمانەش لـــە ڕووی ڕەگـەزەوە ، لەگـەڵ زمانـــەکانی دیکەدا سەر بەخێزانی هێندۆ - ئاری‌یە ، بەلاّم دراوەتە پاڵ ئەو زمانەی کە - ماد - ەکان پێ‌ی دواون و لە سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش زایین دا لە ناوچەی گۆمی ورمێ دا ژیاون •

(بە ڕای زۆربەی لێکۆلەران ، کوردەکان بە پاشماوەی مادەکان دادەنرێن • مادەکانیش لـە نیوەی دووهـەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین دا ، توانیان دەست بە سەر نـاو چەیەکی گـەورەو فـراوان دا بگرن و دەسـەلاّت بەسەر ئێران و بەشی ژووروری عێراق و چەند بەشێك لە ئاسیای ناوەڕاست دا هەتا دەگاتە ڕووباری ( خالص - قزل أرمق ) ەوە پەیدا بکەن • هەر بەهۆی ئەو دار دەستە(*) سیاسی یەشەوە توانیان زمان و ئاینی خۆیان بەسەر دانیشتووانی کۆنی چیای زاگرۆس دا بسەپێنن)

( لێرەدا پێویستە بزانین ئەو مادانەی کـــە بـە باو و باپیرانی کوردەکانی ئەمرۆ دەژمێردرێن ، کێن ؟ ) •

---

* داروودەستە = نفوذ وەرگێر

(له تێکستەکانی(*) شاهی ئاشووری ، شەلمناسری سێهەم دا ( ٨٥٩ ـ ٨٢٨ پ • ز ) ، بۆ یەکەم جار ناوی ئێرانیەکان هاتووە، ئەوەش لە کاتێکدا کە بەرەنگاری ئەو هەڵمەتە ئاشووری یـە بوون کـە لە ساڵی ٨٤٤ی پێش زانیین دا ، هێناویانەتە سـەر ناوچەی چیای زاگرۆس • هەروەها لە هەمان هەڵمەتیش دا ، ئاشووری یەکان نـاوی فارسەکالیان بردووە و داویانەتە پـاڵ پایتەختەکەیان کە ( پرسوا ) یان ( فرسوا ) بووە[٦] •)

دوای ئەوەش ، ئاشووری یەکان لە ساڵی ( ٨٣٦ پ • ز ) پەلاماری وڵاتی میدیا ـ یان داوە و ناوی مادەکانیان بە ( مادی Madai ) بردووە و تەنانـەت شوێنە جوگـرافیاییەکانی فارسەکانیشیان دەست نیشان کردووە و دەڵێن ( وڵاتی فارسەکان دەکەوێتە رۆژئاوا و خوارووی رۆژ ئاوای گۆمی ورمێ وە ) • ئەوجا دەڵێن : ( وڵاتی مادەکانیش دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ورمێ وە ) ، کە ئەو ناوچانەی دەور و بەری هەمەدانی ئێستـا دەگرێتەوە •

ڕەنگە ئەم هۆزانەش کە لە سەدەی نۆهەمی پێش زایینەوە لەو ناوچانە دا نیشتەجێ بوون ، لە چەند جێیەکی دووری وەك

---

* تێکست = نص

(٦) پرسوا : مەنزڵگای کاتی فارسەکانە و دەکەوێتە نزیك گۆمی ورمێ ـ وە، پرۆفیسۆر کامرون ـ دەڵێت [ئەم شوێنە دەکەوێتە رۆژئاوای ورمێ ـ وە ] • ئەمەش یەکەم شوێنە کە فارسەکان تیایدا دانیشتوون لە کاتێك دا کە ڕێی ( فرسوماش ) دەوە بوون و لەوێوە بۆ فارسا ـ هەرێمی فارس ـ ڕۆشتوون •

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەشـەوە هاتبن • ( هرتسفیلد ) دەڵێت : [ هۆزە ئێرانیەکان لە سەردەمی شەلمناسری سێهەمدا ، نە شارستانی بوون و نە لە جێیەکی دیاری کراویشـدا جێگیر بوون ، بەڵکو هەموو نێوان دەربەندی قەزوینەوە هاتوون • وە فارسەکانیش ڕووە و نزماییەکانی دەور و بەری کرماشان ، بەرەو خوار بوونەتەوە و دوا بە دوای ئەوانیش مادەکان هاتوون و لە هەمەدان دا جێگیر بوون ] جگە لەم هۆزانەش ، کۆمەڵێکی دی بـە ناوی ( زکـرتۆ ) و ـ هاتوون و لە ڕۆژهـەڵاتی ئێران دا نیشتەجێ بوون • لـە دواییشدا ( پارسەکان ) هاتوون و لـە خوارووی دەریای قەزوین دا دانیشتوون[٧] •

مادەکان لە نەتەوە هیندۆ ـ ئەوروپاییەکان بوون و لەو وڵاتانەدا کە تیاداجێگیر بوون ، چەند میرنشینێکی بچووکیان دامەزراندووە • ئەم میرنشینانەش ، لە لایەن پاشا ئاشووری ـ یەکانەوە هـەر لەشەلمناسری سێهەمەوە تا دەگاتە سـەجوونی دووهەم ، جار و بار هێرشیان دەکرایە سەر بێ ئەوەی بتوانن بە تەواوی بە سەریاندا زاڵ بین • بەڵام کە ( خشاترتیا ) هات[٨] ، توانی هۆزە مادەکان یەکنجات و دەوڵەتی یەکگرتووی میدیا دابمەزرێنێت •

---

(٧) گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژمارە ٧ ساڵی ٩٧٢ ل ٢٠ وتاری دانەری ئەم کتێبە بە ناوی ( مادەکانەوە )

(٨) دیوکو : کە ناوی لە بەڵگە نامە ئاشووریەکاندا هاتووە ، بە یەکـەم میری ناسـراوی مادەکان دەژمێردرێت و دوای ئـەم ( خشاترىتا ) و سێهەم میرلیشیان ( کی أخسار ) بووە •

له سەردەمی ( سیاکسرلیس ، کەیئەخسار - کەیخوسرەو ) له ( ٦٢٥ - ٥٩٣ )ی پێش زایین‌دا ، توانی ئەو میرنشینه مادانەی کە بۆماوەیەك لـــە ژێر دەستی ( ئەسکیشی ) دا[٩] بوون ، سەر له نوێ یەکبخاتەوە و مادەکانیش ، توانیان خۆیان و لـــە ساڵی ( ٦١٢ پ ٠ ز )دا بەیارمەتی کلدانیەکان پاتەختەکەیان کە ( نینوی ) بوو ، بگرن ٠ هەروەها ( کەیئە خسار )یش تـوانی دەست بەسەر ئەرمینیا و ئێرانی ڕۆژهەڵات دا بگرێت[١٠] ٠ بەم شێوەیە میدیا بوو بە دەوڵەتێکی بە هێزوپتە و ، وە دەسەڵاتدارێتی کەیخوسرە و گەیشتە ناو جەرگەی ئاسیای ناوەڕاست ٠وەپاش ئەوەی بەگژ پاشای ( لیدیا )[١١] دا چوو لە ( ٥٩٠ - ٥٨٥ پ ٠ ز )دا ، سـنووری دەوڵەتی میدیا لـــە ڕۆژئاواوە گەیشتە ئـەو ڕووبارەی کە ئەمڕۆ بە ( قزل أرمق ) یان ( خالص )ی جاران ناو

---

(٩) « ئەسکێشی - یەکان » لە سەدەی حەوتەمی (پ ٠ ز ) ەوە تا سەدەی سێهەمی پ ٠ ز - لە کەناری ژووروی دەیاری ڕەشدا ، نیشتەجێ بوون زمانەکەیان ، سەر بە خێزانە زمانی هیندۆ - ئەوروپاییە و لە نیوەی دووهەمی سەدەی حەوتهەمی بەر لەزایین، توانیان بچنە نێو ئاسیای ناوەڕاستەوە و میدیا و چەند ناوچەیەکی تری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی بگرن ، بەڵام لە سەرەتای شەشەمی ( پ ٠ ز ) دا ، مادەکان توانیان بە یەکجاری لەم ناوچانە ، دەریان بکەن بڕوانە : گۆڤاری زانیاری کورد ، ژ (١) ساڵی ١٩٧٣ ل ٥٥٦ پەراوێز ٠

(١٠) العرب و الیهود فی التأریخ ، د أحمد سوسه ، بەغدا ١٩٧٢ ٠ ٤٩٩ ٠

(١١) لیدیا : یەکێك بوو لە دەوڵەتە کۆنەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا کە لـــە سەرەتای حـــەوتەمی پێش زاییندا ، بوو بـــە دەوڵەتێکی سەربەخۆی بە هێز لە ناوچە کەدا ٠

دەبڕێت • ئـەم ڕووبارەش دەکەوێتـە دووری ( ٥٠ کم ) لـە ڕۆژهەڵاتی ئەنقەرەی پاتەختی تورکیاوە •

لـە ساڵی (٥٨٥ پ • ز )دا ، لـە نێوان هەردوو لادا ڕێکەوتننامەیەك روویدا ، لیدیـا دانی بەوەدانا کـە ڕووباری ناوبراو سنووری ڕۆژئاوای میدیا بێت •

مادەکان دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی گەورەی ئێران بوون کـە لـە چـەند هەرێمێکی جیاواز پێك هـاتبوو[١٢] • ئـەم سەرکەوتنانەی مادەکانیش بووە هـۆی جم و جووڵیان بـەرەو ڕۆژئاوا • وەلـە سەردەمی شاهی بابلی ( نبوناهید ) و شـاهی مادەکان ( استیاکس )دا ، ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو لاوە ، ئەویش لە پێناوی داگیرکردنی شاری ( مران )دا کە مەڵبەندێکی ئاینی و بازرگانی گرنگ بوو ، لە بەر ئەوە ( نبوناهید ) لەگەڵ ( کورش ) ی دووهەمدا ، کە شاهی فارسەکان بوو ، وە یەکێك بوو لە وانەی ئەو کاتە سەر بە شاهی مادەکان بوو ، ڕێك کەوت • بەڵام ( استیاکس ) کە هەستی بەوە کرد ( کورش ) دەیەوێت لێی هەڵ بگەڕێتەوە ویستی دەستی بە سەر دا بگرێت • بەڵام (کورش) خۆی لە هەمەدان توند کرد و شەڕێکی گەورە رووی دا ، کە لـە ئەنجامـدا کورش سەرکەوت و ( اکبتانا ـ هەمەدانی ئێستا ) ی کرد بە پاتەختی خۆی • بەم پێیە میدیا ـ بوو بە بەشێکی لـە

(١٢) گۆڤاری کۆڕ ـ وتاری مینورسکی ل ٥٥٦ ، ٥٥٧

ئەمپراتۆریتی هەخامەنشی لە ( ٥٥٠ ی پ ٠ ز ) دا و دەوڵەتی میدیا ـ ش نزیکەی ١٧٥ساڵێ بە سەر برد ٠

دەوڵەتی هەخامەنشی توانی وولاتی مادەکان داگیر بکاتو توانی ولاتی ( ئێران )یش یەکبخات و دەست بە سەر ئەو هەرێمانەدا بگرێت کە کەوتبوونە ژووروووی ئێرانەوە ، وە لە ساڵێ ( ٥٣٩ پ ٠ ز )دا توانیان ( بابل )یش بگرن و دار و دەستەیان بگاتە ئاسیای ناوەڕاست و وولاتی شام و ( فلسطین و مصر )[١٣] ٠

---

(١٣) العرب و اليهود ، ل ٤٤٧ ٠

## مادەکان پاش ڕووخانی دەوڵەتەکەیان

گوێزانەوەی دەسـەڵاتی حوکمڕانی لـە مادەکانەوە بـۆ فارسەکان بوو بە هۆی نەمانی زۆری جڵەوگیری‌یان و بەهۆی چەند ڕاپەڕینێکی مادەکان ، ئەمەش لە سەردەمی پاشا فارسەکان و لە سەردەمی ( دارا ) دا ڕوویدا • لێرەدا دەتوانین بڵێین کـە لەوانەیە چەند کۆمەڵێکی نوێ لە مادەکان پاش دامرکاندنەوەی کۆچیان کردبێت(١٤) •

لەساڵی ( ٣٣١ پ • ز )دا ، ( اسکندر ) لە شەڕی ئەربێلای بەناوبانگ دا ، بەسەر دارا ی سێهەم دا زاڵبوو ، و کۆتایی بـە دەوڵەتی هەخامەنشی هێنا • بەڵام لە دوا ئەو هەڵمەتەی اسکندر بۆ سەر ئێران ، قۆناغی سێهەم لە ژیانی مادەکان دەست پێدەکات، ئەویش کاتێك کە ( اتروپات )ی سەرکردەی سەربازی پێشووی دارای سێهەم ، توانی کـە دەوڵەتێکی اوێ بـە ناوی میدیا ـ ی بچووکەوە لە ئازەربایجانی خواروو دابمەزرێنێت و بـە نـاوی

(١٤) گۆڤاری کۆڕ ژمارە (١) ساڵی ١٩٧٣ ـ ل ٥٥٨ ـ وتاری مینورسکی

خۆیەوە ، واتە ( اتور پاتـگان Atur Patagan )ەوە ناوی لێ نـا[١٥] •

لەم دەوڵەتەدا ، زۆربەی پاشماوەی هۆزە مادەکانی تێدا کۆ بوو بووەوە[١٦] •

---

(١٥) ( اتروپاتینا ) یان ( اتروپاتگان ) ناوی یەکێك لـە ناوچە ـکانی خوارووی ئازربایجانە ، لە سەدەی کۆن و ناوەڕاستدا، ئەم دەوڵەتە میدیای بچووك یان ژووررووی لەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان شاخی ( طالش )و رووباری ئاراز ـ ئاراس ـ ەوە و ئەمجـا گۆمی ورمێ ـ وە دەگرتەوە • ئەم ناوەش لەو ( اتروپات ) ەوە هاتەوە کە لە سەدەی چوارهەمی پێش زاییندا ، فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی کردووە ، ناوی ئازەربایجانی ئێستاش ، هەر لەم ناوەوە دروست بووە

(١٦) گۆڤاری کوڕ ـ ژمارە (١) ل ٥٥٨ •

## پێوەندی کورد بە مادەکان و بە زمانەکەیانەوە

هەندێك لـــە لێکۆڵەران لـــەو بڕوایە دان کە کوردەکان پێوەندیەکی پتەویان بە مادەکانەوە هەیە • وە بە پێی ( بەڵگەی جوگرافیایی و زمانناسی ، دەشێت بووترێت ، کـــە کوردەکان نەوەی ئەو مادانەن کە لە ڕەچەڵەکی پاشاکانەوە هاتوون ، هەروەك چۆن فارسەکان بەنەوەی یەکەم فارس دەژمێردرێن لە ڕۆژهەڵات و خوارووی رۆژهەڵاتەوە ) •[۱۷] •

مامۆستا ( سایس ) دەڵێت : ( گەلی ماد ، چەند هۆزێکی کورد بوون کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور دا نیشتەجێ بوون و سنووریشیان دەگەیشتە خوارووی دەریای قەزوین • ئـەم گەلەش لە ڕووی زمانەوە لە نەتەوە هیندۆ ـ ئەوروپاییەکانە و لە ڕووی ڕەگەز و خوێنەوە لە جینسی ئاری ـ یە )[۱۸] •

( مینورسـکی ) یش دەڵێت : ( کـە لـە مێژوو دەڕوانم و کۆچی هەموو هۆزە ئێرانیەکان دێنمە بەر چاو ، بۆ لێکدانەوەی

---

(۱۷) کورد و ترك و عـرب ، ادمونز ، وەرگێڕاو بۆ عەرەبی بەغـدا ۱۹۷۱ ل ۱۲

(۱۸) امین زکی بەگ ، مێژووی کورد و کوردستان ، چاپی دووهەم بەغدا ۱۹٦۳ ، لە جزمی دووهەمی ( تأریخ العالم للمؤرخین )ەوە وەرگێراوە •

بلاو بوونەوەی کوردەکان بۆ ئەو ناوچەیەی کە کەوتۆتە خوارووی ئەنقەرە لە ئاسیای ناوەڕاست و ژووروووی سوریاوە ، جگە لە کۆچی مادەکان هیچ کۆچێکی دی بەدی ناکەم )[١٩] •

هەروەها دەڵێت : ( دەبێت ئەوە باس بکەین کە ناوی کۆنی کوردەکان لە زمانی ئەرمەنی دراوسێیاندا « مار » بووە و بە پێی ڕێزمانی زمانی ئەرمەنی ، ئەم وشەیە ڕێك بەرانبەر ناوی کۆنی مادەکان Mada دێت • بەڵام کوردەکان چۆن ناوی خۆیان گۆڕی بە کورد یا کرمانج ، لە کاتێکدا کە مێژوو نووسی ئەرمەنی « مایسای خورینسکی »[٢٠] پێوەندی نێوان کورد و مادی نیشان داوە ؟؟؟ ئەمەیان دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی مادا Mada یان میدیا چەند هۆزێکی جۆرا جۆری گرتۆتەوە ، خۆ ئەگەر ئەرمەنی‌یەکان بە درێژایی چەند سەدە ، دراوسێی کورد و ماد بووبن و ( گەل )یان دابێتە پاڵ یەك فەرمانڕەوایی ( سیاسی )کۆن ، ئەو کاتە کوردەکان دەیانتوانی خۆیان بدەنە پاڵ یەکێك لەو هۆزە ناودارانەی تایبەتی سەرەبازی یان تێدا هەبوو ، یان هیچ نەبوایە توانای یەکگرتنێکی هۆزایەتیان دەبوو ، باشە ئەگەر کوردەکان نەوەی مادەکان نەبوونایە ، ئاخۆ ئەو

---

(١٩) گۆڤاری کۆڕ ،ژمارە (١) ل ٥٥٩ •

(٢٠) مایسای خورینسکی ، لە سەرەتای سەدەی شەشەمی زاییندا ژیاوە و ، یەکەم کەسە ، کە مێژووی ئەرمەنی ، لە کۆنترین سەدەوە ، هەتا ٤٢٨ ی زایین ، نووسیوەتەوە ئەم کتێبە لە ١٦٩٥ دا بۆ یەکەم جار لە چاپ دراوە و بۆ چەند زمانێکی ئەوروپایی وەرگێراوە •

هۆزە گەورانەی کورد کە بە یەکێك لە زمانە ئێرانیەکان دەدوان و لەوانی جیاوازە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە •• لــە کوێوە سەریان هەڵ دەدا ••• ؟؟؟ )[٢١] جگە لە مەش هەندێکی دی لە لێکۆڵەران دەڵێن ( ئەگەر زمانی مادەکان ، هەمان زمانی ئێستای گەلی کورد نەبێت ، ئەوا بە لای کەمەوە دەبێت بناغەی ئەو زمانە پێك بهێنێت )[٢٢] •

بەڵام مامۆستا ( طه باقر ) ، ئەم پێوەندیەی نێوان کورد و ماد بەجۆرێکی دی لێك دەداتەوە دەڵێت [ ناتوانرێت بە تەواوی ئەو کاتە دیاری بکرێت کە کۆچی کورد و ماد و فارسی تێـدا دەست پێ کراوە و بەو شێوەیەی دەڵێن لە دەریای قەزوینەوە سەرەتاکەی دەرکەوتووە ، بەڵام لە ڕووی مێژوویــەوە ، دوو کۆچی گەورەی هەندێك لــە نەتەوە هنیدۆ - ئەورووپاییەکان بۆ ڕۆژهەڵات ئاشکرایە :

یەکەمیان و کۆنترینیان کۆچی ( حیثی وکیشی ) • یەکانە لـە سـەرەتای هـەزاری دووهەمی پێش زایین دا بۆ ناوچـە مێژووییەکانی خۆیان •

دووهەمیشیان ، کۆچی ماد و فارسەکان بوو لە سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش‌زایین دا کە مادەکان لە هەمەدان و فارسەکان

---

(٢١) گۆڤاری کۆڕ - ژمارە (١) ل ٥٦٠ - ٥٦٣ •

(٢٢) امین زکی بەگ ، مێژووی کورد و کوردستان ، کە لە کتێبی مێژووی ئێرانی ( حسن بیرینا ) وە وەرگیراوە ل ٥٧

له هەرێمی فارس دا نیشتەجێ بوون • بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە کوردەکان لەگەڵ ئەم کۆچەی مادەکان دا بووبن • ئەم هۆزانەش، بە شێوەی ( سواری ) کۆچیان کردووە و کە گەیشتوونەتە ژووررووی عێراق ، پاشماوەی چەند نەتەوەیەکی کۆنی وەك ( گۆلی و لولوبی و حووری )یان بە دی کردووە کە لەو ناوچەیەدا خۆیان بە کشت و کاڵەوە خەریك کردووە • بەڵام ئەم هۆزانە دەستیان گرتووە بە سەر ئەوخەلکەدا و پاش ماوەیەك تێکەڵاوی یان لە گەلیاندا پەیدا کردووە )[٢٣] • بەو جۆرە مامۆستا باقر ، بە پێی ڕای پێشووی‌خۆی و بە پێچەوانەی ڕای زۆربەی لێکۆڵەرانەوە ، کورد و مادی لەیەك جوێ کردۆتەوە و دەڵێت ( زمانی کوردی بە هەموو شێوەکانیەوە ، سەر بەو زمانە ئێرانیانەیە کە لە خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپایین و پێوەندی پتەویشی بە زمانی مادەوە هەیە ، وە چاکترین شت کە لەم بارەیەوە بووترێت ئەوەیە کە هەموو زمانە ئێرانیەکان دەبنە دوو کۆمەڵێ گەورەوە : کۆمەڵێ ژووررووی ڕۆژئاوا : کە بریتی‌یە لە ماد و کوردی وە خوارووی ڕۆژئاوا کە بریتی‌یە لە فارسی کۆن وەك « هەخامەنشی » ئەشکانی و پەهلەوی ) •

سەرەڕای ئەمەش دەڵێت : [ هەندێك لە باوەڕ پێکراوان وەك (مینورسکی) لەو بڕوایە دان کە : هەموو شێوە کوردی‌یەکان دەگەڕێنەوە بۆ تەنیا زمانێك کە زمانی مادە وە هۆزە کوردەکانیش

---

(٢٣) المرشد الى مواطن الآثار ، المرحلة الرابعة ، بغداد ١٩٦٥ طه باقر ، فؤاد سفر ، ص ٢٠ ـ ٢١

به پێی زمانه کەیان دەبێت لە هۆزە هیندۆ ـ ئاری یەکان بن ][24] •

لێرەدا دەڵێین دەشێت ڕای مامۆستا ( باقر ) لەگەڵ ڕای کۆنینە ناسی بەرتیانی ( سدنی سمث ) دا بگونجێت کە دەڵێت [ گەلی کورد یەکێکە لە گەلەهیندۆ ـ ئەوروپاییەکان ، کە لەو کاتەوە مادەکان هاتوون بۆمیدیا و فارسەکان بۆ هەرێمی فارس ئەوانیش هاتوون بۆ کوردستان ، وە نزیکترین مێژووی هاتنیان بۆ ( ٦٥٠ی پ • ز ) دەگەڕێتەوە ، چونکە ئەو ( سجل )ە ئاشووری یانەی مێژووەکەیان بۆ ئەو بەروارە دەگەڕێتەوە واتە ( ٦٥٠ ) ، شتێکیان لەو بارەیەوە ڕوونە نەکردۆتەوە • ( ٢٥ ) •

هەروەها ( سایس ) ی زماناس دەڵێت[26] :

( مادەکان ، تەنیا ئەوە نەبێت کە چەند خێڵ و هۆزێکی کورد بوون ، هیچی دی نەبوون و لەڕووی زمانیشەوە (ئاری)ذوسە بە خێزانی هیندۆ ـ ئەوروپایین )[27] •

---

(٢٤) هەمان سەر چاوە ل ٢٠

(٢٥) امین زکی بگ ل ٥٧

(٢٦) خاوەنی ( تأریخ العالم للمؤرخین ) •

(٢٧) مێژووی کورد ل ٢٩٩ •

# چەند رایەکی دی دەربارەی پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانی ماد ٠

باسیل نیکسیتین دەڵێت [ زانایانی زمان ، بە تایبەتی ( بوت وردویجار ) ئەو تیۆریانەیان بە درۆ خستوتەوە کە دەڵێن زمانی کوردی لە ڕەگەزدا ، کلدانیی‌یە ، وە ئەوەشیان سەلماندووە کە زمانی کوردی پێوەندی بە فارسی نوێ و بەزمانی زەندەوە هەیە ـ مەبەست لەم زمانەش زەند ئاڤێستایە ـ کە بە دایکی زمانی فارسی دادەنرێت ] ٠(٢٨) ٠

ئەمجا ( مار ) دەڵێت [ زمانی کوردی لە کاتی گەشە کردنیدا لە لایەن زمانی مادەکانەوە کاری تێکراوە،وەهەندێك،لەو بڕوایەدان کە زمانی کوردی لە زمانی ماد ـ جوێ بۆتەوە ، چونکە مادەکان بە ڕەگەزی سەرەکی کورد دادەنێن ](٢٩) ٠

( مینورسکی )ش دەڵێت [ ڕایەك هەیە کە دەڵێ : زمانی کوردی وەك هەموو شێوە تازەکان لە ئێراندا ، زۆربەی کەرەسەی دروست بوونی خۆی لە زمانی کۆنی مادەکانەوە

---

(٢٨) الاکراد ـ باسیل نیکیتن ، چاپی عرەبی بیروت ، ل ١٨

(٢٩) کردستان و الحرکة القومیة الکردیة ، بیروت ١٩٧١ لە کتێبی ( کرد و کردستان )ی ( دیرك کینین )ەوە وەرگیراوە لندن ١٩٦٤ ل ٣ بە زمانی ئینگلیزی ٠

وەرگرتووە ، وە میدیاش ئەو دەسەڵاتدارێتی‌یە بووە کە ئێرانی کۆنی بەڕێوە بردووە ](٣٠) •

لە لایەکی دیکەشەوە ( مینورسکی ) لەو بڕوایە دایە کە زمانی ئاڤێستا و زمانی کوردی پێوەندیان بە یەکەوە نیە و دەڵێ [ ئاشکرایە کە زمانی فارسی ، نەوەی فارسی ناوەڕاست واتە ـ پەهلەوی ـ یە • وە فارسی کۆنیش ، زمانی مێژوویی ( بەند )ەکانە ، بەڵام زمانی کوردی نەك هەر پێوەندی بە هیچ کامەمانەوە نیە ، بەڵکو پێوەندی راستە وخۆی بە دووهەم زمانی کۆنی ئێرانی ( ئاڤێستا ) شەوە نیە کە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە(٣١) •

بەم جۆرە مینۆرسکی ، بەرپەرچی ئەوە دەکاتەوە کە ( ئاڤێستا زمانی ئەو مادانە بێت کەوای لە قەڵەم دا لە دامەزراندنی زمانی کوردی دا بەشداری کردووە ، لە کاتێکدا کە زۆربەی لێکۆڵەران پێوەندیەکی پتەو لە نێوان زمانی کوردی و ئەو زمانەی کە ئاڤێستای پێ‌نووسراوەتەوە بەدی دەکەن ، بە تایبەتی بەشە کۆنەکەی • لە لایەکی دیکەوە ، هەموو بەڵگە مێژوویی و ( منطقی )* یەکان ، ئەوە نیشان دەدەن کە ئاڤێستا بەزمانی مادی نووسراوەتەوە • ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە زەردەشت خەڵکی

---

(٣٠) مینورسکی ، الاکراد ملاحظات وانطباعات ، وەرگێڕانی د • معروف خەزنەدار ، بەغدا ١٩٦٨ ل ٣٧ ـ ٣٨ •

(٣١) هەمان سەرچاوە ل ٣٧ •

شـاری ( ورمێ ) بووەو لـــە ناوچـەی موکریان لـــە وڵاتی میدییادا •

( دارمستیر ) بەتەواوی ئەم رایە روون دەکاتەوە کاتێك کە دەڵێـت [ کتێبی ئاڤێسـتای زەردەشـت بەزمـانی مـادەکـان نووسراوەتەوە ](٣٢) •

(٣٢)امین زکی بەگ ، مێژووی کورد ، ل ٢٩٨

## زەردەشت و نووسینی ئاڤێستاو بانگەوازەکەی

زەردەشت ، لە ساڵی ٦٦٠ی پێش زایین لە شاری ئازەربایجان ( ورمێ )دا لەدایك بووە و هەر لەوێش گەورە بووە. لە سەر کەناری گۆمی ورمێ دا دەستی بە بڵاو کردنەوەی بانگەوازەکەی کردووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کەس بایەخێکی ئەوتۆی بە بانگەوازەکەی نەداوە و بەرەو پیری نەچوون ، لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین دا بەرە و ڕۆژهەڵات ڕۆشتووە.[٣٣]

هەندێك دەڵێن کە زەردەشت بەرەو ئەو هەرێمە رۆشتووە کە ئەفغانستانی ئێستا دەگرێتەوە[٣٤] ڕایەکی دیکەش دەڵێت کە زەردەشت بەرەو شاری ( بەڵخ ) لە ڕۆژهەڵاتی ئێران رۆشتووە و ئەو دەمە ( گوشتاسب ) پاشای ئەم شارە بووە و بەرەو پیری بانگەوازەکەی زەردەشت چووەو بڕوای پێهێناوە. بەو جۆرە ، ئەو بانگەوازە لەو ناوە دا بڵاو بۆتەوە و پەرەی سەندووە ، تا لە تەمەنی (٧٧) ساڵێدا ، پاش ئەوەی لە نووسینی ئاڤێستا بۆتەوە ، کۆچی دوایی کردووە[٣٥] .

---

(٣٣) ایران فی عهد الساسانین ــ کریستنسن ، وترجمة یحیی الخشاب . ص ١٩

(٣٤) هەمان سەرچاوە .

(٣٥) قصة الادیان ، سلیمان مظهر ــ قاهرە ــ لە ل ٢٨٨ بە دواوە .

ئاینی کۆنی ئاری‌یەکان لە سەر پەرستنی هێزە سروشتیەکان و ( عناصر )* و ئەستێرەکان بنیات نراوە وە هەر لە کۆنەوە خوایەکی تر ، کە نوێنەری چەند هێزێکی ڕەوشتی و چەند ڕایەکی دەروونی بووە و دراوەتە پاڵ‌خوای سروشت •

وا دەردەکەوێت کە بەر لە جۆی بوونەوەی هیندەکان و ئێرانیەکان لە یەکتری ، چەند جیاوازیەك بوو بێت لە نێوان (دیوا) کە ( اندرا )ی خوای شەڕ باشترین نوێنەری بووە ، و لە نێوان ( ئاسوورا یان ئاهوورا ) ی کە خوای یاسا بووە لەسەر هەموو شیانەوە ( ڤارونا میترا ) بووە •

زۆربەی زاناکان لە سەر ئەوەپێك هاتوون کە موزدای حەکیمی ئێرانیەکان (*)و ئاهوورای گەورە ( ڤارونا ) ی تەواوی نەزانیوە • (٣٦) •

هەر لەو کاتەوە کە ناوی ئێرانیەکان لە مێژوودا باس کراوە دەتوانین نێوان دوو تایەفەی جیاواز دەست نیشان بکەن • یەکێکیان سەربەرێڕەو ـ مذهب ـی ( میترا ) بوون و بە یەکەم

---

* العناصر ـ وادەردەکەوێت مەبەست لەچوار ـ عنصرە سەرەکیە کە یەکە « ئاو ـ هەوا ـ خۆڵ ـ ئاگر » دەگرێتەوە

وەرگێڕ

* حکیم ـ وەك لەلیستەی زاراوەکانی کۆڕی کورددا باس‌کراوە بەهۆزان یان پەندیار ـ بەرانبەی بۆ دانراوە

وەرگێڕ

(٣٦) ایران في عهد الساسانيين ، ١٩ .

خوای خۆیانیان داناوه ، ئەوی دی سەر بە ڕێڕەوی ( موزدا ) بوون و بەخوای گەورەی خۆیانیان ژماردووه •

میترا پەرستەکانیش بۆ ئەم خوایە و ئەوەی دەوروبەری ، چەند ( یەشت ) ێکیان بۆ دەخوێندن •

ئـەم ( یەشت )انەش بریتی بوون لـە ( کۆمەڵە سـروود و وتارێك ، کە بۆ خواوەندەکان دەوتران و مانای خواپەرستی یان دەبەخشی )[٣٧] • ئاڤێستای تازەش هـەندێك نموونەی ئـــەم سروودانەی تێدایە کە ئاینی زەردەشتی بەکاری هێناون • هەروەها ئـــەم سـروودانە چوونەتـە نـاو ڕێڕەوی زەردەشتی یـەوە و ( موبەت )ەکانی ڕێڕەوی ( معدل ) یش چەند دانەیەکی دیکەیان داناوە خستوویانەتە پاڵ ئەوانی دی •

کۆنترین بەشی ئاڤێستای تازە ، ئەو ( یەشت )ە کۆنانەیە کە چـەند نیشانەیەکی بـەنرخی مێژووی ئەفسانەیی ئێرانیـەکان و مێژووی ئێرانی ڕۆژهەڵاتی بەر لە زەردەشتی پێوە دیارە •

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ئەدەبە لە ( گاتە ) واتە ـ سرووده‌کانی زەردەشت ـ کۆنترە •

هەروەکو باسمان کرد ، میترا پەرستەکان ، بۆ خواکانیان ( یەشت ) یان دەخوێند و ئاڕاستەیان دەکردن •• لەم خوایانەش

---

(٣٧) برهـان قانع ـ میدیا ، وەرگێڕاو لە فارسی‌یەوە ، بەغـدا ١٩٧٨ ل ٨٠ ـ وەرگێڕ ـ

( رشتو ) بوو كه به خواى ( ڕێكى ) و ( سروش ) كه بەخواى ـ طاعه ـ مل كەچى ـ دادەنران • ناوى ئەم خوايانەش وەك خواكانى ترى ئاڤێستا ، سروشتێكى رووت و تەنياى هەبوو • ڕێڕەوى ( موزدا )ش وەك ( ميترا ) لەو ناوچانەدا كه ئێرانيەكانى تێدا دانيشتبوون ، بڵاو بووبووەو ( زەردەشت )يش وەك پەيامبەرێكى ئەم ڕێڕەوە ، پێش سەردەمى هەخامەنشىيەكان لە ڕۆژهەڵاتى ئێران دا دەركەوتووە(٣٨) •

زەردەشت بۆ ئەو ( موزدى ) يەى نوێى كردەوە ،بە هۆى گاتەكانەوە بنچينەيەكى پتەوى بۆ دانا ، ئەم گاتاناش بريتى بوونە لەجۆرە پەندو ئامۆژگاريەكى ڕێكخراوى پەيامبەرانە ، كە سروشتى شەخسيەتێكى بەهێز نيشان دەدات و هەميشە هەوڵى تێگەيشتنى ڕاستى و تێكۆشانە لە پێناويدا • زەردەشت بە توندى بەربەرەكانى ڕێڕەوى ( ديو)ەكانى دەكرد • ئەم زاراوەش بەخواى ئەو كۆمەڵانە وتراوە كە موزدى نەبوون •

ئەو خواپەرستێتىيەى ـ عبادة ـ باوەڕ پێكراوان دەيانكرد لە چەند ئاهەنگێكى سەرمەستىدا ، بەڕێ دەخرا كە شەرابى هۆما ـ سۆمايى هيندى ڕۆشنى دەكردەوە •

زەردەشت وەهاى لە خەڵكى دەگەياند كە موزدا ـ موزدا ئاهورا ـ ئاهورا موزدا ، خوايەك نيه لە هۆزێك يان لە

(٣٨) زۆر كەس لەو بڕوايە دان ، كە زەردەشت بەرەو ناوچەى ژووررووى رۆژهەڵاتى ئێران ڕۆشتووە ، كە ئێستا ( خوراسان) ى پێ دەڵێن •

نەتەوەیەکەوە سەری هەڵدابێت(٣٩) • بەڵکو خوایەکە لە ناو جەرگەی مرۆڤایەتیەوە دەرکەوتووە •

زەردەشت هەرچەندە فەیلەسووف نەبوو بەڵام زانا ـ عارف ـ بوو (*)وە بەشداری تەواویی لە ژیان و داب نەریتی کۆمەڵێکدا کرد کە بەهۆی ئاینی موزداوە بە یەکەوە بەسترابوون• زەردەشت لە تێڕوانین و دووربینی خۆیدا ، هەستی بەو پێوەندیە پتەوەی نێوان چارەنووسی خەڵکی و توانای خوایەتیدا دەکرد • ئەویش ئەو پێوەندیەیە کەئێمە ناتوانین لایەنە جۆرا وجۆرەکانی دیاری بکەین •

لەدەروونی زەردەشت دا ، چەند دەربڕینێکی گیانی بڵند ، جێی خۆی کردبووەوە ، بەڵام دەبێت ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە لەو کاتەدا ئێرانیەکان نەتەوەیەکی سەرەتایی نەبوون ، بەڵکو لە هەرێمی ئێراندا ، شارستانیتێکی گەورەیان بۆ بە جێ مابوو کە شوێنەوارەکانی بەر لە مێژوو ، گەواهی لە سەر دەدەن • بەو جۆرە دەبینین ئەو چارە سەرە گیانیانەی ئێرانیەکان لەو سەردەمەدا ، وە بەو سروشتە کۆمەڵیی و کۆمەڵایەتیەوە نرخێکی ڕەوشتی تاك و تەنیا و ڕووتی هەبوو •

لە ڕاستیدا وێنەی ـ خوا گاتی یەکان ـ ( سەبارەت بە گاتەکان )هەرچەندە لە لای ئێرانیەکان لە سەردەمی گاتەکان دا

---

* عارف ـ زاراوێکی سۆفیانەیە ، بەپیاوی ئاینی شارەزاو تێکەیشتوو دەگوترێت « وەرگێر »
(٣٩) ایران في عهد الساسانيين ل ٥٦٨ •

روون نەبووە ، بەڵام وەك ئەمڕۆ دەردەكەوێت هێندە ئاڵـۆز نین[٤٠] •

هەروەكو وتمان ئاینی زەردەشتی لە سەر ئەو ( یەشت ) انە بنیات نرابوو كە بریتی بوون لە چەند سروودێك و ئاراستەی خواكانیان دەكرد • وەك متیرای – خوای پەیمان و رووناكی و ( ئاردوی سوار )ی خوای پیت و بەرەكەت كە بە ( اناهیتا ) ناوبراوە و چەند خوایەكی ئاریی دی • هەروەها ئاینی زەردەشتی لەو گاتانە پێك هاتووە كـە بریتین لـە ئامۆژگاریە پەیامبەرێتیەكان و زەردەشت خۆی دایناون •

لە لا یەكی دیكەشەوە ، دەڵێن ئەم یەشتانە هێنراونەتە ناو رێڕەوی زەردەشتییەوە و ( موبەت )ەكانی رێڕەوی ( معدل ) چەند بەشتێكی زەردەشتی دیكەیان خستۆتە سەر ئەوانی دی[٤١] •

هەوڵ دان بۆ نزیك خستنەوەی رێڕەوەكان ، لەو كاتەدا بوو كـە ئاینی زەردەشتی تەنیا لـە هەرێمە رۆژهەڵاتیەكان پـەرەی سەندبوو ، و لە دواییدا ئەم تەوژمە ئاینیە گەیشتە میدیا ، كـە پیاوە ئاینیەكان تیایدا پشت ئەستوور بوون •

بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو مێژووە دیاری بكەین و مادەكانیش لە سەردەمی دارا و ( خشیارشا ) دا زەردەشتی بوون و هەرێمی

---

(٤٠) هەمان سەرچاوە ل ٥٦٩ •

(٤١) هەمان سەرچاوە ل ٢١

فارس و هەخامەنشی‌یەکانیش سەر بە موزدا بوون کە زەردەشتی نەبوو •

هەر لەو دەمەوە ، میدیا بوو بە مەڵبەندی ئاینی زەردەشتی و لەم بەرەو پێشەوە چوونەی دوایشدا بیرو باوەڕی چینی مەجوسی بلاّو دەکردەوە • نیبرج Nebrg ی ئەڵەمانی دەڵێت : هەوڵدان بۆ نزیك خستنەوەی رێڕەوەکان ، لە دوا قۆناغی رێڕەوی زەردەشتی دا دەرکەوت(٤٢) • ( زەردەشت ) یش ماوەی چەند سەدەیەك لەناو موزدی کۆنی ئێران دا بە دووره پەرێزی و نامۆیی مایەوە • هەرچەندە ئاینی موزداش ، لە هەرێمە جۆر بە جۆرەکانی ئێران دا ، لە سەرخۆ گەشەی دەکرد و بە جیاوازیەکی کەمیش ئەم گەشەکردنە رووی دەدا•••• بۆ نموونە دەڵێن لە نێوان موزدی فارسە هەخامەنشی‌یەکان و بیروباوەڕی مەجۆس لە میدیادا ، چەند جیاوازیەك هەبوو ، بەلاّم لەو کاتە دا کە ( هیرودوت ) دەربارەی بیرو باوەڕی فارس و مادەکان دواوە ، زاراوی زەردەشت هێشتا نە چوو بووە ناو ڕۆژئاواوە ، تەنانەت لە سەدەی چوارهەمی پێش زایین دا نەبێت ، لە لای مەجۆسی میدیا ، موزدی زەردەشتی بەدی ناکەین ، هەرچەندە ئەم ( موزد )یەش لە هی گاتەکان و ئاڤێستای نوێ جیایە(٤٣) •

---

(٤٢) ایران فی عهد الساسانیین ، ل (٥٧٠) نیبرج ، ئەم کتێبە دەربارەی ئاینی ، لە ئێرانی کۆن دا ، بە زمانی ئەڵەمانیایی داناوە و لە ( لایبزگ ) لە ١٩٣٨ دا لە چاپی دواە

(٤٣) هەمان سەرچاوە •

ئاینی زەردەشتی ، یەکگرتنێکی ناتەواوە و چەند دروست بوویەك - کائن - ێکی پیرۆزە لە پێناوی موزدا خوێدا و لە هەمان کاتیشدا هەر خواست و ویستی ئەو جێ بەجێ دەکات کە خواستێکی تاکە خوایی‌یە •

دوو لایەنی تەنیا سروشتێکی ڕووکەشە ، چونکە شەڕی نێوان هەردوو ڕەگەزە جیهانی یەکە ( چاکەو خراپە ) ، هەر بە سەرکەوتنی گیانی چاکە کۆتایی دێت لەم شەڕە گەورەیەدا ، ئادەمزاد ، ئەرکی بەدی هێنانی پەیامێکی بە سەرەوەیە کەدەبێت بە بڕوای تەواوو تێکۆشان لە پێناوی راستی ئاینی و ڕەوشت دا ، وە توند و تۆلێ لەو کارانە دا کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی هێزی ژیان بە سەر هێزی مردن دا ، بەو هەولانەی کە شارستانێتی بە تایبەتی کشت و کاڵ - بە دی دەهێنن ، ئادەمزاد دەکەوێتە ڕیزی گیانی چاکەوە ، ( بیری باش ، وتەی باش ، کاری باش ) سێ بەردی بنچینەیی دامەزراندنی بیر و باوەڕی ڕەوشتن لە لای زەردەشت •

پاداشت و چاکە دانەوە ، بەهەشتو نەمری یەلە خانەی ( پایە بەرزەکان ) دا • بەڵام ئازاردانی دوور و درێژ سزای خراپە کارانە لە ( لانەی درۆ ) دا •

سەرە ڕای ئەو لێ پرسینەوەیەی هەموو تاکە کەسێك دەگرێتەوە ، لە گاتەکاندا چەند نیشانەیەك دەبینین کە بۆ حسابێکی بڵندی جیهانی کراوە و گیان و ئاگر ، جێ بە جێی

دەکەن : گیان مەبەست گیانی موزدایە و ـ بەلا ـ ش بەلای
ئاگرە ... بەلای، ئەو مادەنە تواوەبەی (ئاخر زەمانە) ە لە
کاتێکدا کە دوا شەڕ لەنێوان چاکە و خراپە دا بە سەرکەوتنی
موزدا کۆتایی دێت ...(٤٤).

(٤٤) ایران في ... ل ٢٠ ـ ٢١

# ئاینی زەردەشتی لەسەردەمی فەرثی و ساسانیەکاندا

کریستنسن ، دەربارەی ئاینی زەردەشتی لە سەردەمی فەرثیدا ، دەڵێت [ لە نێوان ئەو ئاڤێستا یە کە بە دێرین لە قەڵەم دەدرێت و کە گاتەکانە و ئاڤێستای نوێ دا جیاوازیەك لە ڕووی زۆری خواو لەو بیرزای ئاینییەوە هەیە ] لە سەرەتای سەردەمی ( البرت ) دا ( ٣٠٠ پ • ز — ٢٢٦ ز ) کتێبی ئاڤێستا بە ناوی ( وندیدات ) یا ( وی — دیوداد — پەیڕەوی ئاینی دژ شەیتانەکان ) ەوە دانرا ، کە یاسای ئاینی زەردەشتی دەگرێتەوە • زمانی ئاڤێستاش ، ئەو دەمە زمانێکی مردوو بوو ، وە پیاوە ئاینیەکان، پاراستنیان بە پێویست دەزانی • ئەم کتێبەش بریتی بوو لە چەند بنچینە و ( مراسیم ) ێك کە بە پێی ناوچە دەگۆڕا و بە ئاشکرا جیاوازی پێوە دیار بوو ، ( وندیدات ) یش بۆ سەدە یەکەمەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە(٤٥) •

ئەو کتێبانەی بە زمانی ئاڤێستا نووسراونەتەوە ، بە سەرچاوەی ئاینی ڕەسمی سەردەمی ساسانییەکان دەژمێردرێن • ئەو کتێبە پیرۆزانەش : یەکەم لە ئاڤێستای ساسانی پێك دێت کە بە سەر ( ٢١ ) ( نسك )ەوە دابەش کراوە و دووهەم لە زەند

(٤٥) هەمان سەرچاوە ل ٢١ ـ ٢٤ ، ٤٠٥ •

ـ كه وەرگێڕان و لێكدانەوەی تێكستە ئاڤێستاییەكانە بە زمانی پەهلەوی[٤٦] •

ئەو ئاڤێستایەی ئێستا لە بەر دەستدایە ، تەنیا بەشێكی كەمی ئاڤێستای ساسانییە • بەڵام كورتەی ئەو ( ٢١ ) ( نسك )ە كە لە هەردوو كتێبی هەشتەم و نۆهەمی ( دینكرد )[٤٧]ی پەهلەوی

---

(٤٦) هەمان سەرچاوە ل ٤٢ •

(٤٧) دینكرد : كتێبێكی پەهلەوی یەو لە پاش نەمانی دەوڵـەتی ساسانی نووسراوە ، لـــەم كورتەیە دا ، باسێكی مێژوویی بەنرخی ئەم دەوڵەتەی تێدایە • ئاڤێستا و زەند ، بە بناغەی دینكرد دا دەنرێن ، ئاڤێستای ساسانیش ، كە شتێكی كەمی لە بەر دەستدایە و لە دینكردا ، كورتە یەكی بەدی دەكەین ، كۆ كردنەوەی ئەو تێكستە پەهلەوی یانەیە كە بۆ سەردەمی نۆهــەمی زایین دەگەڕێنەوە • ئەمەش وەنەبێت تەنیا ئـەو تێكستانەی تێدا بێت ، كە دەر بارەی خوا پەرستین ، بگرە وەك ـ انكلوپیدیا ـ یەك ، هەموو زانیستەكانی تێدا كـــۆ بووەتەوە • زانستی سەرەتا و ئەفسانەی سەرەتاییەكان و ئەستێرە و دروست كردن و زانستە سروشتیەكان و یاسادانان وحیكمەتی كاركردنی سەردەمی ساسانی ، هەموو لەو ( ٢١ ) ـ نسك ـ ەوە وەرگیراون • ڕەنگە زۆربەی ئەم تێكستانەی كەبە خەتی ئاڤێستا نووسراونەتەوە ، نەك هەر ساسانی بوو بێت بەڵكو دەشێت كە هەندێكیان بە پەهلەوی ، بەر لەوەی بـــە ئاڤێستایی وەرگێڕابێت و لە كتێبە پیرۆزەكاندا لە یەك درابێت ، نووسرابنەوە •

ئەو كورتەیەی لە دینكردایە ، بەشەكانی زۆر ڕێك و پێك نین • بـە تایبەتی ئەوەی دەربارەی فەقێیەتی دەدوێت ، دوور و درێژە • بەڵام ئەوەی لـەسەرەتا و كۆتایی دەدوێت ، بـە چـەند ووشەیەك دوایی بێ هێنراوە : بڕوانە

ایران فی عهد الساسانین • ل ٤٠ ـ٤١ ـ ، ١٣١ •

دایه • وه ئەو کتێبە زەردەشتیيانەی تەنیا له ئایین دواون و به پەهلەوی نووسراون ، زۆربەیان له پاش ساسانی‌یەکان دانراون و نووسراونەتەوه • وه له سەدەی نۆهەمی زاییندا کۆمەڵێك له زانا ئاینی‌یه ( پرسی ) یەکان چالاکیەکی ئەدەبی ئاشکرایان نواندا • ئاڤێستا وزەندیش دوو سەرچاوەی یاسای ساسانی بوون[٤٨] •

سەر گوزەشتەی ( پەرسی ) یەکان[٤٩] دەڵێت کە پاش ئەوەی ( أردشیر ) هاتە سەر تەختی ئێران ، فەرمانی‌دا بە گەورەی داهەبوون ، خستوونیەتە نێو ئەم کۆمەڵە کتێبە پیرۆزەوه • بەڵام پەرت و بڵاوەکانی ئاڤێستای ئەشکانی ( پارتی ) کۆبکاتەوە و دانەیەکیان لێ بنووسێتەوه ، ئەو جا ئەم تێکستە کورت کراوەتەوه و بە کتێبێکی پیرۆز سەر ژمێر کراوه •

دوا ئەویش ( شاپوور )ی یەکەم کە کوڕی ( اردشیر ) و جێ‌نشینی بووه • ئەو تێکستانەی کە پێوەندی بە ئایینەوه و له پزیشکی و ئەستێره و میتافیزیکیا دەدوێن و له هندستان‌و یۆنان دا هەبوون ، خستوونیەتە نێو ئەم کۆمەڵە کتێبە پیرۆزەوه • بەڵام له ڕاستیدا ، ئەم سەر گوزەشتەیە وردنیه و ئەم کتێبانە هەڵبژاردەی

---

(٤٨) هەمان سەچاوه ل ٤٣

(٤٩) دوو سەر گوزەشتەی گرنگ له کتێبی سێهەم و چوارهەمی دینکرد ـ دا هەن کە سەرنجە تایبەتیەکانی ئاڤێستای هەخامەنشی بە تەواوی لابراون ، بەڵام گومان لە بوونی تێکستێکی ئەشکانی ئاڤێستادا نیه •
هەمان سەچاوه ل ١٣٠ پەراوێز •

چەند کتێبێکن کــە زانا ئێرانییەکان دایانناون ، هەرچــەندە کارتێکردنی شارستانێتی ( یۆنانی ) یان پێوە دیــارە • بــەڵام کاریگەری هیندییەکان بۆ سەر ئەم کتێبانە ئەوە بۆ سەردەمێکی تازەتر دەگەڕێتەوە •

شابوور ـ فەرمانی دا کە نوسخەیەك لەو ئاڤێستایەی تەنسەر ـ نووسییەوە لــە ( اذرکشسب ) لــە ( شیز )[٥٠] دا دابنرێت و زیــادە نوێکەشی بخرێتە ســەر ، بــەڵام ناکــۆکییە ئاینییەکان هەر بەردەوام بوو ، لەبەر ئەوە شاپووری دووهەم ، بۆ ئەوەی کە سنوورێك بۆ ئەم ناکۆکیە دابنێت ، فەرمانی بەستنی کۆڕێکی پیرۆزی دا بە سەرۆکایەتی دوو موبەت کە یەکێکیان ( آذربد مهرسندان ) بوو کــە بە تەواوی تێکیستی ئاڤێستای دیاری کردوو بەپێی ژمارەی نوێژ ( تیائاهوویرو ) ئاڤێستای کرد بە ( ٢١ )کتێب یا ( ٢١ ) ( جزم )ەوە[٥١] •

ئەو سەرگوزەشتەیەش دەڵێت کە ( اذربد ) پیرۆزیی ئەم تێکستەی بــە تەواوی سەلماندووە و لــە لایەکی دیکەشەوە دەگێڕنەوە کە ( ابتهال )ە کەی بە ئاگر دەست پێکردووە کــە ( داڕشتن مادەنە تواوەکەیە بە سەر سنگی ئەو کەسەی ـ ابتهال ـ دەکات ) •

---

(٥٠) شیز یا جنزك ، لە هەرێمی شیز لە ئازەربایجان •

(٥١) ایران فی ٠٠٠٠ ل ١٣١ •

اب فرانسوانو(٥٢) ویستی بـــه هـۆی نووسینه گفت و گۆیەکانی ( نصرانی ) یەکانەوه ، ئەوه نیشان بدات که تێکسته ( موزدی )یه پیرۆزەکان تا ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زایین ، له ڕێگەی قسەوه نەبێ ، بەکار نەهاتوون • وەهەتا ساڵانی دوایی سەردەمی ساسانی‌یه کانیش ، زەردەشتی‌یەکان کتێبی ئاینی‌یان نەبووه • بۆیه ئەو کاته موبەتەکان ، ترسان لەوەی سەرگوزەشته کۆنه ئاینی‌یەکان بفەوتێن • لەبەر ئەوه دەستیان به نووسینەوه و ڕێکخستنی ئاڤێستای ساسانی کـــرد و دەیانویست ئەوەی بـۆ ئاینی ئیسلامی ( اهــل الکتب ) لواوه ، بۆ شوێن کـەوتووانی ئاینەکەی ئەوانیش بلوێت •

له ڕاستیدا وشەی ئاڤێستا له سەدەی پێنجەم و شەشەمدا بەکار دەهات • بەڵام ( نو ) دەڵێت : ئەوه بەڵگەی بوونی کتێب نەبوو ، بەڵکو بەڵگەی یاسایەکی بەکار هاتووی سەرزاری بوو •وه لەسەدەی هەشتەم دا ، زانایان ، ئەو پیته ئاڤێستاییانەی کـــه دەربڕی دەنگەکان بوون ، به بیریاندا هات و له نوسخه کردنی تێکستەکەدا لەو ئەسڵەی دەخوێندرایەوه بەپیتی پەهلەوی لـه ( ٣٦٤ ) ی‌زاییندا نووسرابوو بەکاریان دەهێنا(٥٣)

ئــەوەی شایانی باســه کەنووسینی ئاڤێستایی ، ئەنجامی

---

(٥٢) له وتارێکدا له گۆڤاری ( تأریخ الادیـــان )ەوه ، جزمی ٩٥ ساڵی ١٩٢٧ ل ١٤٩ ــ ١٩٩ •

(٥٣) ایران ل ٤٩٥ •

لێکۆڵینەوەیەکی قووڵیَ دەنگەکانە لە زمانی پیرۆزدا(٥٤) وەپیتە دەنگدارەکان لە ئاڤێستادا لە وشەو ناو دا دەر دەکەون(٥٥) •

کریستنسن دانەری ( ئێران لە سەردەمی ساسانیەکان )دا لە وەڵامی وتەکانی ( نو ) دا ، دەربارەی ئەوەی کە زەردەشتییەکان تا ساڵانی دوایی سەردەمی ساسانیەکان کتێبیان نەبوو بێت ، دەڵێت ( تێوری یەکەی - نو - پشت بەوە دەبەستێت کە گوایە ئەو کتێبە - سریانییانەی پێوەندی - نصرانی - و موزدی لە سەردەمی ساسانیەکان دا دەردەخات ، بە هیچ جۆرێك دەربارەی نووسین یان کتێبی زەردەشتی نادوێت ، تەنانەت لەو ماوەیەی نێوان هەر دوو تایەفەکەشدا کە - نصرانی - یەکان ، تیایدا باسی ئینجیل دەکەن •

بەڵام باسی ویرد ، لە نوێژدا و چەند یاسایەك و چەند شتێکی دیکە دەکات • جگە لەمەش ئەو کتێبانە ، ئەوە نیشان دەدەن کە ( موزد ) یەکان ، سەر گوزەشتە ئاینیەکانیان لەبەر و ئەگەر بەوردی بخو یدرێت کارتێکردنی تەواوی تێدا بهێنین • بەڵام گومان لەوەدا نیە دەڵێت : موبەتەکان ئەو تێکستە ئاڤێستاییانەیان دەرخ کردووە کە لە خوا پەرستی دا بە کاری دەهێنن و ئەگەر بەوردی بخوێندرێت کارتێکردنی تەواوی تێدا دەردەکەوێت • بەلام تێکستە ئاڤێستاییەکان لە نووسینە

---

(٥٤) هەمان سەرچاوە ل ٤٩٧ •

(٥٥)هەمان سەرچاوە ل ٢ •

پیرۆزەکانی ( نصرانی - یـەکان ) زۆر جیـاوازە • وە ئەوەش ڕێ‌ی‌تێ دەچێت کـە نووسـەرە نصرانی - یەکان لـــە گفت و گۆیاندا زۆر کارامـــە بووبن و بـــە ئارەزوو نـاوی کتێبـە موزدادییەکانیان نەبرد بێت ، تا وا لە خوێنەرە نصرانی - یەکان بکەن کە هەست نەکەن دوژمنە ئاینیەکانیان کتێبیان بۆ هاتۆتـە خوارێ(٥٦) •

(٥٦) ایران ل ٤٩٥ _ ٤٩٦

# زمانی زەردەشت

هەروەکو بۆمان روون بووەوە ، زەردەشت بە زمانـــە میدی‌یە دواییەکەی مادەکان دواوە و لە ژووررووی میدیاش دا کە ئێستە بە موکریان ( ٥٧ ) ناو دەبرێت ، هاتۆتە دنیاوە • ئەم زمانەی زەردەشت کە وەك لە پاشکۆی ئاڤێستا ، زەند ئاڤێستا دا دەبینین ، نەك هەر لە شێوەی ئێستای موکریانەوە زۆر نزیکە، بەڵکو هەر زمانی ( موکری )ش خۆیەتی[٥٧] ئەم تیۆریەش لە لایەن زۆربەی لێکۆڵەران و پسپۆرانی وەك ( هورات و دارمستیر) پشتگیری لێکراوە کـــە کورتەی وتەکـــەیان دەڵێت [ زمانی ئاڤێستای زەردەشت ، زمانی ئێستای کوردی و زمانی دێرینە •

---

(٥٧) امین زکی بەگ ، مێژووی کورد و کوردستان ، چاپی دووهەم بەغدا ١٩٦١ ل ٢٨١ •

(٥٨) هەمان سەرچاوە ل ٣٠٨ • مستر جاکسۆن ، شارەزای بیر و باوەڕی زەردەشت ، دەڵێت [ زەردەشت لە نیوەی دوو ەمی سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا ، لە دایك بووە و لە کەناری گۆمی ورمێ ـ دا ، زانیـــاریەکانی بلاو کـــردۆتەوە ، تالـــە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمدا ، کۆچی دوایی کردووە :

امین زکی بەگ ، ل ٢٨١ •

وە زمانی فارسی ئەو دەمەش ، ئەو زمانەیە کە شوێنەوارەکانی ( پرسی پولس اصطخر )ی بێ نووسراوەتەوە • ئەو جیاوازیەی کە هۆی بەسەرهات و بارو دۆخەوە ، لەنێوان ئەم دوو زمانە دا رووی داوە ، بریتی یە لەوەی کە زمانی کوردی بە پێچەوانەی زمانی فارسی ، وشەی بێگانەی تێکەڵ نەبووە ، بەلکو توانیوێتی پارێزگاری تەواوی قەوارەی رێزمانی کارەکانی بکات • بەم پێیە زمانی کوردی ، پتر لە زمانی فارسی ئێستای دراوسێی ، پێوەندیە پتەوەکانی خۆی بە زمانی ئاری ـ یەوە پاراستووە(٥٩) •

زمانی کۆنی مادەکان ، زمانێکی ئێرانی ژووررووی رۆژئاوا ـ یەو ئەم زمانەش سەبارەت بە زمانی کوردی ، هەر وەك زمانی دێرینی عەرەبی خواروو وایە بۆ زمانی عەرەبی نوێ •وە لە لێکۆڵینەوەی بەراووردی زمانی ئاڤێستا دا ، ئەو زمانەی کە لەوەپێش بە ئاڤێستا ناودەبرا ، تا لە فارسی کۆن جیا بکرێتەوە• ئەم راستیە سەلمێنراوە و پاش لێکۆڵینەوە بە زمانی مادی ناو براوە •

گرنگترین بەشی ئاڤێستا ، ئەو بەشەیە کە بە گاتەکان واتە ـ سروودەکان ـ ناو دەبرێت و زمانێکی ژووررووی رۆژئاوایی یە • بێ گومان ئەم زمانەش ـ ماد ـ یەو زەردەشت سروودە پیرۆزەکانی

(٥٩) هەمان سەرچاوە ل ٣٠٩ ـ ٣١٠ •

خۆی پێ نووسیوون(٦٠) وە زەردەشت پاش پڵاو کردنەوەی بانگەوازەکەی لە میدیاوە بەرەو ژووررووی ڕۆژهەڵات ڕۆشتووە و زانیاریەکانی بڵاوکردۆتەوە • موریدەکانیشی ، وتەکانیان بە زمانە ناوخۆییەکانی ئەم ناوچەیە و زمانی زەردەشتی نووسیوەتەوە و لێکیان داوەتەوە زۆربەی ئەم شێوە زمانانەش بە ژووررووی ڕۆژئاوایی دەژمێردرێن •

هەروەها دارمستیر دەڵێت : [ زمانی کۆنی مادەکان ، هەر هەمان زمانە کە ئاڤێستای پێنووسراوەتەوە ،وە چاکتر وایە

---

(٦٠) پورداود : مامۆستای لێکۆڵینەوەی ئێرانی و پسپۆڕی ئاڤێستا و قوتابی ڕۆژ هەڵاتناسی ئەڵەمانیایی ( بایسولومی )یە ، کە لە ئاڤێستای کۆڵیوەتەوە وەریگێڕاوە دەڵێت » ڕاستتر وایە ، کە ئەو ئاڤێستایەی وتمان بە زمانی مادی نووسراوەتەوە و بۆ سەدەی حەوتەمی ـ پ • ز ـ دەگەڕێتەوە ، هی سەردەمێکی کۆنترە لە سەردەمی ماددەکان چونکە ئەم کتێبە ، لە ئاری ـ یەکان و مەلبەندەکەیان ( ئاریانافیجا ) دەدوێت ، وە هەرچەندە، کە لەهەرێمی میدیا دابووە و ئەو زمانەی پێی نووسراوەتەوە ، لە سەدەی حەوتەمی ـ پ • ز ـ دا زۆر پێشکەوتوو بووە ، بەڵام دەربارەی سەردەمی ماددەکان هیچ شتێکی دەر نەبڕیووە ، جگە لەمەش ، بەڵگەی دیکە دەربارەی چۆنێتی ژیـانی ئـەو کۆمەڵەی زەردەشت باسی دەکات ، هەیە و ئەم زانایە پەنجەی بـۆ ڕاکێشاوە • ئەمەش وا دەگەیەنێت کـە ئەو کتێبە بـە سەدە یەك یان دوو سەدە پێش مادەکان دانراوە و مێژووی نووسینی ئەم کتێبەش بۆ هەر دەمێك بگەڕێتەوە •• هەر بە کۆنترین کتێبی نووسراو ، لە زمانە ئێرانییەکاندا دادەنرێت•• ڕۆشتنبیری نوێ ، ژمارە ٣٦ ، ساڵی ١٩٧٤ ، ل ١٧ وتاری د • پاکیزە رفیق حلمی بە ناوی ( کوردەکانی ئـەمڕۆ کێـن ؟ )

زمانی ئەو کتێبە بە مادی ناوبەرین نەك بە ئاڤێستا ، بەو شێوەیەی زاناکان دەیدەنە پاڵ ئاڤێستا و لە نێوانیان دا بڵاوە •

هەروەها تیدسکو Tedesco دەڵێت : ( زمانی ئاڤێستا سەر بە زمانی ئێرانی ژووررووی رۆژئاوایە ) و هرتسفیلد ـ یش پشتگیری دەکات و دەڵێت [ زمانی ئێرانی رۆژئاواش ، هەمان زمانی ماد دەگرێتەوە ] • ( رولاند کنت )یش لە دەنگەکانی زمانە ئێرانیەکانی کۆڵیوەتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە زمانی ئاڤێستا ، لە گەڵ زمانی مادەکان پتر یەك دەکەوێت وەك لەگەڵ زمانی فارسی دا •

بەم شێوەیە ، دەبێت زمانی کوردی پاشماوەیەکی پێشکەوتوو ، و نوێ زمانی کۆنی مادەکان بێت و زمانی فارسی ـ ش هەر زمانی کۆن یان هەخامەنشی بێت[٦١] •

ئاڤێستا وشەیەکی کۆنی ئێرانی‌یە و واتای ـ پەناگە ، حەشارگە ـ دەگەیەنێت • وەکتێبی ئاڤێستاش لە دوو بەش پێك دێت ، یەکێکیان ( گاتەکان ) واتە سروودەکانە کە کۆنترین بەشی کتێبەکە یە و زەردەشت خۆی بە زمانی مادی ژووررووی رۆژئاوا رێکی خستووە و دوو هەمیش ئەو بەشەیە کە پیاوە ئاینی‌یە زەردەشتی‌یەکان ، لە زەردەشتەوە وەریان گرتووە و وتەکانیان لێك داوەتەوە و نووسیویانەتەوە بەڵام زمانی ئەم بەشەی

(٦١) هەمان سەرچاوە ل ١٧ •

دواییان له زمانی ( گاته‌کان )جیاوازه چونکه به‌چه‌ند شێوه‌یه‌کی ناوخـۆیی ، ژووررووی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهه‌ڵاتی ، لـه چـه‌ند ده‌رفه‌تێکی جیاوازدا نووسراوه ته‌وه •

وه‌ك وتمان ئاڤێستا له سه‌رده‌می پارته‌کاندا ، پاش ئه‌وه‌ی ( ئه‌سکه‌نده‌ری مکدونی ) ۳۳۱ - ۳۲۳ پ ز - هه‌ندێکی لێ وه‌رگێڕا بۆ زمانی یۆنانی و له دواییدا فه‌رمانی سووتاندنی دا ، کۆکراوه‌ته‌وه و نووسراوه‌ته‌وه • بۆ دوا جاریش له سه‌رده‌می ساسانیه‌کاندا کۆکرایه‌وه ، هه‌رچه‌نده که‌م و کووڕی زۆری تێدا هه‌بوو وه زمانه‌که‌شی له به‌ر کۆنی سه‌رده‌مه‌که‌ی لـه بیر چوو بووه • به‌و چه‌شنه چه‌ند به‌ندێکی په‌رت و بڵاوی نه‌بێت هیچی ئه‌وتۆی نه‌مابووه‌وه ، تا ( اردشیر بابکان ) هات و ئاینی زه‌رده‌شتی کرد به ئاینی وڵات و ئه‌و کاته فه‌رمانی دا که به‌شه‌کانی ئه‌م کتێبه کۆ بکرێته‌وه و داوای ئه‌لف و بێ‌یه‌کی ئاسانی بۆ کرد هه‌تا بۆ زمانی په‌هله‌وی ده‌ست بدات و سه‌رله نوێ به زمانێکی چاك بنووسرێته‌وه • ئه‌م ئه‌لف و بێ‌یه‌ش به ( دین دبیره ) یـان نووسین ئاینی ناو ده‌برا •

هه‌ندێ جار وشه‌ی زه‌ند له‌گه‌ڵ ئاڤێستادا به یه‌که‌وه ناو ده‌برێن و ده‌وترێت ( زه‌ند ئاڤێستا ) • ( زه‌ند )یش وشـه‌یه‌کی په‌هله‌وی‌یه و مانای لێکدانه‌وه ده‌به‌خشێت • واته ئه‌م دوو وشه‌یه بـه یه‌که‌وه مانای لێکـدانه‌وه‌ی ئاڤێستا - ده‌گـه‌یه‌نن ، یـان لێکدانه‌وه‌یه کی دیکـه شیان ده‌چێته سه‌ر و بـه ( پا زه‌ند )یـان

لێکدانەوانە وتراوە ( پا زەند ئاڤێستا )[٦٢] •

پاشکۆ ناو دەبرێت • بەو جۆرە لە کۆتاییدا بە هەموو ئەم

مسعودی کە لە ٣٤٥ ی کۆچیدا کۆچی دوای کردووە ، لە (التنبیه و الاشراف ) دا دەڵێت [ زەردەشت کتێبە بە ناوبانگەکەی ـ ئاڤێستا ـ ی نووسیوە • ئەم وشەیە لە عەرەبی دا دەبێتە (آبستاق ) و لە ( ٢١ ) سوورەت پێك هاتووە ، هەر سوورەتێك لە ( ٢٠٠ ) پەڕەدایە و لە ( ٦٠ ) دەنگ و پیت دروست بووە • بۆ هەر پیتە ، دەنگێك و ێنەیەك دانراوە کە هەندێ پیتی دووپات دەبێتەوە و هەندێکی لە ناو دەچێت • ئەمەش تایبەتی نیە بە ئاڤێستاوە ، بەڵکو زەردەشت ئەم خەتەی نوێ کردۆتەوە و مەجۆسی یەکان بە ( دین دبیرە )ی ناو دەبەن واتە نووسین ئاینی• ئەم خەتە لە سەر دوازدە هەزار پێستەگا دا نووسراوە و بە ئاڵتون، بە زمانی فارسی کۆن لە سەر ئەو پێستانە هەڵکەندراوە • بەڵام ئەمرۆ کەس واتای ئەو زمانە نازانێت ، زەردەشت لێکدانەوەیەکی بۆ ئاڤێستا داناوە و پێی وتووە ( زەند ) و لە پەهلەوی یەوە گۆڕیویەتە سەر زمانی فارسی • ئەمجا ، جارێکی دی ، ئەو زەندەی لێکداوەتەوە و ناوی ناوە ( پازەند ) • زانا موبەت و ( هراند )ەکانیش بۆ پازەند ، لێکدانەوەیەکی دیکەیان هێناوەتەکایەوە و پێیان وتووە ( بادرە ) کە هەندێك بە ( اکردە )ی ناو دەبەن • بەڵام کاتێك ( اسکندر ) بە سەر پاشای فارسەکاندا زاڵ

---

(٦٢) هەمان سەرچاوە ل ١٧ •

بوو ،و دارای کوڕی دارای کوشت ، ئەمانەی هەموو سووتاند. دوای ئەوەش زردەشت خەتێکی تری نوێ کردەوە مەجۆسی یەکان (کشنی دبیرە)ی پێ دەڵێن و مانای - نووسین هەموو - دەبەخشێت و زمانی هـــەموو نەتەوەکان و - هـاواری ئاژەڵان - ی پـێ دەنووسرێت • ژمارەی پیتەکانی ئەم خەتە(١٦٠) دانەیە ، بـۆ هەر پیتێك دەنگێك و وێنەیەك دانراوە و خەتی هیچ نەتەوەیەکیش ، پیتی لەم دوو خەتە پتر نیە بۆ نمونە پیتە یۆنانیەکان کە بە ڕۆمی - ناو دەبرێن ، ژمارەیان لە ( ٢٤ ) پیت زیادتر نیە و ( ح ، خ ، ع ، ب ، هـ ) ی تێدانیە • هەروەها پیتە سریانی یەکان ، ژمارەیان ( ٢٢ )پیتە بەڵام هەر چەندە ( عبری ) پیتەکانی کەرت کەرتە ، هەر بە سریانی دەژمێردرێت •

هەندێ پیتی عبرانی هەن کە وێنەکانیان لە سریانی و حمیری ناچێت ، وەك قەڵەمی حەمیر کە بە ( مسند ) ناو دەبرێت و لــە سریانی یەوە نزیکە • بەڵام پیتە عەرەبی یەکان بە هەردوو خەتەکەوە، ژمارەیان ( ٢٩ ) پیتە • جگە لەمانە پیتی هەموو نەتەوەکانی تر ، زۆربەیان لە یەك دەچن وە جگە لەم دوو خەتەی کە زەردەشت تازەی کردوونەتەوە فارسەکان پێنج خەتی دیکەیان هەیە کـــە هەندێکیان خەتی ( نبطي ) دەچێتە ناوو هەندێکی دیکـە لێ ی بەدەرە(٦٣) هەروەها مسعودی لە ( مروج الذهب ) دا دەڵێت :

---

(٦٣) التنبيه و الاشراف ، بيروت - دار التراث - ١٩٦٨ ل ٨٠ - ٨١ •

[ زەردەشت پەیامبەری مەجۆسییەکانە و ئەو کتێبەی بۆ خەڵکی هێناوە بە « زمزمە » ناسراوە • ناوی ئەم کتێبەش لای مەجوسییەکان « بستاه ، یان ئابستایە » •

فەرهەنگی ئەم کتێبە (٦٠) پێتە و ژمارەیان لە هی هەموو نەتەوەکانی دی زیادترە • وە لەبەر ئەوەی خەڵکی لەو ـ ئابستایە ـ نەدەگەیشتن ، زەردەشت ڕاڤە(*)ی بۆ داناوە و ناوی ناوە ( زەند ) ، ڕاڤەیەکی دیکەی بۆ ئەمەش دانا و ناوی ( پازەند )ی لێ ناوە ، تەنانەت پاش مردنی زەردەشتیش ، زاناکان بۆ هەر یەکێك لەو ڕاڤانە ، ڕاڤەی دیکەیان داناوە و بە ( باردە ) ناویان بردووە •

بەڵام مەجوسییەکان ئەم کتێبەیان بۆ لەبەر نەدەکرا کە بۆیان هاتبووە خوارێ ، لە بەر ئەوە زاناکانیان بە حەوت یەك و چاریەك و سێیەك ، وردە وردە پێیان لەبەر دەکردن(٦٤) •

---

(٦٤) مروج الذهب و معادن الجوهر ، جزمی ـ ١ ـ بیروت دار الاندلس ـ ١٩٦٥ ، ٢٥٢ •

* ڕافە : شرح : وەرگێڕ .

# قۆناغی مێژوویی ڕۆڕانی زمانە ئێرانیەکان

١ ـ قۆناغی کۆن :

لەم قۆناغەدا ، ئەم زمانانە ، بە زمانە کۆنە ئێرانیەکان ناو دەبرێن مێژووەکەشیان بۆ نێوان سەدەی ( ٧ ـ ٤ پ • ز ) دەگەڕێتەوە کە لە ئاڤێستاوە ، واتە لە سەدەی حەوتەمی ( پ • ز) ەوە دەست پێ دەکات ، بەتایبەتی ئەو بەشەی ( گاتە )ی پێ دەوترێت و بەکۆنترین و گرنگترین بەشی ئاڤێستا دەژمێردرێت، کـــە زەردەشت ، بـە شێوە نەتەوایەتیەکەی خۆی ـ شێوەی ژوورووی ڕۆژئاوایی ـ پێی دواوە و لە لایەن پیاوە ئاینیەکانەوە لەبەر کراوە و نووسراوەتەوە •(٦٥) •

گاتە ـ سروود ، کۆنترین پەیامی ئێرانیە و بە زمانی ئێرانی ژووروو نووسراوەتەوە ، وە زمانی کوردی بە زیندووترین و پێشکەوتووترین درووست بووی لـــە قەڵەم دەدرێت • ئـەم

---

(٦٥) گوڤاری کۆڕ ـ ژمارە ـ ١ ل ١٨٢ ، وتاری د • پاکیزە رفیق حلمی کە لە سەرچاوەی
ـ ەوە وەری گرتووە •

سروودانەش بەڕێك و ڕەوانی پارێزراون(٦٦) چونکە وتەی خودی زەردەشتن و لای ئێرانی یەکان پیرۆز بوون و وایان داناوە ، کە گوایە ئەم سروودانە ، لە ئاسمانەوە بۆ زەردەشت هاتوونەتە خوارێ • بەلام زمانی ئەم سروودانە لەگەل زمانی بەشەکانی تری ئاڤێستادا ، جیاوازی گەورەی هەیە • بۆیە بە پێویستی دەزانین کە لە ڕەگەزی کۆنی مادەکان و زمانی نوێی کوردی بدوێین •• ئەمجا سەبارەت بەو بنچینەو ڕەگەزەی زمانی کوردی و نووسینی کوردی لێوە پەیدا بووە ، دەست بە لێکۆلینەوەی بەراوورد ـ ی بکەین(٦٧) •

بەو پێیە دەتوانین کە زمانی کوردی بە کۆنترین نموونەی نووسراوی زمانە ئێرانی یەکان و کۆنترین زمانیش لە خێزانە زمانی هیندۆ-ئەورووپایی دابنێین،لە پاش نووسراوە میتانی و(٦٨)

---

(٦٦) گۆڤاری کۆڕ ل ١٨٢ لە

[Hya Gershevith The Aresten Hgmnotomithre Cambridg 1961].

ـ دوە وەرگیراوە •

(٦٧) گۆڤاری کۆڕ ـ ل ١٨٣ ، ٢٠٩

(٦٨) میتانی یەکان :

چەند کۆمەلێکی شاخاوین لە نەتەوە هیندۆ ـ ئەورووپاییەکان و ئەو هەرێمەی دەکەوێتە ڕۆژهەلات و ژووررووی دەریاچەی ( وان) یان ( ارمینیا )ی ئێستەوە ، بە شوێنی ئەسلێیان دادەنرێت • لەدەور و بەری سەدەی هەژدەهەمی ( پ • ز ) دا ، میتانی ـ یا ( حووری ) یەکان ، لەو ناوچەیەوە کە دەکەوێتە نێوان دەریاچەی ( وان ) و چیای زاگرۆس ـ ەوە ، بەرەو ولاتی ئاشووری یەکان ،

( حیثی )یـەکان و ( ڕەك ڤیـدا )ی هنیدی ، کـە لـــە سەدەی دوازدەهەمی پێش زاییندا بە زمانی سەنسکریتی نووسراونەتەوە٠

کەوتوونەتە ڕێ و کۆچی ئەمانەش ڕێکەوتی کۆچی - کیشی - یەکان بـەرە و عیراق و هەگسۆس ـەکان بەرە و ( مصر ) ی کـردووە ٠ حووری - یەکان ، توانیان تەخت و تاراجی وڵاتی ئاشووری یەکان تێك بدەن و بێ ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو ، دا بمەزرێنن ، چەند میرنیشینێکیان لـە سوریا و فلسطین و هـەندی جێی ناوەڕاستی ئاسیا دا پێکەوە نا ٠

حـووری و میتانی یەکان ، سـەر بە یەك ڕەگـەزی هیندین و پاشاکانیان لە چەند ماڵە پاشایەکی هیندییەوە هاتوون و زۆربەی ناوەکانیشیان هەر هیندییە ٠ هەر ئەوانیش بوون کە پیشەی وڵاخ بـە خێوکردنیان ، هێنایە ڕۆژ هـەڵاتی خوارووەوە ٠ میتانییەکان لە ناوەڕاستی هەزاری دووهەمی پێش زاییندا ، لە ژووررووی سوریا، بە تایبەتی لە هەرێمی بالخ و ( خابووری فرات ) دا ، مەڵبەندێکی گـرنگ بۆ خـۆیان دا بمەزرێنن و شـاری ( واشـوکانی ) کـە شوێنەوارەکانی لە ( رأس العین - لە سەر خابوور ) دا ، ماوە بکەن، بە پاتەخت بۆ مەڵبەندەکەیان ٠ مەڵبەندی سەرەکیشیان لە عیراق دا ، لە ( ارانجا ) واتە کرکوکی ئێستادا بووە ٠ جگە لەمە ، لـە نزیك کەرکوکەوە ، شارێکی دیکەیان بە ناوی ( نوزی )ەوە هەبووە کە ئێستاش شوێنەواری لـە ( یورگان تەپە ) کە (١٨) کـم لـــە کەرکووکەوە دوورە ، هەر ماوە ٠ بەڵام هێندەی نەخایاند کـــە پانشینێکان ،بە ناوی میتانییەوە، کە لە ( کرکمیش ) و ( طرابلس) ئێستاوە تاچیای زاگرۆسی ـی دەگرتەوە ، بۆ خۆیان دامەزراند ٠ جگە لەمانەش ، لە سەدەی پازدەهەمی پێش زاییندا ، دەرکەوت کە ، ئەمانە لە فینیقیا و ( فلسطین ) یشدا هەر هەبوون ٠

زمانی میتانی یەکان ، زمانێکی ئاڵۆزەو لە چەند نەتەوەیەکەوە چەند و شەیەکی خوازراوی هاتۆتە ناو ٠ ئەم زمانە بە چەند پیتێکی بزماری نووسـراوە و زیاتریش بزماریی ئەکـەدی - یان تێدا بـەکار هێناوە ، ئەمەش وای لە زاناکان کرد کە بنچینەی زمانی حوری و

**ئەوەی شایانی باسە، کۆنترین نووسراوی زمانە هنیدی یەکان، چوار کتێبە پیرۆزەکەی ( ڤیدا ) یەو مێژووی کۆترینیان ، واتە ـ ڕەك ڤیدا ـ بۆ سەدەی دوازدەهەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە •**

---

میتانی یەکان ، نەك هەر بۆ زمانی کۆنی ئورارتو ـ بەڵکو بۆ زمانە جۆرا و جۆرە تازەکان و زمانە قوقاسی ـ یەکانیش بگێرنەوە :
بڕوانە :
[ العرب و الیهود ، د احمد سوسه ل ٩٥ ـ ٩٧ ] و
E. Aspeiser : in teduce tion to Harria, 1941.

زماناسەکان ، توانیان شارەزایی لە زمانی حووری و پێك هاتن و ( مفردات ) ەکانیدا پەیدا بکەن و سەدان ژمارە لە ( نوزی )دا دوززرانەوە ، کە لە سەر قوڕ بە نوو سینی بزماری میتانیو حوری نوسرابوونەوە ، ئەمەش بەڵگەی ، نامە و نامەکاری نێوان پاشاکانی ئەو سەدەمە بوون ، جگە لە چەندان نموونەی دی ، کە شاری ( ئالاخ ) لە سوریا و شاری ( ماری ـ تل حریری ) لە ڕۆژهەڵاتی سوریا دا ،دۆززرانەوە لە دەرباری ( زمریلم ) ی پاشای ( ماری ) ، هاو چەرخی( حامورابی ) شدا ، چەند ژمارەیەکی دیکە لەم جۆرە ژمارانە دۆززرانەوە ، کە چەند تێکستێکی حووری لە سەر بووە و لە ( بابلی ) یەوە وەرگێڕاونەتە سەر حووری • لە شاری خاتوشش ـ بوغازکوی ئێستا ـ لە ناوەڕاستی ئاسیادا چەند پارچە ژمارەیەکی ( قوڕی ) یان دۆزیوەتەوە ، کە ئەفسانەی گلگامش ـ ی بە زمانی حووری لە سەر نووسراون •

شایانی باسە ( حیثی )ەکان لە هەزاری سێهەمی پێش زاییندا لە وڵاتی ( اناضول ) نیشتەجێ بوون و پاش ئەوەی بەگژ حووری و بابلی و مصری ـ یەکاندا چوون ، توانیان پاشانشینی میتانی بڕوخێنن و لەگەڵ ئاشووری یەکاندا بیکەن بە دوو بەشەوە و ڕووباری ـ فرات ـ بکەن بە سنووری نێوانیان • زمانی ئەم حیثی ـ یانەش ، سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپاییە و پیتی بزماری کۆن ، کە لە حووری ـ یەکانە وە ، وەریان گرتووە ، ئەم زمانەیان نووسیوەتەوە • بڕوانە :

زمانی ئەم کتێبانەش ، بە کۆنترین زمانی هیندۆ ـ ئەوروپایی و بگرە بـە کۆ نترین زمانی نووسراوی جیهانی ـ ش لـە قـەڵەم دەدرێت •

ئەم کتێبانەش ، بەو زمانە ناو خۆیی یانە نووسراونەتە ـ وە کە لە نێو خەڵکی دا بڵاو بوون و بە هۆی هەندێ بارو دۆخەوە ، دوو چاری لە ناو چوون و شێواندن و بیرچوونەوە بوون • لەبەر ئەوە پیاوە ، ئاینیەکان دەستووریان بۆ ڕێزمان و ، ئەلف و بێ یان بۆ نووسینەوەی داناوە ، بە مەبەستی ئەوەی کە خەڵکی بۆیان زمانێکی وەها ڕێك و پێك بنووسرێتەوە ، کە خەڵکی بۆیان لەبەر بکرێت و لێی تێ بگەن • بەو شێوەیە هەتا سەدەیەك پێش زایین ، زمانی سەنسکریتی هاتە کایەوە و توانی یان کتێبە پیرۆزەکانی پێ بنووسنەوە ، ڕۆشنبیری و زمانە ناوخۆییەکان بوون بە زمانی تێگەیشتنی لە نێو خەڵکیدا و ( باراکرات ) ی بە سەر دا بڕا و نزیکترین شێوە زمانی نوێش بـۆ سەنسکریتی

---

العرب و الیهود ـ ل ١٠١ •

لە پاتەختی حیثی ـ یەکان ، خاتوشش ـ دا ، چەند نووسراوێکی بزماری دۆزراونەتەوە ، کە ژمارەیەك لەو ( سجل )ە پاشاییانەی تێدایە ، کە مێژووی زۆر بەیان بۆ سەدەی سیازدەهەمی بەرزایین دەگەڕێتەوە ، ئەم پارچانەش ، بە زمانی ( حیثی ) نووسرابوونەوە •

هەمان سەرچاوە ـ ل ٤٦٦ •

لە کۆتاییدا دەڵێین کە (حیثی ) یـەکان ، زۆر چیرۆك و ئەفسانەی ئاینی بابلی ـ یان ، لە ڕێگەی زمانی ـ حووری ـ یەوە وەرگێراوەتە سەر زمانەکەیان •

( حوجرافی و بنجابی ) بوو • بەڵام شێوە ناوخۆییەکان واتە ( بارا کرات ) نموونەیان زۆرە ، وەك [ مهراتی ، بەنگالی ، هیندستانی ، سندی ] • [٦٩] •

دوا نووسراوی زمانە ئێرانیەکان ، ( ئێرانی خواروو ) بریتی‌یە لەو نووسینە بزماریانەی کە بۆ سەردەمی هەخامەنشی‌یەکان دەگەڕێنەوە و مێژووی کۆنترینیشیان بۆ ناوەڕاستی سەدەی پێنجهەمی پێش زایین [٧٠] •

٢ ـ قۆناغی ناوەندی :

لەم قۆناغە دا ، زمانە ئێرانیەکان بە پەهلەوی ناودەبرێن ، سەبارەت بە ( برتو پارتیا ) [٧١] یا خۆراسانی ئەمڕۆ یا وڵاتی ئەشکانی‌یەکان • ئەم قۆناغەش ، پاش کۆتایی قۆناغی یەکەم ، واتە ٣٠٠ ی پێش زایینەوە تا هاتنی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاییندا ، دەست پێ دەکات •

زمانەئێرانی یەکانیش ، لەم قۆناغەدا ، دەبنە دوو بەشەوە

آ ـ بەشی پەهلەوی ، یا پارتی ( ئەشکانی ) ـ ئێرانی ژووروو، کە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەشکانی‌یەکان

---

(٦٩) ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ٣٦ ـ ل ١٧ •

(٧٠) گۆڤاری کۆڕ ، ژمارە ـ ١ ـ ل ٢٠٩ •

(٧١) پارتیا ، یان ( پرثوە ) ، ئەم وشەیە لە دواییدا گۆڕراوە و بووە بە پەهلو سرتو ـ پەهلەوی ـ فەهلەوی •

دەگەڕێتەوە (٧٢) ( ٣٠٠ پ ٠ ز - ٢٢٦ ز ) و گرنگترین وێنەی نووسراوی ئەم بەشەش ، ئەو دەستنووسە ( مانوی) یانە یە کە لە هەرێمی ( تورڤان ) ی تورکستانی چین دا دۆزراونەتەوە ، جگە لەو نووسینانەی کە لە سەر پێستە

---

(٧٢) ئەشکانی و پارت ، لە گەلانی ژووررووی ئێرانن و سەر بە نەتەوە ئاری یەکانن ، ئەم دووگەلە ، لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی پێش زایینیدا ، لە ژووررووی ئێران دەرکەوتوون و دوایی بەرە و خواروو ، رۆژ ئاوا ڕۆشتوون ٠ ( ارشاق )ی سەرۆکیان ، لە ٢٤٧ ی پێش زایینیدا ، توانی ( سلوقی )ەکانی دەست پێوەندی ئەسکەندەر ، لە ئێران دەربکات و کۆتایی بە فەرمانڕەواییەکەیان بهێنێت ٠ دوا ئەویش ( متردیدات ) ی یەکەم لە ساڵی ( ١٤١ ی پ ٠ ز ) دا عێراق - ی داگیر کرد و سلوقیە - سەلمانپاك - ی گرتە دەست ٠

سەلمانپاك -یش دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە و سەرکردەی یۆنانی - یەکان و یارمەتیدەری اسکندر ، دروستی کردووە و ، کردوێتی بە پاتەختی دەوڵەتی ، سلوقی - یەکان - دەوڵەتی ( پارت ) لە چەند پاشانشینێك هاتبوو بۆیە ناوی ( پاشای پاشایان) یان بە سەردا بڕی ٠ بەڵام شەڕی ( پارتەکان ) لە سوریادا ، هەر بەردەوام بوو ٠

پاش ئەوەی ، بە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی سلوقی - یەکانەوە، دەسەڵاتی ڕۆمانی یەکان ، زیادی کرد ئەم ناکۆکی یە لە لایەکی دیکەوە ، سەری هەڵدا ٠ بەڵام ئەمجارەیان لە نێوان پارت و ڕۆمانی یەکاندا بوو ٠ و هەوڵ و کۆشش ڕۆمانیەکان بە فیڕۆ چوو ، تا لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان میرنشینە پارتەکان خۆیاندا ، تەختی پاشاییان بەرەو لەق بوون چوو ٠ بەڵام ( اردەشیر ) ی فارس ساسانی ، لە ٢٢٧ ی زایینیدا ، بە یەکجاری دەستی بە سەر ئەم پاشا نشینەداگرت و هەرێی موڵك و سامانی دەوڵەتی ( پارت ) بوو گرتیە ژێر دەستی خۆی ٠ العرب والیهود ل ٤٨٨ - ٤٩٩ ٠

ئاسـک نووسراونەتەوە و لـە چیاکانی ( هـەورامان )ی کوردستانی عێراق دا دۆزراونەتەوە ، کە مێژووەکەیان بۆ کۆتایی سەدەی دووهەمی پێش زایین ( ١٢٠ پ • ز ) دەگەڕێتەوە •

زماني ئێستای کوردی ، کە وتمان شێوەیەکە لە شێوەکانی ژووروری ڕۆژئاوای ئێران ، لە زمانی پەهلەوی ، یان ئەشکانی - یەوە زۆر نزیکە ، چونکە ئەمیش هەر شێوەیەکی ڕۆژئاواییـە وەك ئەو ، کەوا بوو پەهلەوی بریتییە لەو قۆناغە ناوەندیەی کە ئەو قۆناغە کۆنەی بە سرووده ئاڤێستاییەکان دەست پێدەکات و قۆنـاغی نوێ زمانی کـوردی بەیەکەوە دەبەستێتەوە • ئـەم قۆناغەش مێژووی زمانی کوردی - مان لە کۆنەوە تـا ئێستا ، پیشان دەدات(٧٧) •

هەندێك لە لێکۆڵەران ، دەڵێن ( ڕەنگە زمانی کوردی لەم قۆناغەدا ، بە هۆی شێوەی هەورامان - ی ، لوڕی - ( فەیلی )(٧٤) یەوە بە زمانی ئەشکانی بگاتەوە شێوە ئێرانی ژووروو و ڕۆژ هەڵاتیەکان - یش بە پەهلووی ئەشکانی ناسراون کە نوێنەری قۆناغی ناوەندی زمانە ئێرانییە ژووروەکانن • ئەم پەهلەوی ئەشکانی - یەش بوو بە زمانی نووسین و بە زیندوویی تا دوای سەردەمی ئەشکانییەکان مایەوە(٧٥) •

---

(٧٣) دەفتەری کوردەوازی ژمارە (٣) ساڵی ١٩٧٠

(٧٤) گۆڤاری کۆڕ ژمارە (١) ل ١٩٦ •

(٧٥) هەمان سەرچاوە ل ١٩٥ •

شێوەی ئێستای هەورامان ـ یش ، شێوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ـ یە چونکە (وشەی هەورامان کـە لـە کوردیدا مانای ( هەڵهاتن ) ـ دەبەخشێت وەك لە وشەکە خۆیدا دیارە ، لە شێوەی هەروامانی یەوە نزیکە ، (وشەی ( روی هەورامان ) یش بە شێوەی هەورامان ، واتای ( ڕۆژهەڵ هات ) دەگەیەنێت و وشەی خوراسان ـ یش مانای ـ بیرچوونەوە ـ • )

( سەبارەت بە شێوەی فەیلی ـ یش ـ هەمان شتە چونکـە وشەی فەیلی ، بە پێی دەنگ گۆڕکێ لە زمانە ئێرانی یەکان دا ، پیتی ( ی ) بووە بە ( ف ) و ( هـ ) بووە بە ( ی ) و هەمووشی بووە بە ناو بۆ ( لوڕ ) واتە فەیلی • )

وشەی (پەیلی ـ پەرتی ) کۆنیش بووە بە ناو بۆ پارت یان ئەشکانی یەکان • بەو جۆرە زنجیرەی سێهەمی مێژووی نوێی زمانی کوردی ، بە هۆی شێوەی هەورامانی و لوڕی ( فەیلی ) یەوە بە پەهلەوی ئەشکانی دەگاتەوە(٧٦) •

دەربـارەی ئەم قۆناغـە ـ ناوەندی ـ کریستنس دەڵێت : [ لە نێوان ئاڤێستای کۆن ، کە گاتە ـ سروودەکان پێك هاتووە و ئاڤێستای تازەدا ، جیاوازیەکی ئاشکرا لە ڕووی زۆرە خوایی و بیرە ئاینی یەکانەوە هەیە ، وە لە سەرەتای سەردەمی ( البرت )،

---

(٧٦) هەمان سەرچاوە ل ١٩٥ ـ ١٩٦ ، دەربارەی ئەو نووسراوانەی لە شاخی هەورمان دۆزراونەتەوە ، بڕوانە

Ronald Kent : Old Persian, P. 7.

( پارتەکان ) ەوە ئەو کتێبەی ئاڤێستا کە بە ناوی ( وندیدات ) ـ ی دیودار یاسـای دژ بـە شەیتانەکان ـ دانرا و بریتی بووە لـە یاسای زەردەشتی بۆ ئاینی زەردەشتی خۆی ، ئەمەش لەو کاتەدا کە زمانی ئاڤێستا ، زمانێکی مردوو بوو ، پیاوە ئاینی‌یەکان هەوڵی پاراستنیان دەدا • ]

بـەڵام ئـەو نوسـخانەی ئاڤێستا[77] کـە لـەم ماوەیەدا نووسراونەتەوە ، شتێکی ئەوتۆمان لێ‌ی دەست نەکەوتووە •

ب ـ بەشی دووهەم لە زمانە پەهلەوی‌یەکان ، پەهلەوی ساسانی‌یە و سـەر بەو پاشا ساسانی‌یانەیە کـە پاش ئەشکانی ، فەرمانڕەوابیان کردووە و هـەر ئەوانیش لـە ( ٢٢٦ ) ی پێش زاپیندا ، لە هەرێمی فارس ، لە خوارووی ئێران دا ئیمپراتۆریتی ( ساسانی ) یان دامەزراندووە •

نموونە نووسراوەکانی زمانی پەهلەوی ساسانی ( کە لـە زمانە ئێرانی‌یە خوارووەکانە ) لە پەهلەوی ئەشکانی زیادترە و زۆربە شیان لە خوارووی ئێران دا دۆزراونەتەوە[78] • مێژووی ئەم نووسراوانەش ، بۆ سەدەی سێهەمی زایین[79] دەگەڕێتەوە و بریتین لـە کۆمـەڵێ کتێبی زەردەشتی وەك ( دین کـرت یـا دینکرد ) جگە لە دەیان لێکدانەوە و ڕاڤەی دیکەی ئاڤێستا •

---

(٧٧) هەمان سەرچاوە ل ٢١٠ •
(٧٨) دەفتەری کوردەواری ژمارە (٣) ل (١٠٤) ، د پاکیزە رفیق حلمی •
(٧٩) گۆڤاری کۆڕ ل ٢١٠ •

# چەند رایەك دەربارەی زمانی پەهلەوی

مینورسکی لەو باوەڕەدایە کـــە ( پەهلەوی ، هـــەر فارسی‌ی ناوەراست بێت )(٨٠) • بەلاّم مامۆستا ( امین زکی بەگ ) کە لە کتێبی [ ئێرانی کۆن ـ حسن بیرینـا ]ەوە وەری گرتووە ، دەلێت [ لەو بڕوا نامانەدا کە لە سەردەمی هەخامەنشی‌یەکان دا نووسراونەتەوە ، وا دەردەکەوێت کە زمانی یەکەمی فارسەکان ، لە نووسینەوەی ( مراسیم )ە پاشاییەکاندا بەکار هاتووە ، لـەو کاتە دا کە پەهلەوی ـ یان زمانێکی نزیکی لەو ـ لە گفت و گۆدا بەکار هاتووە ، هەر ئەو بڕوانامانەش وا دەگەیەنن ، کە لە هەرە زمانی کۆنی ئاری‌یەوە،فارسی یەکەم و سەنسکریتی ، وەرگیراون و پێگەیشتوون • بەلاّم ئەم زمانە هاوبەشە تا ئێستا هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ نازانین ، وە لە لایەکی دیکەوە ئەو بڕوا نامانە ، ئەوە پیشان دەدەن کە زمانی پەهلەوی لە ئاخر و ئوخری سـەردەمی هەخامەنشیەکان دا زمـانی خـەڵکی‌و زمـانی قسـە کـردن بووە • وە لە سەردەمی ( البرت ) و ساسانی‌یەکان دا هەر بـەو جۆرە بەکار هاتووە و پاش نەمانی دەوڵەتی ساسانی یەکان بـۆ

---

(٨٠) الاکراد ـ ملاحئات وانطباعات ، مینورسکی و ترجمة د معروف خەزنەدار ـ ل ٣٧ •

ماوەیەك ، لـە سـەر تاپای وڵاتی ئێران بـە تایبەتی لـە هەرێمی ( طبرستان ) دا بڵاوو بووەوە کە هەر شێوەی زمانی قسەکردن ماوەتەوە ][81] .

لە لایەکی دیکەوە ، مامۆستا ( أمين زكی بـەگ ) دەڵێت [ استرابون[82] کە جوگرافیازانێکی یۆنانی‌یە ، دەڵێت :ـ کاتی خۆی ـ ماد و فارسەکان لـە یەکتری دەگەیشتن ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت ، کە زمانی مادەکان ، لەم ماوەیەدا ، هەرچەندە لـە فارسی‌یەوە زۆر نزیک بووە ، بـەڵام فارسی نەبووە[83] ] . ئەمجا دەڵێت : [ لـــە کۆتایی سەردەمی هەخامەنشی‌یەکاندا ، زمانی پەهلەوی ، هەموو (ئێران ) ی گرتەوە ، چونکە ئەو زمانەی کە لە ڕۆژئاوای ئێران دا ، لـــە دوا ـ اسکندری مەکدۆنی ـ دۆزراوەتەوە ، زمانی پەهلەوی بووە و ( پەهلەوی )ش بووە بە ئاڵایەك بە سەر لەوحە و پارەی ساسانی‌یەوە و خەڵکی ( أصفهان و ری ) و هەمەدان و ئازەربایجان و نەهاوند واتە پاشا نشینی کۆنی مادەکان بەم زمانە دواون ][84]

---

(81)مێژووی کورد و کوردستان ٣٠٠ .

(82) لە سەرەتای یەکەمی زاییندا ( سەردەمی ئەشکانی‌یەکان ) کۆچی دوایی کردووە

(83) مێژووی کورد ل ٢٩٨ ، لە ( ئێرانی کۆن ـ حسن بیرنیا )وە وەرگیران طهران ١٩٢٩ .

(84) هەمان سەرچاوە ( لە کتێبی زمان و نووسین و بیرو بـاوەڕی فارسەکانەوە ، وەرگیراوە ) ل ٣٠١ .

ئەم ناوچانەش لە کتێبە عەرەبی یەکان دا بە وڵاتی پەهلەوی ـ یەکان ناو براون[٨٥] هەروەك لە کتێبی ( مختصر البلدان ) دا دەڵێت ( ئەم خاکە بە وڵاتی پەهلەوی ـ یەکان ناو دەبرێت[٨٦]) •

لە وتەکانی (کاترمر) دا ـ وا دەردەکەوێت ، کە مێژوو نووسە یۆنانی‌یەکان پەهلەوی ـ یان بە وڵاتی ( البرت) وتووە • بەڵام مێژوو نووسە ئەرمەنی یەکان ، دەڵێن ئەم ناوە ، ناو نیشانی پاشا ئەشکانی‌یەکانە •

( ابن حوقل النصیبی ) ـ ابو القاسم أحمد بن حوقل ـ لە کتێبی ( مسالك وممالك ) دا کە لە ٣٣١ ی کۆچیدا دانیاوە ، لە باسی ئێرانی کۆن دا دەڵێت :

( لە ئێرانی کۆندا ، سێ زمان هەبوو ، یەکەم فارسی کە هەموو دانیشتووانی ئێران قسەیان پێ دەکرد ، دووهەم پەهلەوی کە لە دواییدا بوو بە زمانی ئێران و ئێستا پیاوە ئاینی‌یە مەجوسی‌یەکان ، ڕووداوە کۆنەکانی پێ‌تۆمار دەکەن ، ئەمجا عەرەبی کە لە نووسینەوەی بڕوانامە و کارو و باری ڕەسمیدا بەکار دەهات •

---

(٨٥) بڕوانە : ابن القاسم عبدالله ، کە بە ( ابن خردازبە ) ناسراوە ( المسالك و الممالك ) ل ٥٧ ، ئەمجا ابی عبدالله المقدسی البشاری ( احسن التقاسیم ‌I معرفە الاقالیم ) لە ( ٣٧٥ )ی کۆچی داینا‌وە ، ج ( ٢ ) ل٣٨٤

(٨٦) ابی بکر احمد الحمدانی ، کە بە ( ابن الفقیە ) ناسراوە ، مختصر البلدان •

وه له جوگرافیای ( ملطبرون ) له وتاری (٥٥) دا ، که دێته سەر باسی وڵاتانی ئاسیا ، دەڵێت [ زمانی زەند و پەهلەوی ، کۆنترین زمانی ئاریین ، زەندی ، لە کتێبە ئاینی‌یە کۆنەکانی ئێران دا ، وەك ئاڤێستا بە کار هاتووەو لە نێو خەڵکیدا ، بڵاو بۆتەوە و بووە بە زمانی قسە کردن • کە تا ئێستاش لە نێوان زانا مەجۆسی‌یەکاندا ، بە زیندوویی هەرماوەتەوە و وەك زمانێکی ئاینی ، پایەی خۆی پاراستووە ، هەڵبەت ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی لەیەك چوونی لە ڕادە بەدەری نێوان ئەم دوو زمانەیە لە بنجینە و بناغەدا • بەڵام وەك دەردەکەوێت ، زمانی پەهلەوی لە میدیای گەورە و فارس دا بڵاو بۆتەوە و زمانی قسە کردنی خەڵکی بووە ، هەندێکیش دەڵێن ، لە سەردەمی ئەو پاشایانەی کە نەوە و کوڕەزای ( کۆرش )ی دامەزرێنەری دەوڵەتی هەخامەنشی‌یەکان بوون ، ئەو دەوڵەتەی لە ( ٥٥٩ ـ ٥٢٩ ) ی پێش زاییندا دە وامی کردووە ، زمانی ڕەسمی دەوڵەت بووە ••(٨٧) •

---

(٨٧) امین زکی بەگ ، مێژووی کرد ل ـ ٣٠٤ ـ •

# شوێنەوارە دۆزراوەکانی تورکستانی چین

## شوێنەوارەکانی تورکستان چین
## لە هەرێمی ( تورفان )

ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو زمانە پەهلەوی یەی هەندێ جار بە فارسی ناوەڕاست ناو دەبرێت ، پتر لە شێوەیەك دەگرێتەوە ، لەم بارەیەوە کرلیستنس دەڵێت :

[ بە هۆی ئەو دۆزینەوانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، لە تورکستانی چین دا ڕوویان دا(٨٨) ، وە بە هۆی ئەو تێکستانەی کە هەندێ تاقمی نێردراوی بێگانە لە ئەدەبی ( بوذی ) و ( مانوی ) و ( مسیحی ) بە زمانی - سەنسکریتی و چینی و تیبتی و ئیگوری و پەهلەوی و صفدی و طنحاری - یەوە کۆیان کردبووەوە ، لە زمانە ئێرانی‌یەکانی ناوەڕاستدا ، پتر زانیاریان پەیدا کرد وە بەر لە زانینی ئەم شوێنەوار و دۆزینەوانە ، دوو شێوە زمانی ئێرانی لە ڕەگەزی زمانی ئێرانی ناوەڕاست ناسران . یەکەمیان ، پەهلەوی ساسانی بوو کە لە خواروی ڕۆژئاوای ئێران - فارس ، لە سەردەمی ساسانی‌یەکاندا ، زمانی قسەکردن و زمانی ڕەسمیش بوو بەڵام دووهەمیان ، هەر ئەو زمانە بوو کە

---

(٨٨) تاقمێك نێردراوی ئینگلیزی و ئەڵەمانیای و فەرەنسایی و سۆڤیێتی و یابانی ئەم کارەیان بە ئەنجام گەیاندووە .

له گەڵ پەهلەوی ساسانی دا دەرکەوت و لەسەر هەندێ نەخش و نیگار دۆزرایەوە و یەکەم جار بە ناوێکی نا بەجێی وەك ( کلدانی پەهلەوی )یەوە ناو نرا ، که هەر لەم زمانەی دووهەمەوە ( اندریاس ) توانیویەتی زمانی پەهلەوی ئەشکانی بدۆزێتەوە ، که زمانی رەسمی پاشا ئەشکانی یەکان بووە •

زمانی پەهلەوی ساسانی و پەهلەوی ئەشکانی بە هەندێ پیت نووسراونەتەوە کە لە پیتی ( هجاء ) ی ئارامی‌یەوە وەرگیراون • بەڵام شێوەی پیتەکان جیاوازە • داب و نەریتی ئاینی زەردەشتی‌یەکانیش لە سەردەمی ساسانی‌یەکاندا بە زمانی چەند تێکستێك لە لە ئادابی ( مانوی ) ی لە هەرێمی ( تۆرڤان ) دا دەبینین کە بە پیتی سریانی ـ استرنگیلو ـ نووسراونەتەوە و نیشانەیان پێوە دیار نیە ، هەرچەندە بە شێوەی ئێرانی نووسراونەتەوە •

(اندریاس)(٨٩)، یەکسەر، سەرنجی ئەوەی داوە کە هەردوو شێوە زمانە پەهلەوی‌یەکە لە تێکستەکاندا دەرکەوتوون وە جیاوازیە بنەڕەتیەکانی نێوان هەردوو شێوەکەی بە تەواوی دەست نیشان کردووە ، دوا بە دوای ئەمیش ( تدسکو ) ئەم جیاوازیانەی بە درێژی باس کردووە •

شێوەی ئەشکانی ، سەر بەو کۆمەڵە شێوە زمانە ئێرانی‌یانەیە کە ئەمڕۆ لە شێوە زمانی ـ دیالیکت ـ ی خەڵکی دەریای ( خزر )

---

(٨٩)

و ( سەمنانی ) و هەرێمی ( کاشان ) و ( اصفهان ) و ( جرجان ) دا دەردەکەون • وە شارەزاییەکی وردی ئەم دوو شێوە ئەدەبییەی کە زۆر جار بە شێوەی ژووروو یان ژوورووی ڕۆژئاواو خوارووی ڕۆژئاوا ناو دەبرێن ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تا چ ڕادەیەك شێوەی ئەشکانی کاری کردۆتە سەر پەهلەوی ساسانی ( خوارووی ڕۆژئاوا ) ، کە ئەمەش بەڵگەی کاریگەری شارستانێتی ئەشکانی یە بۆ سەر ئەو چەرخەی پاش ئەم دەوڵەتە هاتۆتە کایەوە ] (٩٠) •

لە زۆر کۆنەوە ، لە نێوان زمانە ( سامی )یەکاندا ، زمانی ئارامی ، لە هەموو بەشەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا ، بەکار هاتووە• ئەم زمانە لە دیوانە هەخامەنشییەکاندا بەکار هاتووە ، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە نووسینی بزماری تەنیا بۆ کتێب بەکار دەهات و بۆ هەموو جۆرە نووسینێك دەستی نەدەدا ، زمانی ئارامییان بەکار دەهێنا ، جگە لەوەی ، لەو بڕوانامانەدا کە زمانی فارسی نووسرابوون ، هەر بەکار دەهات و ئەمەش بوو بە ڕەگەزی نووسینی پەهلەوی(٩١) و بەکار هێنانی ێژە ئارامی یەکان لە تێکستە پەهلەوی یەکاندا •

---

(٩٠) هەمان سەرچاوە ل ٥٧٢ •

(٩١) شایانی باسە ، کە ئەو نوسخانەی ئاڤێستا کە لە پەرستگە زەردەشتییەکاندا ، پارێزراون ، هەتا بەرپابوونی دەوڵەتی ساسانی لە ٢٢٦ی زاییندا ، هەموو بە خەتی پەهلەوی نووسراونەتەوە • ئەم خەتەش ، لە ئارامی سامی – یەوە وەرگیراوە کە بە ( هزوارش ) دەناسرێت • ئەویش هەمان

له سەردەمی ساسانی‌یەکاندا ، زمانی سریانی ، کە ئەشلەکەی شاری ( اودیسا ) - رەها - ئورفە[92] بوو زمانی ئەدەبی ( نصرانی ) یەکان بوو ، کە لە ڕەگەزدا ( سامی ) بوون و لە ئێران دا دادەنیشتن •

ئەمانەش ، چەند نووسراوێکی دیکەن کە پەهلەوی ئەشکانی تێدا دەردەکەوێت :

١ - نووسراوێك بە زمانی ساسانی و پەهلەوی ئەشکانی کە لە

---

خەت ، یان هەمان زمانە کە (تلفظ ) و وتنی لە شێوەیەکەی ناچێت • بەواتای ئەوەی کە وشەی سامی بەخەتی ئارامی نووسراوە • بەلام لە کاتی خوێندنەوەدا ، ئەو وشە ئێرانی‌یە دەخوێندرێتەوە ، کە بەرانبەریەتی ، بۆ وێنە : وشەی ( ملك ) بە شێوەی ( م ، ل ، ك ) نووسراوە و بە ( شاه ) دەخوێندرایەوە ، هەروەها وشەی ( سمش ) بە خۆر و وشەی ( لحما ) بە گۆشت دەخوێندرایەوە •

ابن المقفع ی کاتب ١٣٣ / ٧٥٠ ز - کە بە ڕەوانبێژ و زمان پاراوێکی بە ناوبانگ دادەنرێت ، دەڵێت [ جۆرە بێژینێکی فارسی هەیە کە ( زروایش ) ی پێ دەوترێت ، بریتی‌یە لە هەزار وشە ، بەلام پاش ئەوەی بە فەرمانی ( اردشیر ) ی ساسانی ، نوسخەکانی ئاڤێستا ، کۆکرانەوەو سەر لەنوێ نووسراوە • وە پاش ئەوەی بە هۆی کۆنی‌یەوە ، لە زمانەکە تێندەگەیشتن ، نەدەخوێندرایەوە ، پیاوە ئاینی‌یەکان، بە سەرۆکایەتی (تەنسەر)، ئەلف و بێ‌یەکی نوێیان بۆ دانا ، بە مەرجێك لەگەڵ دەنگی زمانە ئێرانی‌یەکاندا بگونجێت • ئەم ئەلف و بێ نوێیەش هەر لە پەهلەوی - یەوە وەرگیراوە ، کە ئەویش لە خەتی ئارامی‌یەوە هاتووە • بەلام ئەمجارەیان بە پە هلەوی ساسانی ناوبراوە و سەر لەنوێ ئاڤێستا و زەند و پازەندی پێ نووسراوە و لێکدراوەتەوە • بڕوانە :

(٩٢) ایران ٠٠ ل ٣٥ •

سـەر خانووی ( شاپوور )ی یەکەم ، لـە شاری شاهپوردا دۆزراوەتەوە[٩٣] •

٢ - درێژترین نەخشی ساسانی ، نەخشی ( پەیکولیٚ )یە لـە ژووروو ی قەسری شیرین لە کوردستان ، کە بە هەردوو زمانی رەسمی ئەو سەردەمە-پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی - لە سەر ئەم لاو ئەو لای خانوویەکی چوار گۆشە نووسراوەتەوە و لـە سەر هـەر چوار لاکـەی ، وێنەی ( نرسی ) پاشا ، نەخشێنراوە • بەلاّم ئەم ( برج )ە تێکچووە و جگە لـە بنە - قاعدە - کەی هیچی دیکەی لیٚ بـەجیٚ نەماوە و هەندێك لەو بەردانەی کە نووسینیان لـە سەر بووە ، فەوتاون و ئەوەی ماوەتەوە بە پەرت وپلاّوی ، جیابەجیا دۆزراوەتەوە • لـە گۆڤاری ( الجمعیة الاسیویـة الملکیة ) دا ( تۆماس ) ناوێك ، هەندیٚ بەشـی ناتەواوی ئەم نەخشەی لـە سالیٚ ١٩٦٨ ی زاینیدا بلاّو کردۆتەوە ، کە سەرچاوەکەی وێنەیەك بووە ، لە لایەن ئەفسەرێکی بەرتیانیای ( رولنسون ) ەوە ، چنگی ( رولنسون ) ەوە ، چنگی کەوتووە •

اندریاس - دەربارەی ئـەم نەخشە نووسیویەتی و باسی تیٚ ڕوانینی زانایانی کردووە و هرتسفیلد - لە ١٩١١ و لە ١٩١٣ - دا سـەری لیٚداوە و لـە هەردوو سەردانەکەیدا چـەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی گرتووە چەند ئێنەیەکی دەستکردی بۆ ئەو نەخشانەی

(٩٣) هەمان سەرچاوە ل ٥٧٢ •

که له سەر پاشماوەی بەردی بورجەکە بینیونی ، کردووەو و له سالێ ١٩١٤ دا ، لــه سەر ئەو وێنانه پێشەکیەکی بەناو نیشانی

Memoiries de Academie de Berlin

بۆ نووسیوه • وه له سالێ ١٩١٤ دا ، ئەو وێنانەی لەسەر نەخشەکانی پەیکــولێ و نەخشه ناســراوەکانی دیکــەدا کــۆی کردبوونەوه ، له دوو بەرگی گەوره و پێشەکی و وەرگێرانێکی ئینگلیزی ولێدوان وپێرستی تەواوی بابەتەکاندا،بلاوی کردنەوه، که ئەمەش ، بۆ زانینی ئەو دوو زمانەی که نەخشەکانیان پێ نووسرا بوو ، زۆر یارمەتی زانایانی دا • ئەم دوو نووسینەش ، بەم دوو زمانه ، به تایبەتی ، دەربارەی شەڕی نێوان و ( نرسی ) پاشا له پەیکۆلێ و ( وەهرامی ) سێهەمدا بوو ، هەروەها دەربارەی گوێڕاگری گەورەکان بوو بۆ پاشا (٩٤) •

٣ ـ چەند نەخشێکی دیکەی شاپوور پاشای یەکەم که به هەر دوو زمانه له ( حاجی اباد ) نووسراوه •

٤ ـ نووسراوێکی ( اردشیر ) ی یەکەم ( له نەخشی رۆستەم •• ) بەسێ زمان ( پەهلەوی و ئەشکانی و ساسانی و یۆیانی ) •

بــەم جۆره دەگەینه ئەو ئەنجامەی کــه لــه زمانی فارســی ناوەڕاست دا ، دوو شێوه زمانی ئێرانی هەبووه یەکەم فارسی و دووهەم ئەشکانی ، که دووباره نوێنەری قۆناغی ناوەڕاستی

---

(٩٤) ئێران له ٣٧ ـ ٣٨ له کتێبی هرتسفیلد ـ پەیکولی ج (١) ل ( ٩٤ ـ ١١٩ ) دا •

زمانی کوردی یە • هەندێکش دەڵێن زمانی کوردی ، بە هۆی شێوە زمـانی هەورامانی و لوڕی ( فـەیلی ) یەوە بـە زمانی ئەشـکانی‌یەوە دەگاتەوە •

بەڕای ( شمس الدین سامی )یەوە خاوەنی فەرهەنگی - اعلام - بە زمانی تورکی - زمانی نوێی کوردی لە پەهلەوی دەچێت ، کە هێشتا هەندێك لە شێوە زمانەکانی ، وەك ( تات ) لە باکۆ ، وەشێوە کوردکانی ( طالش ) و ( قرەباغ ) و کێلك لە گیلان ، لـە ژوورووی میدیای کۆندا هـەتا ئـەمڕۆ پارێزراون[٩٥] •

( مالکولم ) دەڵێت[٩٦] :

بە هێزترین بەڵگە و سەلماندن بۆ زانینی و بنچینە و ڕەگەزی ئەو خێڵانەی کە لە ناوچەی کرمان و فارس و بەشێك لە ئێران و کوردستان دا دانیشتوون ، ئـەو زمانەیە کـە ئەو خێڵانە پێی دەدوێن و مەیەستیش لەوەیە ، کە شێوە زمان - دیالیکت - یێکی قورسە لە نێو شێوە کۆنەکانی زمانی پەهلەوی دا • بەڵام چەند جیاوازیەك هەیە لە نێوانیاندا ، کە نابنە هۆی لە یەکتر نەگەیشتن ئەو خێڵانە •

بەکورتی دەڵێین :

بەر لە هەزار ساڵ ، وڵاتی کوردەکان بوون بە موسڵمان

---

(٩٥) مێژووی کورد ل « ٣٠٩ » •
(٩٦) مێژووی ڕەگەزی کوردەکان - تأریخ أصل الاکراد - وەرگێرانی

وهەرچەندە ئێران و کوردستان پێش ئەم ماوەیە لە سەر ئاینی زەردەشتی بوون ، بەلام لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا ،( ٢٢ ) ی کۆچی ـ ئەم کوردانە ، بە تەواوی موسلمان بوون • وە پاش ئەوەی لە ناوچەی شارەزوور (سلێمانی ئەمرۆ ) دا دەست بە سەر ئاینی زەردەشتی و بتخانەکانیدا گیرا،دانیشتووانی ئەم ناوچەیە موسلمان بوون • بەلام لەگەڵ ئەم ئایین گۆڕینەشدا ، مەیلی دانیشتووان و خەلکی ، بەلای ئاینی زەردەشتی دا ، هەر مابوو ، بەلگەشمان ـ ئەو پارچە پێستە یە کە بەزمانی کوردی و بە شێوەی ( گۆرانی ) هەورامانی و بە نووسینی پەهلەوی نووسراوەتەوە • ئەم خەتەش لە ئەلف و بێی ئارامی یەوە وەرگیراوە و پارچەکەش لە هەورامان دۆزراوەتەوە • هەر لە سەر ئەم پارچەیەش ، بە وردی ، باسی بار و دۆخی ولات و دانیشتووان دەکات ، لە کاتی هاتنی لەشکری موسلمانان بۆ ئەم ناوچەیە •

ئەوەی لە هەموو شت گرنگترە ، ئەوەیە کە زمانی ئەم نووسراوە کوردی یە و یەکێکە لە شێوە سەرەکیەکانی ئەم نووسراوە • ئەمە جگە لەوەی کە بەخەتی پەهلەوی نووسراوەتەوەو خەتی پەهلەوی ـ ش لە نووسینی ئارامی یەوە(٩٧) وەرگیراوە و

(٩٧) مێژووی رەگەزی کوردەکان ـ تأریخ أصل الاکراد ـ وەرگێڕانی قانع و کریم زەند ، سلێمانی ١٩٦٩ ل ٨١ • د • اورحمان قاسملۆ دەلێت [ پیر شالیاری زەردەشتی چەند قەسیدەیەکی ئامۆژگاری بۆ بەجێ هێشتووین ، کە تا ئێستاش مایەی سەر سوڕماندنی خوێندەرانە ، ئەم ئامۆژگاریانەش ، بە کوردی یەکی پاك و ڕەوان نووسراونەتەوە کردستان و کرد، وەرگێڕاوی عەرەبی ، بیروت ١٩٧٠ چاپی (١) ل ٣٤ •

ڕاست کراوەتەوە ، ئاشکراشە کە زەردەشت لە ئارامی‌یەوە دوو خـەتی دیکـەی وەرگـرتووە و ئاڤێستای و زەنـدی پـێ نووسیونەتەوە •

۳ سێهەم قۆناغی گەشەکردنی زمانە ئێرانی‌یەکان :ـ

لەم قۆناغەدا ، ئەم زمانانە ، بە زمانە ئێرانیە نوێکان ناو دەبرێن و لە سەرەتای سەدەی نۆهەمی زایینەوە دەست پێ دەکات، واتە پاش رووخاندنی دەوڵەتی ساسانی و شێواندنی هەموو زمانە ئێرانی‌یەکان لە بەردەم زمانی عەرەبی ئیسلامدا • بەڵام ڕاپەڕینی نەتەوایەتی ئێران ، زمانە ئێرانی‌یەکانی سەر لـە نوێ ژیاندوە و ئەمجارەیان بـە زمانەکانی خوارووی ئێران دەستی پێ‌کرد و بـە هاندانی زانایان و شاعیران ، سامانی‌یەکان(۹۸) لە هەردوو سەدەی

(۹۸) سامانی یەکان : سەبارەتە بە سامان خوادە ( واتە گەورەی دێی سامان ) لە ناوچەی بەلخ •

دامەزرێنەری دەوڵەتی سامانی‌یەکان ، فارسێك بوو کە لـە جێنشینی ( هشام بن عبدالملك ) ( ۷۲٤ ـ ۷٤۳ ز ) دا موسڵمان بوو • لە دەوز و بەری ساڵی ( ۸۱۹ )زاینیدا ، ( مأمون ) هەر چوار کوڕە زاکەی ( سامان) ی کرد بەوالی لە سمرقند و فرغانـە و شاش و هرات دا • دەسەڵاتدارێنی ئەمانە ، لە سەرەتاوە ، سەر بە ( آل طاهر ) بـوو ، وە میراحمـدی فرغانـە و یستی ( سمرقـنـد )یش بگرێتەدەست • لە ساڵی ( ۸۷۵ )ی زاییندا ، خەلیفە ( نصر بـن أحمد ) ،هەرێمی ( ماو راء البحر ) ی گرتە ژێر دەست و براکەی ، واتە ( اسماعیل ) بوو بە والی ( بوخارا ) ، لە ساڵی ۹۰۳ دا ، وە پاش ئەوەی ( اسماعیل ) توانی هەموو دەسەڵاتێك لە ( نصر ) ی برای بکێشێتەوە ، و ( خوراسان ) ی لە ژێر دەستی ( عمر وبن اللیث )ی صفاری ، دەرکرد پاش سەرکەوتنی بە سەر ( محمد بن

هەشتەم و نۆیەمی زاینیدا ، زمانی فارسی یان ژیاندەوە(٩٩) ودەستیان بە نووسین کردەو •

---

زید العلوی ) دا ، ( طبرستان )یشی گرتە دەست • بەو جۆرە جێ نشینەکانی دوا ئەم ، توانیان کە ( سجستان و جرجان ) بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە • بەڵام پاش ئەوەی (آل بویە ) ، (طبرستان ) یان گرت ، دەسەڵاتیان کزبوو ، وە لە سەر دەستی دەوڵەتی نەتەوایەتی تورکی دا ، کە ( ایلخانی ) یەکان ، لە تورکستان دا دایانمەزراند ، نفووزی خۆیان لە دەوڵەتی باو و باپیرانیاندا لە دەست دا و هەڵبەت ایلخانی‌یەکانیش ، لە سەرەتاوە ، لە ژووررووی ( تیانشان ) و خوارووی‌دا ، دەرکەوتن و لەوێوە ڕووە و ڕۆژئاوا کەوتنەڕێ • بڕوانە :

بروکلمان - تأریخ الشعوب الاسلامیه ، بیروت ١٩٦٥ ، چا (٤) ل ٢٦٢ - ٢٦٣ •

لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەهەمدا سەردەمی ( نصری سامانی ) دووهەم ( ٩١٣ - ٩٢٤ ز )و نوحی یەکەم ( ٩٤٢ - ٩٥٤ ز ) دا ، ئەو وڵاتانەی لە ژێر چنگی سامانی‌یەکاندا بوون ، مەڵبەندێکی شارستانی پێشکەوتووبوون و لێرەوە، هەستی نەتەوایەتی فارسەکان، سەر لەنوێ دەستی بە بزووتن کرد • بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، کە گەورە پیاوانی فارس ، خاوەن زەوی و زارەکان ، لە شانازی کردنیان بە پاشا و پاڵەوانەکانیانەوە نەکەوتن ، هەر چەندە کە گەل هونەری شیعری‌یان ، لەمێشکدا هەر مابوو ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هەست و شانازی و هونەرە هەر لە دەرباری سامانی‌یەکاندا گەشەی کرد و ، هەر لەسەر دەستی ئەوانیشدا ، متوربە کرا •

(٩٩) لە سایەی ( نصری )ی دووهەمدا ، یەکەم شاعیری گۆرانی فارسی - ڕوودەکی - دەرکەوت • هەر چەندە شیعرەکانی ئەم شاعیرە ، لە وشەی عەرەبی بەدەر نەبوو ، وە ئەو ( کێش )ە شیعریانەی کە دانیابوون وەك هی هەموو شاعیرە فارسەکانی دوا خۆی ، لە قاڵبێکی عەرەبی دا ، داڕشتبوون ، بەڵام داخوازی فەلسەفەیەکی بۆ ژیان دەکرد ، کە لە خەم و پەژارە ، دووربێت و بە

له ڕاستیدا یەکەم هەوڵدان ، بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە، له لایەن ( دقیقی ) شاعیرەوە بوو ، که له دەرباری ( نوح - ی کوڕی منصوری سامانی ٩٧٦ - ٩٩٧ ز )دا دەرکەوت و دەستی بـه نووسینی کتێبی ( پاشایان ) یا ( شانامه ) کـرد به شیعر و نزیکەی هەزار دێڕێکی لێ نووسییەوە ، بەڵام تەواوی نەکردو به دەستی نۆکەرێکی خۆی کوژرا • ئەمجا ( فیردەوسی ) کـه شاعیرێکی ( طوسی ) بوو ، له ٩٩٠ی زایینداا ، ئەم کارەی لـه ماوەی یازده ساڵدا به ئەنجام گەیاند ، هەرچەنده تەمەنی له ٦٠ ساڵ تێپەڕیبوو •

لـه ڕاستیدا ، داستانی شانامەی فیردەوسی(١٠٠) لـه

---

خـۆشییەوه پێگەیشتبێت • سـەرەڕای ئەمانـەش ، ڕوودەکی ، دامەزرێنەری داستانی فێرکـردنبـوو کـه بـه کەڵکترین ، بەشی ئـەدەبی فارسی له قەڵەم دەدێت •

ڕوودەکی له شیعری فارسی‌دا پێڕەوی ( کلیله و دەمنه ) ی هنیدی‌کردووە• ئەو کتێبەی که (کسری انوسیروان ٥٣١ - ٥٧٩ز)دا- فەرمانی دا بـه ( برزویه ) ی پزیشکی تایبـەتی خـۆی بۆئەوەی وەریگێڕێته سەر پەهلەوی • ئەم کتێبەش له لایەن ( ابن المقفع ) ی فارسی‌یەوه ، له سەرەتای دەوڵەتی عەباسی‌دا وەرگێڕاوه بۆ سەر زمانی عربی جگه لەم بەرهەمانەش ، ڕوودەکی ، چیرۆکی ( السندباد و الوزراء السبعة ) ی داناوه و له سەردەمی ( منصور کوڕی نوح ) ٩٦١ - ٩٧٦ زایندا ، ( الوزیر البلعمی ) و ( تأریخ الرسل و الملوك) ی کردووه به فارسی • بڕوانه :

تأریخ الشعوب الاسلامیة ، ل ٢٦٣ - ٢٦٤ •

(١٠٠) لەگەڵ ئەوەشدا ، که بناغەی ئەو ئەفسانانەی سەر به پاشـا و پاڵەوانەکانی فارسی بوون و پێش سەردەمی فیردەوسی له

←

ئەدەبی فارسی دا بەشاکارێکی زۆر بەرز و بێ وێنە ناو دەبرێت، فیردەوسی پاش ئەوەی داستانەکەی تەواو دەکات ، دەیباتە بەردەم سوڵتان محمود(١٠١) و لە زۆر شوێن دا ستایش

---

بەخشانەپەهلەوی یەکاندا ، کە ( ابن المقفع ) کردوونی بە عربی و بەر دەست مێژوو نووسە عەرەبەکان [ وەك طبری ] کەوتوون بەلام هەتا ئەو کاتە – سەردەمی فیردەوسی – هەر بە شێوەی گێرانەوە باس کراون :

تاريخ الشعوب الاسلامية ل ٢٧٠

(١٠١) سوڵتان محمودی غزنوی کوڕی سبوکتکین ، لە ساڵی (٩٩٤) زاییندا ، سامانی یەکان کردیان والی خۆراسان سبوکتکین ، یەکێك بوو لە پاشایانی ( بتکین ) ی سەرکردەی گشتی سامانی‌یەکان لە خۆراسان ، کە لە دواییدا بوو بە زاوای و هەموو موڵکی بەتکینی ـی لە ناوچەی غزنە – لە شاخی سلێمان – لە افغانستان ، بۆ بەجێما و لە ڕێگەی داگیر کردنەوە لە هنید ، دەسەلاتی خۆی پەرە پێدا و هەموو میراتگرەکانی دەر کرد · لە ساڵی ٩٩٧ ز ) دا ، سبوکتکین کۆچی دوایی کرد و اسماعیلی کوڕی جێی گرتەوە ، بەلام محمود توانی لایببات و خۆی بێنە سەر تەخت و ئەمجا ببێتە سوڵتان · لە هەمان ساڵیشدا ، نوح ـ ی سامانی کۆچی دوایی کرد و منصور ـی کوڕی هاتە جێی ، بەلام سوڵتان محمود ، فەرمانی دا ، کە دەست لە خوارسان هەڵبگرێت · منصور ، پێش ئەم فەرمانە لابراو ( عبدالملك ) ی برای هاتە سەر تەخت پاش ئەوەی بەرە و ( بوخارا ) لە ناوچەی ( بەڵج ) دەرکرا

محمود ، توانی ، ( عبدالملك ایلکخان ) کە تورکستانی داگیر کردبوو ، بگرێت و بەرەو ( جرجان ) ی ڕەوانە بکات وە لەساڵی ( ١٩٠٤ ) ی زاییندا ، دوا پاشای سامانی‌یەکانی کوشت و لە لایەن خەلیفەی ( عباسی ) یەوە ، دان نرابە دەوڵەتەکەیدا ·

لە ساڵی ١٠٠١ ی زاییندا ، سوڵتان محمود ( کابلستانی ) گرت و دوا ئەویش ( ملتان و کشمیر ) ی گرت و ئەمجا ( بنجاب )

دەکات ، بەلام ئەو پاداشتەی کە سولتان پێشکەش بە فیردەوسی دەکات ، شایانی بەرهەمە شاکارەکەی فیردەوسی نابێت و لە دووتای تەرازووی رێز لێناندا ، وەك یەك ناوەستن .... بۆیەکا، فیردەوسی ، یەکسەر دەست بە داشۆرینی سولتان دەکات و پێشەکیەك بۆ داستانەکەی دەنووسێت ، کە تیادا ، لە ستایشەکەی سولتان پاش گەز دەبێتەوە و روو لە شاری بەغدا دەکات ، کە ئەو دەمە ( بویهی )ەکان فەرمانڕەوا دەبن . ئەمجا لەوێ ـ واتە لە بەغدا ـ داستانی ـ یوسف و زلێخا ـ دەنووسێت ، کە هاوتای ( الیاذه) ی یۆنانی دەبێت و نمونەی وردی و کارامەیی ئەو پیاوە هەشتا سالەیە پیشان دەدات . بەلام وە نەبێ لە عێراق دا هێندە مابێتەوە ، بۆیە پاش دلێنا بوونی لە سولتان بەرەو ( طوس ) دەگەڕێتەوە و لە سالی ( ١٠٢٠ ) ی زاینیدا ، هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات .

شایانی وتنە ، کە هەرچەندە ، ئەم شاکارەی فیردەوسی ـ شانامە ـ داستانێی زۆر گەورەیە و هەشت ئەوەندەی ( الیاده )

---

یش خستە ژێر دەستی خۆی . وە پاش ئەوەی بۆ ماوەی ( ١٥٠ ) سال ، دەسەلاتی خۆی ، لە پایتەختەکەیاندا ، چەسپاند و لە ١٠٢٥ ـ زاییندا ، ئەو دیو ڕووباری ( کنج و کوجرات ) ی گرت ، لە هەمان کاتیشدا ، دەسەلاتی بە سەر ناوچەی ژووروودا پەیدا کرد و ڕۆژهەلاتدا خوارەزم و لە ڕۆژئاوادا ( کرج ـ جورجیا ) ی داگیر کرد . و لە سالی ١٠٢٦ ـ یشدا ( ڕەی ) ی لە ( مجد الدوله البویهی ) سەندەوە و ناردیە غەزنەری پاتەختەکەی خۆیان . تا ( سلجوقی ) یەکان هاتن و کۆتاییان بە دەولەتی سامانایەکان هێنا بڕوانە ( تأریخ البعوب الاسلامیة ) ل ٢٦٦ ـ ٢٧٢ .

دەبێت بەلاّم بەیەك شێوە نووسراوەتەوە و هەموو یادگارە ئەفسانەیی و مێژووییەکانی فارسی تیا دا باس کراوە ، ئەم داستانەش ، نەك هەر لە ناو شیعری داستانیی فارسیدا ، بە ناوبانگە ، بەڵکو لە ناو شیعری تورکی - شدا وەك نموونەیەکی زۆر بڵند ڕەنگی داوەتەوە ( ١٠٢ ) •

ئەم داستانە ، توانیویەتی کە سەر لە نوێ زمانی ناوخۆیی فارسی بژێنێتەوە و زمانێکی زیندوو بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری و فەلسەفە ، دروست بکات(١٠٣) •

شایانی باسیشە کە زمانی تازەی فارسی ، لە سەردەمی ( دیلم - ە بویهی ) یەکاندا ، گەلێك وشەی عەرەبی و دیکەی هاتوونەتە ناو ، بەلاّم لە دواییدا هەندێ وشەی کۆنی ئێرانی وەك زەندی و پەهلەوی - یان بە مەبەستی پاك کردنەوە و ڕاست کردنەوەی ، تێهەڵکێش کردووە ، ••• بەم جۆرە ، زمانی ئێستای فارسی گەشەی کردووە(١٠٤) •

---

(١٠٢) تاريخ الشعوب الاسلاميه ل ٢٧٠ - ٢٧١ •
(١٠٣) گۆڤاری کۆڕ ژمارە - ١ - ل ٢١٠ •
(١٠٤) تاريخ الكرد ل ٣٠٥ •

# ژیانەوەی زمانە ئێرانییەکانی ژووروی ڕۆژئاوا

پاش ئەوەی کە باسمان کرد ، زمانە ئێرانییەکانی ژووروی ڕۆژئاوا و زمانی کوردی سەر لە نوێ ژیانەوە و مێژووی ئەم ژیانەوەیش ـ سەبارەت بە زمانی کوردی ـ بۆ سەدەی دەھەمی زایین ( یان دواتر ) دەگەڕێتەوە و شاعیرە ناو دارەکانی کوردی ـ شی ، وەك بابا طاھری ھەمەدانی و علی حریری و شێخ احمدی جەزیرەیی ، دەستی بالآیان لەم کارەدا ھەبووە • وە ھەردوو کۆمەڵەکەش ( ئێرانیەکانی ژووروو ، خواروو ) لە جیاتی پەھلەوی کۆن ، ئەلف و بێی عەرەبی یان بۆ نووسینی بەکار ھێناوە •

بەم جۆرە ، مێژووی زمانی کوردی ، بە بێ پچڕان ، لە ھەرسێ قۆناغەکەدا ، بوو بە مێژوویەکی ئاشکراو دیار ، کە بە زمانی ئاڤێستا ، لە سەدەی حەوتەمی ( پ • ز ) دا دەستی پێکرد و ، لە پەھلەوی ئەشکانی دا ، قۆناغی دووھەمی ، کۆتایی پێھات وسەر لە نوێ لە قۆناغی سێھەمدا ، بە زمانی ئێستای کوردی سەری ھەڵدایەوە ژیایەوە(١٠٥) •

---

(١٠٥) گۆڤاری کوڕ ـ ژمارە ـ ١ ـ ل ٢١٠ ـ ٢١١ •

لێرەدا ، پێویستە کەمێك دەربارەی ڕەوتی ئەو شاعیرە پایە بەرزە کوردانە بدوانە بدوێین ، کە زمانی کوردی‌یان بە شێوەی زمانی نووسین و ڕۆشنبیری بووژاندەوە ... کە بەراییەکەیان بابە طاهری هەمەدانی وعلی حەریری‌یە .

بابە طاهر ، لە سالیٚ ٩٣٥ی زاینیدا لە دایك بووە شاعیرێکی سۆفی بووە و شیعری بــە شێوەیەکی سەخت‌و گـران و بــە شـێوە زمـانی ( گـۆران ) نووسـیوە . بـابە ( طاهر ) هـەرچەندە بـە هەمەدانی ناسـراوە ، بـەلاّم هەندێك بە لوڕی ناو دەبەن و ڕۆژ هەلاّت ناسان بایەخێکی زۆریان پیٚ داوە و بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانیان کۆ کردۆتەوە و بلاّویان کردۆتەوە . دیوانەکەی بابە طاهر ، کە بریتی‌یە لە چەندەها چوار خشتەکی لە غەزە و پاڕانەوە و ( مناجات ) وەسف و خوایەتی دا ، لــە ساڵی ١٩٣٧ لە تاران دا بلاّو بووەو . شیعرەکانی بابە طاهر ، لەو پەڕی جوانی و بەهێزی و قوولێدایە ، هەستی ناسك و سۆزی بەرز وەئێش و ئازار پەژارەی تێدا دەر بڕیوون . لە سالیٚ ١٠١٠ی زایین دا کۆچی دوایی کردووە .

بەڕای د . بلەج شیرکۆ و امینی زکی بەگ(١٠٦) عەلی حەریری لە سالاّنی نێوان ٤٠٠ـ ٤٧٠ ی کۆچی / ١٠١٠ ـ ١٠٧٧ ی زایندا ژیاوە . بەلاّم مامۆستا ( علاء الدین سجادی ) دەلێت : حەریری لە ١٤٢٥ ی زاینیدا ژیاوە و لە ١٤٩٥ دا کۆچی دوایی

---

(١٠٦) مێژووی کورد ل ٣٣٤ ـ ٣٣٥ .

کردووه[١٠٧] • شاعیری گەورە و فەیلەسوفی کورد ( أحمدی خانی ) ش ( ١٦٥٠ – ١٧٠٦ی •) لـە ( مـەم و زین )دا باسی حەریری کردووە • جگە لە مانەش کە ناو بران ، لە دەستنووسێکی شیعریدا کە خاوەنەکەی نەناسراو بووە و لە١١٨١ی کۆچی/١٧٦٧ ی زاینیدا نووسراوەتەوە ، ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی حەریری تیدا نووسراوەتەوە ، کە ئێستا هیچ نووسراوێکی دی ، هێندەی لێ باس نەکردووە و شیعرەکانی ئەم دەستنووسەش لە لایەن مامۆستا ( عبدالرقیب یوسف )ەوە ، لە کتێبە کەیدا ، بە ناوی ( دیوانا کرمانجی )[١٠٨] بڵاو کراوەتەوە • هەروەهـا حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٥ – ١٨٩٢ ز ) باسی علی حەریری کردووە • لە ( انسکلو بیدیای ) ئیسلامی و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرە کوردەکان و بێگانەکان ، لە سەر حەریری دواون •

امین زکی بەگ لە مێژووی کورد دا ، دەڵێت [ عەلی حەریری دیوانێکی شیعری هەیە ، کـە بـە شێوەیەك لە شێوەکانی زمانی کوردی نووسراوە • خۆ ئەگەر هاتوو ئەم شێوەیە لە هی ئێستای دێی حەریر ەوە نزیك نەبێت ، شتێکی دوور نیە ، کـە زۆربەی کوردەکان تێ بگەن • ئەمجا دەڵێت ، شیعرەکانی حەریری زۆر

---

(١٠٧) علاء الدین سجادی مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووهەم، بەغدا ١٩٧١ ل ١٨٢ ، ٥٨٢ پەراوێز

(١٠٨) ئەم کتێبە لە ١٩٧١ ـ دا بڵاو کراوەتەوە و زۆربەی کوردەکان – علی حریری و مەلای جزیرەیی و خانی ، ••ن ، دانەری ئەم کتێبەش ، لێکۆڵینەوەیەکی کورتی لە سەر ڕەوتی ژیانی هـەر شاعیرێك ، لەم شاعیرانە ، لە دەستنووسەکەدا نووسیوە •

ڕەوان و بەسۆز و بە کوڵە و دڵسوتاوی تێدا بەدی دەکرێت و شێوازەکەشی زۆر توند و پتەوە[۱۰۹) ]

دوای ئەمەش دەڵێت : چەند دێڕە شیعرێکی حەریری - م خوێندەوە ، سەرنجم دا کە بە شێوەیەك نووسراوە و ڕێکخراوە ، کە لە نێوان کرمانجی و سۆران - یدیە هەروەك چۆن لە ناوچەی حەریردا ، پێی سروشتی جوگرافیایی ناوچەکە ، هەردوو شێوەکە تێکەڵ دەبن ...

---

(۱۰۹) مێژووی کورد ل ۳۳۵ .

# سوربەخۆیی زمانی کوردی

بە ڕای زۆبەی شارەزایانی زمان ، زمانی نوێ ی کوردی ، زمانێکی سەر بە خۆیە و لە نێوان زمانە ئێرانی‌یەکاندا ، تایبەتی خۆی هەیە و تەنیا ئەوە نەبێت کە زمانی کوردی و فارسی هـاو ڕەگەزن و لە زمانە هیندۆ ـ ئەوروپاییەکان یان ئاری‌یەکانن ، هیچ شتێکی دی بەزمانی فارسی‌یەوە نابەستێتەوە •

زمانی کوردی توانیوێتی کە موفرەداتە بنچینەییەکانی خۆی بپارێزێت و کاریگەریەکی کەمی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی پێوە دیار بێت • وە هەرچەندە ئەم زمانە ، دەبێت بە چەند شێوە زمانێکەوە ـ دیالیکت ـ بەڵام ئەم دیاردەیە ، هیچی لە تایبەتیەکانی ئەم زمانە کەم نەکردۆتەوە و نەبۆتە مایـەی شێواندان یان نـە چەسپاندنی ئەم زمانە (١١٠) •

---

(١١٠) الاکراد ، باسیل نیکیتین ، چاپی عربی ، بیروت •

# ڕای ڕۆژهەڵاتناسان و زانایانی بێگانە دەربارەی زمانی کوردی

( ك • کیورنلی ) کە لە کوردستان ژیاوە و دەربارەی گەلی کورد شێوە زمانە کانی ، چەند وتەیەکی لە سلاَنی نێوان ۱۸۳۱ ـ ۱۸۳۷ دا نووسیوە ، دەڵێت [ زمانی کوردی ، لە شێوە « دیالیکتی » ژووروو ، خواروو پێك دێت ، وە هەر شێوەیەك دەبێت بە چەند لقێکەوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بە راووردکردندا نزیکی نێوان زمانی کوردی و فارسی دەردەکەوێت ](۱۱۱) [ د • أورحمانی حاجی مارف ]یش لە سەر ئەم ڕایە دەڵێت : ( ڕەسەنی و سەر بەخۆیی زمانی کوردی و نزیکی لەگەڵ زمانی فارسی دا ، لە لایەن کیورنلی و زانا ئەڵەمانی یەکان وەك دی « ریوکیر و ئا ـ پوت » ەوە بە تەواوی سەلمێنراوە ) • وە پاش بە راوورد کردنی وشە لە نێوان زمانی کوردی و زمانە ئێرانی یەکانی دیکەدا ( دی ـ ریوکیر و ئا ـ پوت ) ئەوەیان بە ئەنجام هێنا کە زمانی کوردی ، بە خۆیی و وشە و ڕێزمانیەوە لە زمانە ئێرانی یە سەر بەخۆکانە ، وە پەنجەیان

---

(۱۱۱) د • اورحمانی حاجی مارف ، چی لە بارەی زمانی کوردی ـ یەوە نووسراوە ؟ بەغدا ۱۹۷٤ •

بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە زمانی کوردی و زمانی فارسی ، لە سەردەمێکی زووەوە ، لە یەك زمانەوە وەرگیراون و پێگەیشتوون ، وە جیاوازیەکی کەم هەبووە لە نێوانیاندا ، بەڵام گۆڕانی دواییدا ، ئەم دوو زمانە لە یەکتری دوورکەوتوونەتەوە ، بۆیە لە ڕێگەی گەشە کردنی ئەم دووزمانەدا ، جیاوازی بەدی دەکرێت(١١٢) .

لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا و لە سەردەمی ( قیصر ) دا ، لە لایەن هەندێ زانای سۆڤێتی وەك ( ف ـ دیتیل ) خ ـ ئەڤوڤیان ، ئا (ـ) بیریزین ، پیوتەر لیرخ ) ەوە چەند باسێك دەربارەی زمانی کوردی نووسران . بۆ نموونە دیتیل دەڵێت [ ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوە کە زمانی کوردی ، دەبێت بە چەند شێوە زمانێکەوە ، وە زمانی تورکی یش وەك زمانی فارسی ، لە کورد ستانی ئێران دا ، کاری کردۆتە سەر زمانی کوردی لە کوردستاندا ) .

لە ساڵی ١٨٤٧ دا ( ئەبو ڤیان ) لە ڕۆژنامەی ( قفقاس )دا کە لە ( تبلس ) ی پایتەختی ( جورجیا )دەردەچوو ، کۆمەڵە وتارێکی بە ناونیشانی ( کورد ) نووسی . ئەم نووسینانەی ئەبوڤیان ـ یش ، لەو ڕووەوە کە زمانی کوردی ، زمانێکی ئێرانی بێت و لە خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپایی بێت کاری

---

(١١٢) هەمان سەرچاوە ل ١٢ ـ ١٣ .

زۆری کردە سەر ڕای (لێرخ و ف-یوستی و س-یەگیزاروف) • ئەبو ڤیان زمانی کوردی کردووە بە دوو شێوەوە : کرمانجی و زازایی[(١١٣)] •

بە ناو بانگترین زانای سۆڤیتی کە بایەخی بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی دابێت ( پیوتەر لیرخ ) ی ڕۆژهەڵاتناسە • ئـەم زانایە لە ساڵانی نێوان ١٨٥٦ – ١٨٥٨ ی زایینـدا ، دەربارەی کورد و کوردستان سێ کتێبی نووسیوە ، کە تیایاندا بە کورتی لە ڕای ئـەوانـەی پێش خـۆی دواوە و ئـەم ڕایانـەی لە ڕووی زانستی یەوە هەڵسەنگاندووە ، بە ڕەخنە و تۆژینەوە و شی کردنەوە ، توانیوێتی ڕای خۆی بـە شێوەیەکی زانستانە بسەلمێنێت و ڕەسەنی و سەر بە خۆیی زمانی کوردی و نزیکی لە گەڵ زمانی فارسی دا ڕوون بکاتەوە ، جگە لەوەی کـە ئەو ڕابانەی بە هەڵەی زانیوون ، بە ڕۆی خستوونەتەوە •

یەکێك لە ڕا- زانستیەکانی لیرخ ئەوەیە کە ( پشتگیری زانای ئەڵەمانیایی « ئا – یوت » دەکات لەوەدا کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ و ڕەسەنە لە نیو زمانە ئێرانی‌یەکان دا ) • هەروەها دەڵێت [ زمانی کوردی لە کوردستان دا پارێزرگاری سەر بە خۆیی خۆی کردووە ، وە هەر چەندە جۆرە پێوەندیەکی نزیکی لەگـەڵ زمانی فارسی دا هەبووە ، بـەلاَم لـە چۆنێتی پێشکەوتنیدا ، هیچ پێوەندیەکی پێوە نەبووە ] •

---

(١١٣) هەمان سەرچاوە ل ١٤ •

هەروەها لیرخ لە دوو هەم کتێبیدا ، دەربارەی زمانی کوردی و فۆلکلۆر و ڕەوشت و نەریت و جل و بەرگی کوردی دواوە و دەڵێت [ پیتە عەرەبی یەکان بە تەواوی ناتوانن دەنگە کوردی یەکان دەرببڕن ] • ئەمجا وێتە سەر باسی تایبەتێتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی لە نێوان زمانە ئێرانی یەکان داو زمانی کوردی دەکات بە پێنچ شێوە زمانەوە : کرمانجی ـ لوڕی ـ کەلهووری ـ گۆران ـ ی‌و زازایی و لـە هـەردوو شێوەی کـرمانجی و زازایی دەدوێت[114] •

زانـای نەمساوی ( فردریك میولر ) لـە بـەر ڕۆشـنایی نووسینەکانی ـ ( ی بیریزین و پ • لیرخ ) دا لە ساڵی ١٨٦٢ ـ ١٨٦٥ کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی ( زازا و کرمانجی ژووروو ) ی بڵاو کردۆتەوە و لەپێشەکی کتێبەکە یدا ، دەڵێت [ هـەر چـەندە زمانی کوردی و زمانی فارسی لـە ڕووی ڕێزمانەوە دەنگ ـ فونتیك ـەوە لە یەك بچن ، بەڵام بە هیچ جـۆرێك زمانی کوردی لە زمانی فارسی‌یەوە وەر نەگیراوە وە زۆر وشەش لە زمانی کوردی دا هەیە کـە لـە هیچ زمانێکی ئێرانی دیکـە دانیە ][115] •

میولر ـ لە لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانی‌یەکان دا بایەخێکی گەورەی بە زمانی کوردی داوە و دەڵێت : [ هەرچ لێکۆڵینەوەیەك

---

(١١٥) هەمان سەرچاوە ل ١٢ •

لـــه زمانه ئێرانی یەکاندا بکرێت و زمانی کـــوردی تێدا فەرامۆش بکرێت ، ئەو لێکۆڵینەوەیە بە کەم و کوورِ و ناتەواو دادەنرێت ] زانای ئەڵەمانیای ـ ش ( ئۆشکارمان ) لە ساڵی ١٩٠٦ دا دەربارەی شێوەی موکریان(١١٦) نووسیویەتی و ئـــەم کتێبەی ئەم زانایە ، بەرهەمی گـــەرِانێکی دوو ساڵ و نیـــوی خۆی بووە لـــە نێو هۆزە کوردەکانی ئێران دا ئەم زانایە لە ساڵی ١٩٠١ ـ ١٩٠٣ لە لایەن میریی ئەڵەمانیاوە بۆ لێکۆڵینەوە لـــە زمانی هـــۆزە کوردەکان و دەرخســـتنی پێـــوەندی ئـــەم زمـــانـانە لـــەگـــەڵ زمـــانـــە کۆنەکانی ئەم ناوچانە ، وەك فارسی کـــۆن ـ پەهلەوی ـ یان زمانی دانیشتووان لە سەردەمی هەخامەنشی و ساسانی‌یەکان دا، نێردراوەتە ئەو ناوچەیە • هەروەها ئۆسکارمان لە رِێزمانی زمانی کوردی و فۆلکلۆری کوردی دواوە و کتێبێکی دیکەی لـــە ١٩٠٩ دا دەربارەی زمانی کوردی دەرکردووە کە تیایدا باسی شێوە زمانەکان و زمانی گفت و گۆی ناوچەی رِۆژهەلاتی کـــوردستانی تێـــدا کردووە بـــەلام بەشی زۆری ئـــەم کتێبە دەربارەی فۆلکلۆری کوردی‌یە(١١٧)

مێژوو نووسی بەرتیانیایی ( سدنی سمث ) دەڵێت :

---

(١١٦) ئەم کتێبە ، بـــە دوو بەرگ ، لە لایـــەن کۆرِی زانیاری کوردەوە ، بە ناوی ( تحفەی مظفریە ) وە لـــە چاپی داوە • اوسکارمان لە ١٩٠٥ دا ، لە ( برلین ) دەری کردووە و لـــە ١٩٧٥ دا ماموستا هێمن ، هێناوەیەتە سەر رێنووسی ئێستای کوردی •

(١١٧) هەمان سەرچاوە

[ لەم چەرخەی دواییدا ، گۆڕانێکی زۆر گـەورە بە سەر تێوری زانا و لێکۆڵەران لە زمانی کوردی دا هات .

ئەم زانایانە ، وە تایبەتی ، پسپۆرەکانیان ، کە دەتوانین پشت بە ڕا ـ کانیان ببەستین ، دەڵێن ( زمانی کوردی ، نەك هەر لە فارسی‌یەوە وەرنەگیراوە یا دانەتاشراوە ، بەڵکو زمانێکی زۆر سەر بەخۆیە و گۆڕانی ڕاستەقینەی خۆی هەیە ، تەنانەت لەو فارسی یە کۆنەش ، کۆنترە کە نەخشە بە ناو بانگەکانی ـ دارا ـ ی لە سەر کێوی بێستوون پێ نووسراوە ) خۆ ئەگەر ئـەم ڕایە ، ڕاست بێت ، ئەوا زانایانی مێژوو دەتوانن بڵێن [ زمانی کوردی لە سەدەی شەشەمی پێش زایینا هـەبووە و زمانێکی تەواو سـەر بەخـۆ بووە[١١٨] ] ( ادمۆندس ) دەڵێت [ لـە سەردەمێکدا ، گەڕۆکە بەزانەکان ، دەیانویست کـە سەر لـە زمانی کوردی تێك بدەن و ئەم زمانە بە شیوەیەك لە شێوەکانی قسـە کـردنی خەڵکی فارسی دابنێنی ][١١٩] کـە ئەمەش لـە ڕاستیەوە زۆر دوورە ... ، ڕاستە هەردوو زمانکە لە ڕەگەزدا، لە یەکتری‌یەوە نزیکن یا هاوبەشن بەڵام میانەیەکی گەورە لـە نێوانیاندا هەیە و جیاوازی لە ( مفردات ) و ڕێزمان و گۆکردندا

---

(١١٨) مێژووی کورد ل ٥٦ ـ ٥٧

(١١٩) بۆ وێنە : « ماریو گارزونی » کە بۆ ماوەی ( ١٨ ) ساڵ لە ناوچەی ئامێدی ـ دا ژیاوە واتە لە ( ١٧٨٧ )ەوە ، زمانی فارسی ـ بە زمانی ئەدەبی کوردی دادەنێت : بڕوانە د . اورحمانی حـاجی مـارف ، چـی دەربارەی زمانی کـوردی نووسراوە ؟ ل ـ ٩ ـ

زۆرە • هەروەکو ئاشکراشە زمانی کوردی ، لە کۆمەڵی زمانە ئێرانی‌یەکانی ژووررووی ڕۆژئاوایە ، کە لە زمانی فارسی نوێ جیایە و فارسی ـ ش سەر بە کۆمەڵێ خوارووی ڕۆژئاوایە(١٢٠).

هەروەها دەڵێت [ گومانی تێدا نیە ، کە زمانی کوردی بریتی نیە لــە شێوەیەکی وەرگیراو یان شێوێنراو لــە زمانی فارسی‌یەوە ، بەڵکو زمانیکی پوختی ناسراوی ئاری یـە ، کـە تایبەتی و گەشەکردنی خۆی هەیە(١٢١) •

میجەررسون دەڵێت [ زمانی ئێستای کوردەکان زمانێکی شێواو و نارێك نیە ، کە بنچینە و تایبەتی خۆیی نـەبێت ، وەك گەڕۆکەکان تێی گەیشتوون ، بەڵکو زمانێکی ئاری زۆر پاکە و ئێستاش هەر بەردەوامە و هەیە ](١٢٢) •

مینورسکی ـ ش دەڵێت [ زمانی کوردی لە زمانە ئێرانی یەکانە و لە فارسی‌یەوە وەرنەگیراوە بەڵکو زمانێکی سەر بە خۆیە و یاسای فۆنەتیکی و سینتاکسی تایبەتی خۆی هەیە(*) ، پێوەندی

---

(١٢٠) کرد و ترك وعرب ، بەغدا ١٩٧١ ، ل ١١ •

(١٢١) وتاری ادمونز ـ مێژووی کـورد لـە ( مجلە جمعیة اسـیا الوسطی ) •

(١٢٢) هەمان سەرچاوە ، لە راپورتێکی میجەرسونەوە ، دەربارەی شاری سلێمانی لە ( کلکتا ) لە هیند ، لە ١٩١٩ داچاپ کراوە ل ٨٥ ، ٣٠٧ •

ئەم زمانەش بە فارسی‌یەوە وەك پێوەندی زمانی ـ صربی ـ بە رووسی ـ یەوە یا وەك پێوەندی زمانی ئەدەبی سویسراییە شاخاویەکان وایە بە زمانی ئیتاڵیایی‌یەوە ](١٢٣) •

دوا نووسینێك کە مینورسکی ، بەر لە کۆچ کردنی دەربارەی کورد و زمانی کوردی لە ١٩٦٦ دا نووسیبێتی ، لەو وتارەدا بوو بە ناوی ـ کورد نەوەی مادەکانن )(١٢٤) کە تیایدا دەڵێت : ئەوەی مایەی سەر سوڕماندن و بەڵگەی یەکتی کوردەکان بێت ، زمانەکەیانە ، کە هەر چەندە لە نێوان شێوەکانیدا جیاوازیشی تێدا هەبێت ، بەڵام لە ڕووی دەنگ و ڕێزمانەوە هەر تەنیا یەك زمانە ••• ئەمش هەرچەندە لەگەڵ زمانی سەرەکی ئێران واتە ـ فارسی ـ دا جوێیە ، بەڵام هەر بە زمانێکی ئێرانی دادەنرێت • بەڵام لە کوێوە ئەم زمانە ، لەو ناوچە شاخاویەدا کە کوردی تێدا دادەنیشێت ، یەکی گرتووە ؟؟ ئەمە کێشە یەکە پێویستی بە چەند لێکۆڵینەوەی دی هەیە لە ڕێی بەراووردکردن لە نێوان هەموو و شەو ناوە ( مادی )یەکاندا لەگەڵ واقیعی زمانی کوردی دا ، •••• ئەمجا دەڵێت سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە نەهاتۆتە کایەوە ، بەڵام کە لە مێژوو ورد دەبمەوە و کۆچی هۆزە ئێرانی‌یەکان

---

(١٢٣) الاكراد ملاحظات وانطباعات ••• ل ٣٧ •

(١٢٤) د • کمال مظهر أحمد ، ئەم وتارەی لە ژمارە ( ١ ) ی گۆناری کۆڕ ـ ی ( ١٩٧٣ ) دا ، کردووە بە عەبی •

* فۆنەتیك و سینتاکس • دوو جۆرە زانستن لە زانستەکانی زمان و یەکەمیان دەنگ سازی و دووهەمیان رستە سازی دەگەیەنن •
وەرگێڕ

دەهێنمەوە یاد ، بۆ لێکدانەوەی بڵاو بوونەوەی کوردەکان لە خوارووی ئەنقەرە ، لە ئاسیای ناوەڕاست و ژووررووی سوریادا جگە لە کۆچی مادەکان ، هیچ کۆچێکی دی بەدی ناکەم[١٢٥]

بڕوانە : پێوەندی کورد بەمادەکان و بە زمانەکەیانەوە هەر لەم کتێبەدا ــ وەرگێڕ ٠

---

(١٢٥) وتاری مینورسکی لە گۆڤاری کۆڕدا ، ل ٥٥٨ ــ ٥٥٩ ٠

# زمانی ئێستای کوردی

وەك بۆمـان ڕوون بووەوە ، زمـانی ئێستای کـوردی ، بەخۆی و هەموو شێوەکانیەوە ، لە زمانی مادەکان دروست بووە • ڕەنگە ئەو کۆمەڵە مادانەش ، لە سەرەتای قۆناغی جێگیر بوو نیاندا لە کوردستان ، بە یەك زمان دوابن و ئەمجا هەر بـە هۆی دامەزراندنی ئـەو کۆمەڵە مادانەوە لـە چەند جێیەکی کوردستان دا زمانەکەیان بوو بێت بە چەند لقێکەوە و هـەر کۆمەڵەش سروشتی ئەو ڕێ و شوێنەی وەرگرتبێت و گەشەی کردبێت • بەم چەشنە زمانە بنچینە کە پێ بە پێی گـۆڕرانی شێوەکانی ، ئەمیش گۆڕا بێت و لە ئەنجامی ئەمەشدا ، شێوەکانی لە بێژە و پێکهاتندا ، لە زمانە ئەسلێیەکە جوێ بوو بێتەوە • بەڵام لەگەڵ ئەم دوور کەوتنەوە و جوێ بوونەوەیەش کە لە بێژە و پێك هاتن دا ڕووی داوە ، لە بەر ئەوەی سەر بە یەك ڕەگەزن ، تایبەتیە بنچینە ییەکانی خۆی هەر پاراستووە •

بەو پێیە ، شێوە زمانەکانی ئێستای کوردی لە ناو چەکانی کوردستان دا ، هەموو بۆ تەنیا زمانێکی ڕەسەن دەگەڕێنەوە ، کە ئەویش یەکەم زمانی کوردی‌یە •

له لایەکی دیکەوە ، دەڵێین پێویستە ، یەکێك لەم شێوە زمانانە لە زمانە بنەڕەتیەکە وە لەوانی‌دی نزیکتر بێت • بەڵگە نەتەوایـــەتی و جـوگرافیـــایی و زمانناســی و مێـژوویـی و کۆمەڵایەتیەکانی وەك سەر گوزەشتە ، داب و نەریت و ئەفسانە ئەوە دەسەلمێنن : شێوەی موکریان کە دانیشتووانی موکـــریان لە ( سابلاخ ) پێ‌ی دەدوێن هەموو ئـــەم وەسفانەی تێدایە و شیاوی ئەوەیە کە ببێتە نمونەیەك بۆ یەك لا کردنەوەی زمـانی کوردی(١٢٦) •

بێگومان، موکریان ، دەکەوێتە ناو جەرگەی میدیای کۆنەوە و هەر لە وێشدا زەردەشت دەر کەوتووە و کۆنترین بەشی ئاڤێستا ش ـ سروودەکان ـ ە کـە بە زمانی مـادەکان نووسـراوە • بۆ یەدەبێت ئەم شێوەیە لە یەکەم زمانی کوردی یەوە ، کە کۆمەڵە مادەکان بەر لەوەی شێوەکانی لە یەکتری جوێ ببنەوە لە مەڵبەندە نوێکانیاندا ، پێ‌ی دواون ، لە هەموو شێوەکان نزیکتر بێت •

باس کردن و بە راوورد کردنی شێوەی ئێستای موکری و وشەی ئاڤێستا و وشە میدی‌یەکان دی ، کە ئوسکارمان ـ بـە دوور و درێژی لی‌یان کۆڵیوەتەوە ، ئەو پێوەندیە پتەوەی نێوان ئـــەم شێوەیە و ئـەو زمانـە دەر دەخـات کـــە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە ، هەرچەندە شێوەکانی دیکە لەم ، زۆر دوور ناکەونەوە •

---

(١٢٦) مێژووی کورد ل ٣٠٨ •

دەربارەی دیالیکتە کوردی یەکان ، ( ادموندز ) دەڵێت [ کوردستان وڵاتێکی بەرزی شاخاوی‌یە و ڕێگە و بانێکی یەکجار سەتی هەیە ، چەند سەدەیەك بەو شێوەیە ماوەتەوە ، پێ ئەوەی یەکبوونێکی سیاسیانەی بە خۆیەوە دیبێت ، تا کەلەپوورێکی هاو بەشی پێ ببەخشێت ، شتێکی دووریش نیە گەر بڵێین ، شێوە ناو خۆییەکانی ئەم زمانە ، زۆر جار لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دی یان ناوچەیەکەوە بۆ ناچەیەکی دیکە ، جیاوازە ، بەڵام ناوەڕۆکی تایبەتیەکانی ئەم زمانە هەر وەك هەندێ لە باوەڕ پێکراوان دەڵێن(١٢٧) : [ لەگەڵ ئەو دووری و جیاوازیەی لە نێوان هۆزە کوردەکاندا ، دەبینرێت ، بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا بەوە دەدرێتەوە کە ئەو هەموو شێوانە لە زمانێکی ڕەسەنی دێرینەوە وەرگیراون کە زمانی مادەکان)(١٢٨) دیار و ئاشکرایە

---

(١٢٧) مینورسکی ، لەکتێبەکەیدا ، ( قبائل ایران الغربية ) ( المعهد الانثربولوجي الملكي ) ١٩٤٩ .

(١٢٨) کرد و ترك و عرب ل ١١ ــ ١٢ .

# شێوه ، یان دیالیکته کوردیه‌کان

(ك • کیورنلی )[١٢٩] ده‌ڵێت : [ زمانی کوردی له دوو دیالیکتی سه‌ره‌کی پێك دێت ، که دیالیکتی ژووروو ، خوارووه، وه هه‌ر یه‌کێك له‌م دوو دیالیکته‌ش ده‌بێت به چه‌ند لقێکه‌وه و له مانه‌ش لقی تری لێ ده‌بێته‌وه • هۆزه‌کانی موکریان و هه‌کاری و شوکاكو بایه‌زید سه‌ر به‌کرمانجی ژووروون و له‌م چوار دیالیکته‌شه‌وه ، لقی دیکه‌ی لێ ده‌بێته‌وه • ئه‌مجا ده‌ڵێت ، ئه‌م هۆزانه ، له ناوچه شاخاویه‌کانی ڕۆژ ئاوا و خواروو ، ژوورووی ڕۆژئاوای ده‌ریاچه‌ی ورمێ تا « سنه » و له‌و یۆه تا سلێمانی‌و که‌رکووكو ماردین ، تا ده‌گاته دیار به‌کر و ده‌ریاچه‌ی وان ئه‌م ئه‌م هۆزانه بڵاو ده‌بنه‌وه • به‌ڵام کرمانجی خواروو : ( له‌ك و کرمانج و که‌لهوور و گۆران و لوڕ پێی ده‌دوێن و له ناوچه‌ی شاخی زاگرۆسی و خوارووی سنه و کرماشان ، تا ده‌کاته لوڕستان داده‌نیش[١٣٠] •

---

(١٢٩) ئه‌م زانایه له ١٨٣٦ ـ ١٨٣٧ دا ، چه‌ند باسێکی ائنوگرافی، ده‌رباره‌ی کورد نووسیوه •

(١٣٠) چی له‌باره‌ی زمانی کوردی یه‌وه نووسراوه ، ١٠ ـ ١١ •

نووسەر لەو بڕوایەدا یەکە دیالیکتی کرمانجی ژووروو لـە کرمانجی خوارووەوە دوورە ، لە کاتێکدا کە لە نێوان ئـەم دیالیکتانە و لقەکانیاندا ، نزیکیەکی تەواو هەیە و ئەو هۆزانەی کە پێڕەوی یەك شێوە دەکەن بە ئاسانی لە یەکتری دەگەن .

بەلاّم ( پ . لیرخ ) زمانی کوردی دەکاتە پێنج شێوەوە ( کرمـــانجی ژووروو ، لـوڕی ، کـە لهـووری ، گۆرانی و زازایی ) و لــە زازایی دەدوێت و دەربارەی کـرمانجی ژووروو دەڵێت [ لە هەموو کوردستانی ڕۆژئاوادا هەر لە ( موصل ) ەوە تا ئاسیای ناوەڕاست بلاّو دەبێتەوە ]و دەربارەی ( زازا )ش دە ڵێت [ لە کاتی بەراووردکردنی زازایی لەگەڵ کرمانجی ژووروو ، زمانە ئێرانیی یەکاندا بەتایبەتی وە لـە ڕووی دەنگ و شێوەوە چـەند شتێك دەردەکەوێت ، کە قایلمان دەکات بۆ ئەوەی بڵێین زازایی زمانێکی سەر بەخۆیە] ئەمجا دەڵێت [ لەگەڵ ئەو جیاوازیەشدا ، هێشتا زازایی هەر دروست بووی کرمانجی‌یە ][131] .

---

(١٣١) هەمان سەرچاوە ل ١٩ .

# کورتەیەك دەربارەی شێوەی زازایی

دەربارەی زازایی ، مینورسکی دەڵێت [ دەبێت چاوێك بە دانیشتووانی ناوچەی دەرسیم لە ویلایەتی ( خربوط ) دابگێڕین کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو ڕووبارەی ( فرات ) پێك دەهێنن ، دانشتوانی ئەم ناوچە یەکوردنو هەشت هێندەی ئەوانە دەبن کە کورد نین ، ئەم کوردانەش بە شێوەی زازایی قسە دەکەن و ئاینێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە ، بۆیە هەندێك لە سەر ئەم ئایینە جیایە ، دەڵێن ئەم کۆمەڵە بە کورد دانادرێت ، بەڵام بەلای منەوە ئەمە تیوریەکی هەڵەیە ، چونکە ئەمانە هەر بەو زمانە کوردی‌یە دەدوێن کە کراوە بە پێنج شێوەوە و ژیانێکی کۆمەلایەتی کوردانەش دەژین ، هەڵبەت ، ئاینیشیان هەر ئەو ئاینەیە کە خێڵە کوردەکانی دیکە باوەڕیان پێ هێناوە و پێڕەوی دەکەن ][١٣٢] .

---

(١٣٢) الاكراد ملاحظات و انطباعات ، وەرگێرانی د . معروف خەزنەدار ، لە رووسی‌یەوە بەغدا ١٩٦٨ – ل ١٧ – ١٨ .

منیورسکی له سالآنی بیستی ئه‌م سه‌ده‌یه‌دا ده‌رباره‌ی زازا، ڕای خۆی گۆڕی و له ( انسکلوبیدیای ) ئیسلامی دا ده‌ڵێت [ له‌م سه‌ده‌یه‌دا ، به ته‌واوی ئه‌مه سه‌لمێنراوه که توخمێکی ئێرانی هه‌یه و کوردی نیه وه‌ك گۆران و زازا یان ظاظا ـ له نێو گه‌لی کورددا ](١٣٣) .

هه‌ر ده‌رباری زازا ، له وتاری [ کورد نه‌وه‌ی ماده‌کانن ] ده‌ڵێت [ده‌توانین له نێو کۆچی ئه‌م دواییه‌ی هۆزه ئێرانی‌یه‌کان به‌ره و ڕۆژئاوا ، له سه‌ده‌ی ده‌هه‌می زایینیدا ، په‌نجه بۆ د نیشتووه شاخاویه‌کانی ناوچه‌ی ده‌ریای ـ خزر ـ ڕابکێشین به‌ڵام ئه‌وانه کورد بون و له ئازه‌ر بایجانی خوارووداانیشته‌جێ بوون ...

هه‌رچۆنێك بێت ، ناوه ( دیلم ) یه‌کان له‌وشه کوردی‌یه‌کان جیاوازه و ڕه‌نگه ( دیلم ) یه‌کان باو باپیرانی چه‌ند هۆزێکی جیا بووبن که به‌ر له ( زازا )ییه‌کان له ژووروی میسۆپۆتامیادا، له نێو کورده‌کان دا جێگیر بوو بن ، به‌ڵام ، سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش، چۆنێتی ژیانی ( زازا )ییه‌کان ، له کورده‌کان‌نه‌وه زۆرنزیکه ، به‌ڵام وه‌ك پ ـ لێخ ـ لـه ١٨٥٦ دا ڕوونی کـردوه ، شێوه‌ی زازایی له زمانه بنه‌ڕه‌تیه که‌یانه‌وه زۆر جیایه و کورده کانی ڕۆژئاواش له زازاکان کۆنترن ](١٣٤) .

---

(٣٣) مێژووی کورد ل ٤٦

(١٣٤) گۆڤاری کۆڕ ـ ( الاکراد احفاد المیدین ) ل ٥٥٩ ـ ٥٦٠ .

میجەرسون دەڵێت [ سەرەڕای شێوەی موکری و لقەکانی ، چەند شێوەیەکی دیکەش لە کوردستان داهەیەو هەندێك لەوانەی پێ دەدوێن ، دەڵین ئەوانە کوردی ڕەسەنن‌و گرنگترینیان زمانی زازای‌یە ، کە تایەفەیەکی گەورەی کوردن و لە ژووررووی دیار بەکر و دەور و بەری ئازەربایجان و هەندێك جێگەی ( اناپول )دا، دادەنیشن . ئەمانەش نەتەوەیەکی شاخاوی زۆر ئازا و دلێرن ، بە شێوەیەکی ئاری زۆر پوخت دەدوێن ، نە لە شێوەی موکری و نە لە شێوەکانی دیکەی زمانی کوردی ناچێت ، بەڵکو شێوەیەکی تەواو سەر بەخۆیە و لە مێژەوە ، لە فارسی کۆن دوور کەوتۆتەوە، بەلاّم سەرەڕای ئەمەش دەبێت وەك هەر زمانێکی دیکەی پاکی ئاری لێ‌ی بڕوانین ، چونکە ئەم شێوەیە لە کوردی‌یەوە نزیکترە وەك لە زمانی فارسی‌یەوە . وە لەبەر ئەوەی زازانی‌یەکان لە بنەڕەتدا خاوەنی زمانێکی دیکەن ، هەموو کەسێك ، یان هەموو کوردی زانێك بە ئاسانی لێ‌ی ناگات .(١٣٥) .

هەروەها میجەرسون دەڵێت [گۆرانەکانی «زەهاو» هەورامانیەکی «سنە» و زازا و هەموو بەش و لقەکانی دی بەم شێوەی ژووررووی ڕۆژئاواییە دەدوێن کە لەشێوە بلاّو ـ شائع ـ ەکەی کوردی جۆی‌یە . بۆ وێنە گۆران ـ ی بە سێ ( ٣ ) دەڵێن ( هەری ) و زازا دەڵێن ( هێری ) کرمانج دەڵێن ( سێ ) .

---

(١٣٥) مێژووی کورد ، ڕاپورتی میجەرسون ، دەربارەی شاری سلێمانی ل ٣٢٠ و لە ڕاپۆتەکەدا ل ٨٨ ـ ٩١ .

به پێ ی ڕا ـ و لێکۆڵینەوەی ( اندریاس ) ی ڕۆژ هەڵاتناس [ زمانی زازایی ، دروست بووی زمانی کۆنی « دیلم » ە و هەر لە ویشەوە پێگەیشتووە ئـەم ، تیۆریەش ، بـە پێی داستانە هەورامانیەکان ڕاستە(١٥٦) ] ٠

زازای یەکان بە خۆیان دەڵێن ـ دملی ـ دنبلی ـ ( فضل الله العمری ) یش کە لە ٧٤٩ ی کۆچیدا ، کۆچی کـردووە ، لـە ( مسالك الابصار ) دا ، دەربارەی زازا دەڵێت [ دنبلی ـ یەکان نەتەوەیەکن لە چیای ـ مقلوب و مختار ـ دا دادەنیشن ] ٠

دنبلی ـ ش لە سەر کێشی (قنفذ ـ ژیشك ) هاتووە و لە فەرهەنگ دا وا هاتووە [ دنبل وەك ژیشك ، نەوەیەکن لـە نیوکوردەکان دا ، کە هەیانە تازەن وەك ئەوانەی زازا ـ دنبلی ـ یان پێ دەوترێت ] (١٣٧)(*) ٠

---

(١٣٦) هەمان سەرچاوە ل ٣١٦ ٠

(١٣٧) محمد علی عونی کە سەر بە ( دنبلی ) یە ، لە مێژووی یوردا پەراوێز ل ٣٦٨ ٠

* تشبیە ـ کردنی نەوەیەك ، یان هۆزو تیرەو خێڵێك ، بە ژیشك، لە زاری هیچ مێژوو نووسو زانایەك داناکەویت ڕایەکی یەکجار نابەجێو نازانستیانەو چ لاپەڕەی زانستو چ مێژوو نایگرێتە خۆیو تەنیا قسەی سەر زارەکیو سەرپێیە

ـ وەرگێڕ ـ

# چەند وشەیەك دەربارەی لوڕ و لوڕستان و شێوەکان ..

تا ئێستا چ لوڕەکان و چ لوڕستان ، مایەی لێدوان و گفت و گۆن لە نێو ڕۆژهەلاتناسان و تەنانەت لە نێو کوردەکان خۆشیانداە لێرەدا دوو ڕای سەرەکی هەیە کە یەکەمیان لە نێو کوردەکان داپتر بلاوە ، ئەویش ئەوەیە ( کە لورەکان و بە ختیاری یەکان کوردن) وەڕای دووهەمشییان ئەوەیە کە بە ( دوو نەتەوەی سەربەخۆیان دادەنین، نەك بەشێك بن لە نەتەوەی کورد ، بەلام پێوەندیەکی زۆر نزیکیان بە یەکەوە هەیە ) . ژمارەی لوڕەکان ( ٦٥٠/٠٠٠) هەزار کەس و بەختیاری یەکان ( ٤٠٠/٠٠٠ )هەزارە .

هەرچەندە ئێمە لەم بوارەدا،نامانەوێت خۆمان لەم کێشەیەوە بگلێنین ، بەلام دەبێت ، یەکێك لەم دوو رایەمان بۆ یەکالا ببێتەوە .. بۆیە پاش لێکۆلێنەوەی هەردوو ڕا یەکە و بار و دۆخی ( موضوعی )ی ناوچەکە ، وای چاك دەزانین کە لە یەکتریان جوێ بکەینەوە .

لوڕەكان لـە ژووررووی ڕووباری ( ابی دیز ) ، بـەرەو ڕووی كرماشان دادەنیش ، بەڵام بەختیاری یەكان ، لە خوارووی ئەم روبارەدا ، ڕووە و ڕۆژهەڵات دادەنیشن و ئەو لوڕانەی لـــەو ناوچە ناو براوەدا نیشتەجێن ، بە كوردیان دەژمێرین(١٣٨) ، جگە ( لە ڕووی مێژوویشەوە ، سەلمێنراوە كە كوردەكان و لوڕەكان ، ئێستاش هەر نزیك یەكتری دەژین •

كوردەكان لەهۆزی ( گۆتی ) و لوڕەكان لە ( لۆلۆیی )ن، ئەمانە ش دوو هۆزن لـە هۆزەكانی زاگرۆس ، كە لـە ناوچەی خوارووی زاگرۆش لـــە ( ٢٥٠٠) ی پێش زایینداا ، پێكـەوە دەژیان(١٣٩)

ئەم ناوچەیە ، هەریمێكی سەربەخۆ بوو ، وە كوردستانی ئێران ، كە لوڕستانیش دەگرێتەوە ، تا سەدەی سیازدەهەم ، بەشێك بوو لەو ناچەیەی كە عەرەب بە ناوچەی شاخاوی ناو دەبرد •

---

(١٣٨) د ٠ أورحمان قاسلمۆ ـ كوردستان و كورد ـ بیروت ١٩٧٠ ل ٣٥٦ ـ ٣٥٧ •

(١٣٩) لە ( كورد و نەژاد و پەیوەستگی ئو ) ی رشید یاسمی ـ كە لە ١٩٥٦ دا ، لە تاران چاپ كراوە ، وەرگیراوە •
ڕەنگە ئەو ( كاشی ) یانەی كە لە عیراق دا ـ لە ناوەڕاستی هەزاری دووهەمی پێش زایین ـ دەستیان بە سەر ( سلالە )ی حامورابی دا گرت ، كۆنترین دانیشتووانی لوڕستان و شاخی ( پشتكوه )بن و پێوەندیەكی پتەویان بە لووڕەكانی ئێستەی دانیشتووی ئەم ناوچەیەوە هەبێت •

زمانی کوردی و شێوەی لوڕەکان ، هێندە لە یەك دەچن ، کە لە ڕاستیدا ، هیچ جیاوازیەك لە نێوان ئەو شێوەیەی کە لە کرماشان دا بەکاردێت و لە نێوان لوڕی دا ، بەدی ناکرێت ، کە ئەمەش بە هەمان جۆر ، بەسەر گیانی نەتەوایەتی و شارستانێتی لوڕەکاندا ، فەرز دەبێت •

زمانی کوردی ، لە شەرەفنامەی میر شەرەفخانی ( بدلیس ) یدا ، کە لە ١٥٩٦ ی زایینددا ، باس کراوە و بۆیەکەم جار لە ( بطرسبرگ ) ، لە ١٨٦٠ دا بڵاو کرایەوە ، بەسەر چوار لقەوە دابەش بووە :

١ ـ کرمانج

٢ ـ لوڕ

٣ ـ کەلهووڕ

٤ ـ گۆران

لەم دوو تێکستەی خوارەوە دا ، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت بەلای مێژوو نووسەکانەوە ، کورد لووڕ یەك گەلن •••• ( کەریم خان ، سەرەك هۆزی لوڕ بوو کە لە ناوچەی زەندا دەژیان )(١٤٠) • دووهەم تێکستیش دەڵێت : [ گرنگترین هۆز کە لە سەدەی هەژدەهەمدا بە کوردی

(١٤٠) شعوب اسیا الوسطی ـ بە زمانی رووسی ، موسکو ١٩٥٧ ل ٢٦٦

ئاخاوتبن ـ دوابن ـ هۆزی زەندە ، کە تەختی پاشا نشینی ئێران یان داگیر کرد )[١٤١] •

هەر لە هەمان سەرچاوە دا دەڵێت [ لە ـ خرم آباد ـ پاتەختی لورستان ـ ەوە ژمارەیەك لـە هۆزە کوردەکـان زۆر بەگەرمی پێشوازی کەریم خان ـ یان کرد ] •

وە لە کاتێکدا کە (روسو ) ـ لە سەدەی هەژدە هەمدا ـ هۆزەکوردەکانی ژماردووە ، نـاوی کـەلهوور و موکــری و زەنگنەی بردووە ، کە هەموو مان دەزانین ئەم هۆزانە کوردن •

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ، کە لە مەودای گەشەکردنی پێوەندی یەئابووریەکان و پاش یەکگرتنی گەلی کورد لە داهاتوودا لوڕەکان دەبن بە بەشێك لە گەلی کورد[١٤٢] •

---

(١٤١) تأریخ الزند ، د • هدایتی ـ بە زمانی فارسی ، تاران ١٩٥٦ ل ٧٨ تێکستی یەکەم و دوو هەم لە ( کوردستان و کوردی ) ی د • قاسملۆ وە وەرگیراوە ل ٣٥٧ ـ ٣٥٨

(١٤٢) قاسملۆ ل ٣٥٨ •

# چەند ڕایەکی دی دەربارەی شێوە کوردییەکان

( دی مورگان ) لە ١٩٠٤ دا ، دەربارەی شێوە زمان ـ دیالیکت ـ ە کوردییەکان ، بە زمانی فەرەنسایی ، باسێکی نووسیوە و لە شێوەی ( موکری رووسی ، یەزیدی بایەزیدی ، سسنەیی ، کرماشانی ، هەورامانی ، جافی ، ڕێژاوی ، سلێمانی، لەکی ، خوجرەندی ) دواوە و بەراووردی کردوون[١٤٣] •

وە لە ساڵی ١٩١٣ دا ، میجەرسون ، کتێبی ڕێزمانی زمانی کوردی نووسیوە و ، ئەم زمانەی کردووە بە ( ٤ ) شێوەوە ( کرمانجی ، گۆرانی ، لوڕی زازایی ) و کرمانجی ـ یشی کردووە بە دوو بەشەوە [ ژووروو ـ خواروو ][١٤٤] •

مینورسکی ـ ش ، زمانی کوردی دەکات بەم بەشانەی خوارەوە

١ ـ شێوەی خواروو : کە لە کرماشانی و سنەیی پێك دێت •

---

(١٤٣) هەمان سەرچاوە ل ٢٧ •

(١٤٤) هەمان سەرچاوە ل ٣٠ •

٢ – شێوەی ڕۆژهەڵاتی : کە لە سلێمانی و ساباڵخ ( موکری ) پێك دێت •

٣ – شێوەی ڕۆژ ئاوایی : کە لە سەرانسەری کوردستان دا بڵاوە(١٥٤) •

ئەدموندزیش دەڵێت [ لە ڕووی زانستیەوە هەموو شێوەکان دەدرێنە پاڵ دوو کۆمەڵیبنچینەیی ، یەکەم : کۆمەڵی ژووروو ، کە شێوەی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە ، کە دەکەونە ڕۆژئاوا و ژوورووی ئەو هێڵەی لە کەناری خوارووی گۆمی ورمێ – وە دەست پێ دەکات ، هەتا زێ–ی گەورە ، لە خوارووی ڕۆژ هەڵاتەوە بۆ خوارووی رۆژئاوا ، ئەمجا لادەداتو دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڕژێتە رووباری دیجلەوە • ئەم هێڵە شان بەشانی ئەم ڕووبارە دەڕوات • بەڵام کۆمەڵی خواروو ، ئەو شێوە کوردییە بڵاوانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێو ئەو هێڵەی نەخشەمان کێشاو نێوان هێڵی خوارووی کوردستان ، سەرەڕای ئەوەی کە کوردستانی خواروو ، دوو کۆمەڵی گەورەی دیکەش دەگرێتەوە کە ( موکری – سۆرانی ) و کومەڵی ( سلێمانی – سلێمانی ئەڕدەڵان )یە • ئەم کۆمەڵانەش لەیەك نەپچراون و تێکەڵاوی تەواوی لە نێوانیاندا هەیە بەو شێوەیەی کە سلێمانی خواروو لەگەڵ شێوەی کرماشان و شێوەی لەکی – لە لوڕستان دا تێکەڵاوی بە یەکدا چوونیان لە نێواندا هەیە •

---

(١٤٥) د • مارف خەزنەدار–الاکراد ملاحظات وانطباعات–لەرووسی یەوە – ل ٣٨ •

به پێچەوانەی ئەم دیاری کردنە جوگرافیاییەش ، کۆمەڵە شێوەیەکی دیکەی کوردی هەیە ، کە ( زازا ) یە لە تورکیا و ( گۆران ) ، لەعێراق و ئێراندا . زازا ، زمانی قسە کردنە لـە دیار بەکر و ئازربایجاندا ، ( گۆران )یش لـە ناو ( کاکەیی ) و ( طاوق) و هەندێ هۆزی (زەنگنە) لە نزیك کفری و (باجلان)ی نـزیك ( خانەقین ) دا بڵاوە(١٤٦) لـە ئێران ـ یشدا ، هۆزە هەورامـانییەکان لەسـەر هـەر دوو دیـوی زنجیرە چیـای ( زاگروس ) لە ڕۆژئاوای ( سنە ) وە بڵاو دەبنەوە ، کە لەگەڵ دراوسێکانی خـواروو یانـدا ، لـە سـەر ڕێگەی کرماشان و ( سلطانیە ) تێکەڵ بەیەك دەبن و و ( گۆران ) ی شێوەی نێوان سلێمانی و ئەردەڵانەیان لێ پێك دێت(١٤٧) .

کوردەکانی ژووروو بە گشتی بە خۆیان دەڵێن ( کرمانجی ) و کوردەکانی خوارووش ، بە شێوەکەیان دەڵێن ـ کـوردی ـ بەڵام هەندێ لە لێکۆڵەرە ئەوروپاییەکان بە هەردوو کۆمەڵە کە دەڵێن ( کرمانجی )(١٤٨) .

بە پێی ڕای شەرەفخانی بدلیسی ، کـە ڕەنگە کۆنترین لێکۆڵەرێکی کوردبێت ـ وەرگێڕ ـ دیالیکتە کـوردی یەکان دەبن بەم چەند بەشەوە :

---

(١٤٦) کرد و ترك و عرب ، کۆمەڵە دێیەك ( باجلان )یەکان هەنە ، لە ژووروی ( موصل )ەوە چەند میلێك دوورن ، بە گۆران ـ ی دەدوێن : ل ١٤ .

(١٤٧) هەمان سەرچاوە : ل ١٤ .

(١٤٨) هەمان سەرچاوە : ١٥ .

١ ـ كرمانجي

٢ ـ كەلهووڕی

٣ ـ لوڕی

٤ ـ گۆرانی (١٤٩)

بەلاَم مامۆستا ـ توفیق وهبی ـ ئەم دیالیکتانە بەم جورە دابەش دەكات •

١ ـ كرمانجي ، كەلە

آ ـ كرمانجي ژووروو ، و لقەكانی [ بادینانی ، بۆتانی ، ئاشتیائی ، هەكاری و بایەزیدی ] پیێك دێت •

ب ـ كرمانجي خواروو ، و لقەكانی [ موكری ، مەهابادی سۆرانی ، هەولێری ، سلێمانی ، سلێمانی و كەركوك، سنەیی ، ئەردەلاَنی ] • پیێك دێت

٢ ـ لوڕی كە لە :

آ ـ بەختیاری

ب ـ لەك ـ ی

ج ـ فەیلی

د ـ كەلهووڕی

هـ ـ مامە سەنی •• پیێك دێت •

---

(١٤٩) شەرەفنامە ، وەرگێڕاوە بە كوردی ، چاپكراوی كۆڕ ، بەغدا ١٩٧٣ •

٣ ـ گوران ـ ی که له :

آ ـ باجەڵانی

ب ـ کاکەیی

ج ـ زەنگنەیی

د ـ هەورامانی ••• پێك دێت •

٤ ـ زازایی ••••

وا دەردە کەوێت ، کە زمانی کوردی ، لە کۆمەڵەدیالیکتێك پێك دێت ، کە سنووری جوگرافیایی و سیاسی دەیکاتە دو بەشەوە :

١ ـ کۆمەڵی ژووروو :

کرمانجی ـ شی پێ دەوترێتو لە ژوورووی کوردستان دا بڵاو دەبێتەوە و بریتی یەلەو شێوانە کە کوردەکانی تورکیا [ جگە لە کوردەکانی دەرسیم کە بە زازایی دەدوێن ] و پارێزگەی دهۆك و ناوچە کوردەواری یەکانی ( موصل ) و بە شێك لە ئێران و کوردی سوریا پێی دەدوێن •

٢ ـ کۆمەڵی خواروو ـ ژێروو

ئەو کۆمەڵە یە کە ( سۆرانی ) شی پێ دەبێژرێت و کوردەکانی خوارووی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێی دەدوێن و بریتی یە

لەو شێوانەی کـــە کوردەکانی پارێزگــەی هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و هەرێمی کوردستانی ئێران پێی دەدوێن •

بە واتا یەکی دی ، دەڵێین ، ئەم دیالیکتانە ، زۆربەی ئەو کوردانە پێی دەدەوێن کە لە خوارووی ئەو هێڵەی موصل و رەواندز و ورمێ بە یەکەوە دەبەستێتەوە ، نیشتەجێ بوون •

## دوا ووشه

تا سالانی جەنگی یەکەمی جیهان ، دیالیکتی کرمانجی ، لە ئەدەبی کوردیدا بلاوبوو ، بەلام لە کاتی بەرپا بوونی ـ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ۱۹٤٥ ـ ۱۹٤٦ ـ لە ئێران دا ، دیالێکتی سۆرانی پێشکەوتنێکی ئاشکرای بە دەست هێنا •

وە پاش شۆڕشی ۱۹٥۸ لە عێراقدا ، ئەدەبی کوردی ، لە کوردستانی عێراق دا ، پەرەی سەند و دیالیکتی سۆرانی ، لە ئەدەبی تازە ـ سەردەم ـ ی کوردا ـ کەوتە کارەوە • لەم بوارەدا ، دەبێت پەنجە بۆ ئەوەش رابکێشین ، کە لە نێوان ئەم دوو دیالێکتەدا جیاوازیەکی هێندوە گەورە نیە ، بەلکو ، یەك زمان پێك دەهێنن و خاوەنی ( مفردات ) ی لە یەکچووی زمان و رێزمانی هاوبەشن • بۆیە بەلای کوردێکی ژووروووی رۆژ ئاواوە ، دژوار نیە کە لە کوردێکی خوارووی رۆژهەلات بگات •

زمانی ئەدەبی یەکگرتووش(۱٥۰) ، تا ئێستا ، نەهاتۆتە کایەوە و لە قۆناغی درووست بوونیدایە •

---

(۱٥۰) سەرەرای ئەوەی کە شێوەی سۆرانی لە بەر هەمی بیرو ئەدەبیدا ، لە کوردستان واتە لە عیراق و ئێران دا بەکار دێت •
ئەو باسانەی لەم کتێبەدا هاتوون ←

شێوەی نووسینی - کوردی - ش لە عێراق وئێراندا بە پیتی عەرەبی و لە سوریا ، بە پیتی لاتینی و لە سۆڤیەت - یشدا بە تیپی رووسی - یە •

لە ڕاستیدا بوونی نووسینی یەکگرتوو ، بۆ زمانی کوردی، چ بۆ پێشکەوتنی زمانەکە و چ بۆیە کگرتنی زمانی ئەدەبی ، زۆر پێویستە ، بەڵام لەبەر لەوە ، دەبێت ئەو پێتە لە بارو بەجێ یانە هەڵبژێردرێن کە لەگەڵ تایبەتیەکانی زمان و نووسینی کوردی دا دەگونجێت

---


خێزانە زمانەکان
زمانی کوردی
چەند ڕاریەك دەربارەی پێوەندی زمانی کوردی و زمانی مادی •
زەردەشت و نووسینی ئاڤێستا و بانگەوازەکەی زمانی زەردەشت •
ئاینی زەردەشتی لە سەردەمی - فەرثی - و ساسانی یەکاندا ژیانەوەی زمانە ئێرانی یەکانی ژووررووی ڕۆژئاوا •
قۆناغی مێژوویی گۆڕانی زمانە ئێرانی یەکان
سەربەخۆیی زمانی کوردی •
زمانی ئێستای کوردی •
دیالیکتە کوردی یەکان •
چەند وشەیەك دەربارەی لوڕ و لورستان و شێوەکەیان •
چەند ڕایەکی دی دەربارەی دیالیکتە کوردی یەکان •

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ــ بغداد
( ٥٨٧ ) لسنة ١٩٨٥

دار الحرية للطباعة ــ بغداد
١٤٠٥ هـ ــ ١٩٨٥ م

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام.
دار الثقافة والنشر الكردية
السلسلة رقم (١٠٧).

# تأريخ اللغة الكردية

زبير بلال اسماعيل
ترجمه من العربية:
يوسف رؤوف على

السعر «٥٠٠» فلساً

تصميم الغلاف: عبد القادر علي مردان
دار الحرية للطباعة - بغداد